# کاکە ئەبو خەلیل

(سەربردەو ریپۆرتاژو رووداوە)

**شێرزاد هەینی**

ستۆکهۆلم 2008

Sherzad.heini@gmail.com

**چاپی یەکەم**

**2009**

ژمارە (42)

لە بڵاوکراوەکانی (پاشکۆی رەخنەی چاودێر)

**سەرپەرشتیاری کتێبی رەخنەی چاودێر: سامی هادی**


- ناوی کتێب: کاکە ئەبو خەلیل
- بابەت: سەربردەو ریپۆریاژو رووداوە
- نووسینی: شێرزاد هەینی
- تایپ: نووسەر
- دیزاین: تەها حەمەنوری
- بەرگ: سۆران عەبدولانەقشبەندی
- تیراژ: (1000) دانە
- سەرپەرشتی چاپ: سەردەشت حەمەسالح
- ژمارە ی سپاردن (2622) ی ساڵی 2009 ی وەزارەتی رۆشنبیری دراویەتێ

5 -

# زۆر بە کورتی

**زۆرن ئەوانەی لە شەڕە شوومە هەشت ساڵییەکەی قادسیە دا، بوونەتە قوربانی،**
**خوێن زۆر رژا، ماڵوێرانی و جەرگسووتانی زۆری تێدا تۆمارە**
**شارو ئاوایی زۆریش کاولبوون،**
**سەربردەی جەرگبڕیش بێژمار قەومان،**
**تا خۆپیشاندانەکەی (مەرکزی تەدریبی هەولێر) کە لە ئەنجامدا سەربازو فیرارەکان لە کوردستان بەڕێکران، زۆر ئەشکەنجەو ئازارو کوشتن و بریندابوونی گەنجانی لێکەوتەوە.**
**چەند ساڵ پێشتر، بەشێوەیەکی ترو بەهەستێکی هاوراز (کاکە ئەبو ئیسماعیل)م نووسی، ئەویش سەربردەی ناوەندی شێستەکانی سەدەی رابردووی پۆلیسێکی کوردبوو لە خوارووی عیراق.**
**کاکە ئەبو خەلیل، راز و سەربردەو ژانی سەربازانی کوردبوو لە رۆژانی شەڕە دۆڕاوەکەی قادسیە،**

**ئەبو خەلیلێکی فیراری ساڵی 1981**
**ستۆکهۆلم**
**16052008**

# بەشی یەکەم

دەستی بۆ دە رگای پشتە وەی زیلە کە درێژکردو خۆی بەرزکردەوە، دەستە ناسکەکانی نەگەیشتە ئەو پارچە ئاسنەی بۆ سەرکەوتن لە دەرگاکەی پشتە وەی زیلە کە دیاربوو، بەناچاری تەکانی دایە بەرخۆی، شوێن پێیە ک هە بووایە سەرکەوتنەکە ئاسان دە بوو، بۆی نە کرا سەرکەوێت، ئاسان نە بوو، عە ریفەکە هەشت نەفەری لە ناو زیلەکە پەستابوو، بەڵام زیلەکە جێگەی دوو کەسیشی تێدانەمابوو، دە کرا لە تەنیشت دە رگاکە دوو کە سی باریکی برسی هە ر یە کێکیان بە زەحمەت لەلایەک جێگای خۆیان بکەنەوە.. زیلەکە بۆ کەلوپەلی یەک سریەی تەواو تەرخانکرابوو. هەموو سەربازەکان لەوێ بوون کەسیان لە ئیجازە نەبوون، کاتی گواستنەوەو رۆیشتن بوو، بۆیە کەس مۆلە تی نە بوو، بارگە ی هەموویان، کەرەستەی سریەکەو دوو خیوە ت و چە ند سە ندوقێکی کەسکی زۆر تۆخ، باری یە ک لۆری دە تۆنی تێدابوو، دووبارە ئەو دەستی درێژکردو خۆی بڵندکرد، وەلێ نەدەکرا، لە لای دووە می دەرگاکە سەرکەوێت، یە کێکیان شانی دایە بەرو بە رزی کردە وەو گەیشتە ناو بۆدییەکە. ئای کە رۆژیکی ڕەش بوو، بە پشتەوەی زیلیش رازی بووین و بەو بارکردنەش قایل بووین. مێگەڵیش وا بار ناکرێت.

بەزەحمەت لە تەنیشت دەرگاکە جێگەی خۆی کردەوە، ئەوەی دەیویست سەرکەوێ ، بۆ دەستی ڕادەکێشان، سەربازەکان هەموویان لەسەر شان و سەری ئەو سەردەکەوتن، چەند بنە پۆستاڵی ڕەقی بە سەروگێلاکی کەوت، یەک دووجاریش لوولەی تفەنگەکانیان، مەخزەنەکانیان لە دەموچاوی گیر دەبوون. هەر لە سەعات دەی شەوەوە وتیان ئێستا دەڕۆین، ها وا بەڕێ دەکەوین، شوفێرەکەی گڕی دەداو ئەفسەرەکە پێی دەکوژاندەوە، شوفێر وا حەز دەکەن، هەرچوونە سەرسوکانە بڕۆن، بەرگەی دانیشتنی ناو قەمەرە ناگرن، شوێنەکەیان لە پێشەوەیەوەو خۆشە، وەک ماسی ناو قوتوو، نەپەسترابوون.

سەربازەکان هەموویان نەیاندەزانی بۆ پەلەیانە؟..

شوفێرەکە بۆ پەلەیەتی؟..

ئەوانەی لەناو زیلەکە بارکرابوون، پەلەی چییانە؟..

سەیرە نەزانی بۆ کێ دەچیت و پەلە بکەیت؟.. دەزانن ئەو شوێنەی بۆ دەچن ئارام و هێمن و خاوێن نییە و پەلەیانە زوو بگەنە شوێنەکە، دەڕۆن و دەیانبەن، پێیان ناڵێن بۆ کێندە ڕێ دەڕۆن، سواردەبن و نازانن بۆ کێ دەڕۆن، نەک نازانن کێوە دەچن، ناوێرن بپرسن، تەنانەت ناوێرن مەزەندەش بکەن، بەرەو کام لا دەڕۆن ..!

ئەگەر یە کێکیان خۆی گێل کردبووایە ، بە نەزانینەوە لە عەریفەکەی پرسیاری کرد بووایە، بۆ کێمان دە بن..؟ ئەگەر جنێوو تفێکیان لە رووی نەکردبایە، بەتووڕەییەوە، بە نازانم وەڵامێکی رەقی وەردەگرتەوە.

کەس نازانێت، (رئیس عرفاء) یەکەش نازانێت،

(نائب ضابط ) ەکەش نازانێت،

ئامیر فەسیل و ئامیر سریەو ئامیر فەوجەکەش نازانێت،

ئامیر لیواکە فەرمانی بۆ هاتووە ، ئیمشە و هە ر سێ فەوجەکەتان ئامادەبکەن، کە دوا بروسکەتان بەدەست گەیشت، لە مەیدانەوە بجولێن و هەمووتان بەڕێبکەون.

نزیکەی دوو هەزار سەرباز بەرێدەکەن، کەسیان نازانن بەرەو کێندەرێیان دەبەن..! گەردەلوولیش دەزانی دڕکە زەردەی پایز بۆ کام کە ندولەند دە بات..! شەپۆلی هاروهاجیش دە زانێ بە لەمی سەرئاو کێوە دەبات..! بەڵام دوو هە زار سە رباز لە ئێوارەوە بارکراون، پێچراون، لوولدراون، نازانن کەی و چۆن و لە کێندەرێ روویان دە کەن..؟ دوو هە زار سە رباز بوونە تە بارو پێچراون، بوونەتە کاڵاو فرۆشراون، بوونە تە قوربانی و فە وتێندراون، بوونەتە خوێ و لە ئاوکراون.

...

ئەو زیلە ماندوو و شە کەتە، ئە و نە فەرە بێ ورە و بێ ئارەزووانە کێوە دەبات، کەس دە پرسێت، کە س بۆی هە یە ..!؟ بەرەو کام ڕێ بۆ کام دۆزە خ، بارەکە بارێکی ئەستوورە، سەروگوێ و پشتی زامدارن، شەل و خوارن و بارکراون، ناوێرن بپرسن، ناوێرن ..

کاتژمێر بەرەو پێنجی بەیانی دەڕۆیشت، ئەوان یەک لیوا لەناو گۆرەپانێکی سە ربازگەی گە ورەی (التاجی) لە بەغدا وە ستاون، هەر نە دەڕۆیشتن، ئامیرە کەیان کە زانی کات بەرەو سپێدە دەڕوات، بەیەک دوو وشە، بە ئەفسەرەکانی وت:

هەموو بە نیو سەعات ..

یەکێکیان هاتە وڵام و گوتی:

نان بخۆن،

ئامیرەکە زوو لە دەمی دایەوەو وتی:

نا با بە نیو سە عات گوووو بخۆن ... نانی چی .. بە نیو سەعات تراش بکەن، هە ندامیان چاک بکە نەوە، پۆستاڵە کانیان بۆیاخ بکەنەوە، پشتیان ببەستنەوە، ڕۆژە، نازانن ڕۆژ مانای چییە، ئەوانە ئەبو خەلیلن .. لەو نیو سە عاتەش ئەگەری ئەوە هەیە بروسکەی ڕۆیشتن یان شوێنی گواستنەکەمان بگات، زوو بن ..

سەربازی قادسیە بۆی نییە نان بخوات، پشتی بکاتە وە، خەون ببینێت، تەنها دەبێ بکوژرێت، کە کوژراش تەرمە پێچراوەکەی بە

ئاڵای عیراق لەلایەن (منظمە) ی حزبەوە گەیشتەوە بەردەرگایان، کە پرسەو سەرەخۆشی تەواوبوو، بەیەک هەفتە ناوی لە ( ادارة المراتب) وەک شەهید دەگەڕێتەوە، پارەی عەقاری و ئوتومبێلی دوامۆدیل و تەلەفۆن بۆ ماڵەوەو دوو پلەی سەربازی وەردەگرێت، کە کوژرا هەموو مافەکان وەردەگرێت، بەڵام ئێستا لەناو ئەو زیلە سەرداخراوەدا،

حەقیان نییە نان بخۆن،

حەقیان نییە گوو میز بکەن،

حەقیان نییە بپرسن، بۆ کێندەرێمان دەبن، دوو هەزار سەرباز..

حەقیان نییە کە بەناو شاری بەغداو شارە گەورەکان ڕەتدەبن، یەک فیشەک هەڵگرن، تفەنگەکان بێ فیشەکن، هاوەنەکان بێ گوللەن، دۆشکەکان .. دەستەکان بێ نارنجۆکن، چاوەکان بێ دووربینن، پشتەکان، شانەکان بێ فیشەکدانن ..!

سریەکان یەکە یەکە لە زیلەکان هاتنە خوارەوە، لەناو کەلوپەلەکانیان تاخمەکانی تراشیان دۆزییەوە،

بە ئاوی سارد،

بە پێوە،

بە ڕاوەستان،

بە پەلە،

ریشیان تاشی و هەڵسانەوەو سەرکەوتنەوە، چوونە وە ناو زیلەکان ..

بەبرسیەتی،

بەترسەوە،

بەدڵشکاویی و

بەبەستەزمانی بە رێکەوتن، لە ناو شە قامەکانی سە ربازگەی تاجی زیلی هەر چوار فەوجەکە ریزبوون، فەوجی بارەگای لیوا، لە دوای ئەو، فەوجی یەک .. فەوجی دوو .. فەوجی سێ، لە پشتەوەی دوو سێ زیلەکەش تەباخی بەپێچکەشیان لەگەڵدا بوو، رەنگە لە نیوەی رێگا بوەستن، بەو تەباخانە نیسکە شلەکەیان بۆ بکوڵێنن، ئاوو نیسکەکە لە بۆدی تەباخەکە کراوە، هەمووی ئاسانە.

دەیانووت، خواردنی عە سکەری دە رمانێکی تێدایە تا سەربازەکان زە وقیان هەڵنەستێت، تا خۆیان پیس نە کەن، دە بێ بەو دە مە، ئەوەیان لە بیربێت، دە بێ بپرژێنە سەر ئەوە، یان ئەوەندە ماندوون، ئەگەر لەو دەمانە سەد دەستەی وەک ( حمدیة صالح ) یش سەمای شە رقیان بۆ بک ەن، کە سیان زە وقیان هەڵناستێت، زەوق بەتێری و بەئیسراحەت و بەنەرمی و بەگەرمی و بەئارەزووەوە هەڵدەستێت.

....

دوو هەزار کلاشینکۆف، سەد بی . کەی. سی، پەنجا دۆشکەو پەنجا ئار. پی. چی و پەنجا هاونی شێست ملیم و سەدان ئار. بی. کی و دە مانچەی پشتی و دە مانچەی تنویرو غە دارەی لە ناو سەربازگەی تاجی، بێ فیشەک بێ تەقەمەنی، بێ گوللە هاوەن و ساروخ و مووشەک و نارنجۆکی دە ستی بەرێکەوتن، بۆ ناو بە غدا لەوێشەوە بۆ گۆڕینی لیوایەکی تری سەربازی، یان بۆ پڕکردنەوەو نوێکردنەوەی لیوایە کی هەڵوەشاوەی بە رەکانی شە ڕ، بە ڵام کەسیان نازانن بۆ کێندەرێیان دەبەن.

.....

ژمارەی سەربازەکانی ناو زیلەکە هەشت کەس بوون، دەنگیان نەدەهات، لەناو یاتاخەکان سەرو گێلاکیان دیار نە بوو، جاروبار ئاخێ، ژانێکی بەکەسەرو هەوایەکیان لێوە دەهات. جوولە بەچی دەکرێت، هەموویان بەسگ برسی، بەجەستە ماندوو بەراوەستان هیلاک، بە چاوەڕوانی بێزار، بە خۆبەستان کوڵاو، بە پۆستاڵە گەورەو گرە گەرمەکانی پێیان مردوو. بەچی ئەو هەشت سەربازە دەنگ و جوولەیان لێوە بێت، دوو سێیەکیان بەساخی برینداربوون، یەکیان نە چووبوە شەڕ کوژرابوو، ئە وی تریان لە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی مردبوو.

کاروانەکە بەیانیەکی سارد، دوو هە زار سە ربازی برسی لە سەربازگە تاجی بردە دەرەوە، بەڵام کەسیان نازانن بە رەو کام بەرەی مردن و فەوتاندنیان راپێچ دەکەن..؟

هوشیار لە گەڵ حە وت سە ربازی تر لە ناو زیلێک بوو، ئە و بەتەنها سەربازی کوردبوو، حە وتەکەی تر عە رەبی خواروو بوون، یەکێکیان دە رچووی ئاداب بوو، خە ڵکی ناسرییە ی بوو، لەبەرئەوەی ( مکلف ) بوو، خوێندنیشی تەواوکردبوو، رە وانەی خولێکی مەشقی قورس کرابوو، بەدەرچوونی لە خولەکە، خەتێکی وەرگرتبوو، پێیان گوتبوو، پاش دوو سێ مانگی تر خە تێکی ترت دەدەینێ، ئە ویش پارچە پەرۆیەکی رەشی باریکی، بەشەرمەوە، بەخواری بە قۆڵە باریکەکەی وە کردبوو، ئەو لەگەڵ هوشیار زوو ببوونە برادەر، شە وێکیان لە بن بە تانیەکەی کتێبە کەی دە ستی پێ نیشان دابوو، کتێبی فیکری ئیسلامی دە خوێندەوە، ئە ویش نەدەوێرا کتێبەکە بە کەسیان نیشان بدات، کوردو شیعە ترسیان لەیەکتری نەبوو، سەربازبیت و برسی و ماندووبیت و بە ترسەوەش کتێب بخوێنتەوە.

بە (جاسم) ی خەڵکی ناسرییەی یەک خەتیان دەگووت، ( نائب عریف). نائیب عە ریف جاسم وە ک (نائب عریف فلاح ) شۆخی بە خەتەکەی سەرشانی نەدەهات، کە لە (عرضات) تەواو دەبوو زوو خەتەکەی کە بە لاستیۆێک لە قۆڵی بەستابوو، بە دڕی و

بەتووڕەییەوە لە شانی دادەپچڕی، بەڵام نائیب عەریف فلاح، کە خەڵکی سەرووی بەغدابوو، واتە شیعەنەبوو، خەتەکانی رەنگە رەشییەکەی تۆختربوو ، ئە ستوورتربوو، درێژتربوو، لە قۆلی دووریبوو، زۆر بە خەتەکان خۆی بادە دا، بەڵام کە (کونیة) ی هێنابوو، نەنووسرابوو، ئەو دوو خەتی هەبووە، بەڵام بە نێرەکەری و بە زماندرێژی و بە پشت ئەستووری، خەتەکانی لەناو فەوجەکەو لە کنیەکەی چەسپاندبوو.

هوشیار زوو بەوی وتبوو:

جاسم من تا سەرسەربازییەکە تەواو ناکەم، تا لە ناو بەغدابم، من سەربازیی دەکەم.

....

ئەو لە لای شەقام و گۆڕەپانی (مسبح)، خۆی کردبوو بە جامخانەکەی همبرگری ( ابو یونان )، داوای دوو لەفەو دوو بیرەی فەریدەی سارد ی کردبوو، زۆر سەرسام و شۆک ببوو ، کە فرۆشیارەکە پێی وتبوو:

تۆ بەجلی سەربازی بۆت نییە بیرە بکڕیت، تەنها لەفەکەت بۆ دەبڕم.!

ئەویش وتبووی:

نەمزانیوە، بۆ ..! هەر ئەوجارە دەخۆمەوەو تەواو ..!

کابرای فرۆشیار وتبووی:

سەربازیشی و بێ ئیجازە دابەزیووت، دیارە کەوا کوردیشی، دەتەوێ بەپێوەش دوو بیرە ی ساردی فە ریدە بێ مەزە بخۆیتەوە، کاکە ممنوعە ... تۆ چۆن سەربازێکی ..!

ئەفەندییەک لە تەنیشتیەوە، داوای دوو بیرە ی فە ریدەی ساردی کردبوو، پارەکەی دابوو لەپێشی دانابوو، بە کوردی وتبووی:

فەرمووو کوڕی باش بخۆرەوە..!

ئەویش زوو وتبووی:

پێویست ناکات .. ناخۆمەوە.!

کابراش بەنەرمی وتبووی:

تازە شکاندوویەتی، زوو بیانخۆرە وە، با گازە کەی بە بەلاش نەڕوات.!

هوشیار دوو بیرەکەی لە پیاوەکە وەرگرتبوو، بلەز بەرداخێکی لە بیرەکە مشتکردبوو، بە یەک قووم هە ناوی گە رمی رۆژە سەختەکەی گۆرەپانی عرضاتی سارد کردبوو، کە بەرداخە بیرەکە بە جۆگەی قوورگی رێیکردبوو، ئیسراحەتی کردبوو.

پێش ئە وەی دە ستی بۆ گیرفانی درێژبکات، نیو دینارەکەی نرخی دوو بیرەکانی بداتەوە، کابرا زوو تێگە یشتبوو، توند دەستی ئەوی گرتبوو، بە کوردییەکی دوور لە زاراوەکانی خۆیان، سوێندی خواردبوو، پارەکە وەرناگرێتەوە.

کابرا دەرچوو کوردی ئەودیو بوو، یەکسەر باسی برینداربوونی خۆی بۆ کردبوو، قاچە شکاوەکەی کە رۆیشت پێوەی دیاربوو کەمێ دەشەلێت.

دەڵێن کەسانی کورتە بالای ناو پاڵتو و کەوای گەورەو شانی نەرمی ناو کورتەکی باڵ فش ، شەلەی نەرمە شەلەین و زگماک و بەدارو شەقڵە، کۆسەی کورتەبالای، دەست گچکەی ناو قۆڵی درێژ، لووت گەورەی مووداری کون گەورەی فش، سەرسپی بە گەنجیی قژین، دەنگ ژنانی بە منالی، کەسانی لال و فسە زمان، هەموو ئەوانە زوو خۆیان دە کەونە قسەکردن، خۆیان بە شایستە دەردەهێنن.

بەڵام ئەو پیاوە کۆنە سیاسی بوو، پێشمەرگەی ئەودیو بوو، لەسەر سنوورەوە راونرابوو، بەهوشیاری وتبوو:

لەناو دەستەکەمدا تەنها من ماوم، لە و کاروانەدا، لە ناو شۆرشدا خۆمان حەشاردابوو، لەوانە تەنها من ماوم، بەلام بەبرینداری، هەریەکێک لە سیاسییەکانمان، لە پێشمەرگە ئازاکانمان بەچەند فێل و دەست لەناوچوون، بەڵام ئەمن ماوم، من نەکوژرام، رادەست نەکراومەتەوە، ناچارنەکرام بگەرێمەوە، تەنها من دەربازم بوو. من وەک ماسی شل و نەرم لەناو لەپان دەرچووم، من مارێکی رەش و ئەستوور بووم سەرم لەناو کوندابوو، کلکیشیان بڕیم، منیان پێنەگیرا، من رادەست نەکرامەوە، من نەکوژرام، من نەچوومەوە، من تەسلیم نەبوومەوە، من مامەوە ...!

لە قەد پاڵی بنارشاخەکە لە خانوویەکی دوو ژووری خاوێندا، کابرایەکی رەشتاڵەی لاجانی دەژیا، بەهێمنی و بە جوانی کاری بەرگدووری دەرکرد، ژنەکەی خەڵکی بناری قەندیل بوو، ئەو دیمانەی کە مبوو، نەدەکرا خەڵکی زۆر ببینێت، ئەگەرنا زۆر حەزی لە قسەکردن بوو، ئەگەر نەترسابووایە قسەی زۆر دەگووت، ئەویش وتبووی:

هەر من تەنها ماوم، مە فەرەزەیەک بووین کادیرو نووسەرو پیاوی جەزرەبەمان لە گەڵدابوو، هەموویان فەوتان، تەنها من ماوم، لەو خانووەدا کە بۆیان جێهێشتووین، جارجار ئاسودە و جارجاریش بەترس و چاوەڕوان دەژین. خاوەن خانووەکە پاش بۆمبارانەکەی بناری ( شاخیبەراستی )، کە بنەماڵەیەک ژن و زارۆکیان بەیەک چرکە شەهیدکرد، ئەوانیش لە ترسانا ئاودیوبوون، خانووەکەیان بۆ جێهێشتبوو، ئەو نەدەکرا شارەکە جێبهێڵێت، نەدەکرا ئاودیوبێت، هەرچەندە ژنەکەشی حەزبکات، ئەو بەناوو بەوێنەو بەچالاکی سیاسی و چەکداری ناسرابوو بەناوبانگ بووە.

ماڵەکەی ئەو تاکەماڵ بوو لە و قە دپاڵە ئاوەدانی تێدامابوو، هەموو بە رەو ئوردوگاکانی ئێران رۆیشتبوون، گاو بزن و مریشکیشیان بەتەمای ئەو جێهێشتبوو.

لەگەڵ دوورینی جلە کوردییەکەو لێدانی قۆچپەکانی، شرۆڤەی رەوشە سیاسییەکەی دەکرد، دەیووت:

ئەگەر ئێران پشتیوانی ئێوە یە، بۆچی وا هێزە کانی بەعس لە دیاناوە سەردەکەوێت، بۆچی تۆپەکانی کە لە (جوندیان) دانراون، کاریگەرییان نییە ؟.. بۆ مووشە کەی سە ر ئێستگە کە فرۆکە باجەرەکەی خستە خوارەوە، لە و شوێنە یان هە ڵگرت؟.. بۆ مووشەکە کان نەمان، بۆ ..؟

پیاوە بەرگدوورەکە زۆری لە دڵدا گەلالەبوو، کەمی هەڵدەرشت، زۆری شی دەشاردەوە، سەری نەهێنی کە می هەڵدەدایەوە، ماوەماوەش، بەگەرمی و بەستەزمانانە دەیووت:

( من تاکە کەسم لە برادەرەکانم لە ژیاندا ماوم، ئەو ژنە منی شاردیتەوە، من پاسە وان و شوان وگاوان و کابان و سە ربانی ئەو چەند ماڵە م، منیان بۆ پاراستنی ماڵە کەیان راگرتووە ، ئاگری بکەوێتەوە، بنمیچە کان دۆیە چرووەکان، کادینە کان من دەیکوژێنمەوە. بەدەستی خۆم سەربانیان بۆ دە گێڕم، دۆ چرۆیانیان بۆ رادەگرم ..).

پیاوی کۆنە سیاسی دەکریٚ ببیٚتە بەرگدرووو کریٚکارو پاسەوان و نیٚچیرڤان، ئە گەر دە سەلاٚت و پارە لاٚت و چە کلاٚت و بریارلاٚتی نەمینیٚت.

من ناوم ح ەمە تۆفیقە، خە لٚکی ناوچە ی هە لٚشۆم، لە پیٚشمەرگایەتی ماندووبوم، لیٚرە گیرساومەتەوە، لیٚرە ژنم هیٚناوە، کاری بە رگدووریی لە ئیٚران فیٚربووم، کە م کە م کارم هە یە، فارسییەکەم باشە، باش لە هەوالٚەکان سەرم دە ردەچیٚ، کە نالٚی فارسی زۆرە ، من شتی لیٚوە فیٚردەبم، ئە و خانووە مان بەدەستکەوتووە، دوو ژووری خاویٚنە بەخۆلٚی سپی سپیکراوە ، کاریتەکانی پالٚە وانن، چرووە کەی سە ری نویٚیە ، دیوارە کەی دارگویٚزی تیٚدایە ، سیوسیوەکەی دە رگاکەی نە رم دە سوریٚتەوە، کەمترین با دەگریٚتەوە، وەک دەربەند نیە، زریان رووی تیٚناکات، لە کانی ئاوش نزیکە، ئاوی خاویٚنمان لەبرانە، روو لە ئاکریٚی و قیبلەیە، زۆر تاوی دەگاتیٚ، بەسەر ئەو گردە دەکەوم، پشتیٚ داری وشک دە برمەوە. لە حەوشەکەش سە وزەو گیاوگۆلٚیش دە کەم، لەسەربانەکەی تە ماشای فرۆکە کانیش دە کەم، کە دوو دوو، سیٚ سیٚ لە مامەرووتەوە دەردەکەون، کە فرۆکەی باجەر هەلٚدەستیٚ، دوو فرۆکە ی سۆخۆی بە لەنجە شان بە شانی دە فرن، ئە گەر سۆخۆیەک هات، یە کیٚکی تری بە دواوەیە، من هە ستیان پیٚدە کەم، دەزانم جە ولەکەیان بە رەو کیٚندە رییە، لە و سە ربانەوە ئەوەندەم تەماشاکردووە، لە جیاتی فرۆکەوانەکە هیٚلەکەی شارەزابووم.

بەڵام بۆ ئێمە راستیەکەی دەگوت، چەند خۆشە مرۆ بتوانێ دڵی بکاتەوە، راستیەکان بڵێتەوە، ناوەکان وەک خۆی بە ناو قوورگی بڵێتەوە. بە ئێمەی وت:

من کوردی ئەودیوم، ژنیشم خەڵکی ئەودیوەیە، لێرە ماوم، ئەو دوو سێ ماڵە رۆیشتوون، ماڵەکانیان لەسەر من جێهێشتووە ، لەو رۆژانە دوو سێ مریشکیان مرداربوونەوە، بە سپیلکە مردن، بەڵام کەڵەبابەکەیان دەستم و چەقۆ پێراگەیشت، خواردمان، ئەو شەوەش میوانیشمان هە بووە، بە خێری ئە وان کە ڵەبابە نەخۆشەکەمان خوارد، پێش ئە وەی رەق بێتەوە، ئێمە بە ئاوی خۆی کوڵاندمان.

ئەو قسانەی بۆ دەکردین، مەکینە گچکەکەی دەستیش ئیشی پێدەکرد، ژنە پشدێن گەورەکەشی چای زەردی بۆ تێدە کردین، هاورێیە باڵکییەکەمان لە چاخواردن تێر نە دەبوو، ئێمە بەچایەکی شیرین و چای دووەم بە سوێندخواردن و دەبێ یەکێکی تر بخۆنەوە خواردەوە، هاورێیەکەمان وتی:

ئەوانە خزمی خۆمانن، لە شارەوە هاتوون نازانن دیشلە مە بخۆنەوە، چاخۆرنین، هەولێریین..!

ژنەکەی بەشێوە زمانیە شیرینەکەی خۆی هاتە قسەو وتی:

من و ئە و پیاوە تەنها ماوین، ئاگاداری ئە و سێ چوار خانوویەن، ئاگامان لێیە ، شە وێکیان دووکە سی بێگانە ، کوردییەکەیان زۆر سە یربوو، وتیان خە ڵکی ( قادرکەرەم ) ین،

یەکیان بریندار بوو دەینالاند، لە نەخۆشخانەی (کەوەرتێ) جێگایان نە مابوو، دە ست بە بەتانیەو بە ئەرزاقەوە، هاتن، ئێمە دەرگامان بۆ کردنە وە، یە ک هە فتە تا بریندارە کە بووژایەوە، خزمەتمان کردن.

پێشمەرگە بریندارەکەو هاورێیەکەی دەیانووت:

دایکو باوکمان لە گەرمیان جێهێشتووە،

دەیانووت:

بە ئوتومبێل گوندە کەمان، ماڵە وەمان دە سەعات لێرەوە دوورە، دەیانووت:

لەو شە ڕی (سەرتیز) دا سە ربازی زۆرمان کوشتووە ، فرۆکەیەکمان خستووتە خوارەوە، دەیانووت:

ئێمە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەزانین، ئەوانیش وەک ئێمە سێ زمان دە زانن، کوردی قسە دەکەین، فارسی دە نووسین و دەخوێنینەوە، عجمیمان زۆر باشە . کورد لە هەر وڵاتێک بێ سێ زمان دەزانێت، پێشمەرگە بریندارەکەو ساخەکە دەیانووت:

ئەگەر سەرکەوتین و بەرەو ئیران پەڕینەوە، تازە ناگەڕێنەوە، ئێمەی گە رمیانی، ئە و ناوچانە ی ئێمە نەوتی زۆرە ، هەر ئاوەدانیەیەک بیرە نەوتی لە ئاقارەکەدا هەبێت، ژیانی تێدا نامینێت، بڕۆین ناگەڕێینەوە. ئەو دوو گە نجە یەکێکیان برینێکی گەورەی لە رانی چەپی بوو، ساچمەی

تۆپی بەشانی کەوتبوو، لە نەخۆشخانەکە لەبەر کەمی جێگەو لە ترسی فرۆکە، دەرمان و پارەو ئەرزاقیان دابوونێ، ئەوانیش بە کەچە جێیک خۆیان کردبووە ئەو خانووە چۆلەی تە نیشتمان، ئێمەش د ەرگامان بۆ کردنە وەو دارو ئاگرمان دانێ، هەردووکیان دەیانووت:

لەو شە ڕانە سەربازی هە مان سرییە و فە وجەکەی خۆمان بەدیلی دۆزییە وە، لە نەخۆشخانەکە سەربازی دیلی بریندداریش هەبوو، دەیانووت:

ئەوەی برینداربووایە و پشتیان هە بووایە، رە وانەی ئە ودیویان دەکردن.

ئەوان لە ماڵەوە نەهاتبوون، ئەوان لە سەربازگەوە هاتبوون، لە ماڵەوەیان وایاندەزانی ئەوان هەر لە عەسکەریین، لە سەربازگەش، وایان دەزانی ئەوان لە ماڵەوەن.

هەردووکیان سەربردەیان وەک یەک بوو، بەیەکەوە دەیانووت:

سێ چوار رۆژ بەڕێوەبوین تا گەیشتینە ناوچەکانی پێشمەرگە، کە ئێمە هاتین پێشمە رگە هێشتا لە شارەکان نزیک بوون . کە گەیشتین ئەوان پێیان وتین:

ئێوە سەربازن، دەبێ لێرە بڕۆن بچنە سەرەوە.!

نامەیەکی پێچراوی بە شەریتیان داینێ، تا لە هێزی (زۆزک) گیرساینەوە، کە سمان نە دەناسی، بە ڵام هە ردووکمان بە یەکەوە ماینەوە، ئەوان دەیانووت: بەتالیۆنەکەی ئێمە هەموو سە ربازی

فیرارن، پێشمەرگەی لای خۆمانی تێدابوو، هە ولێری، بادینی، خەڵکی ئیمام قاسمی کە رکووک و سابونکە رانی ناو سل ێمانی، گۆران و شارە زووریمان لەگەڵدابوو، ئامیر بەتالیۆنەکەمان، ئامیر سرییەکەمان، ئە فسەربوون، زۆر جوولە و چالاکی و دە رچوون و رەبیەو کە مینمان لە سەر شێوە ی سە ربازی بوو، بە یانیان سەروریشمان دەتاشی، زوو نەوەک فرۆکە بگاتە سەرمان، چووست و تەیاردەبووین، زوو نانمان دە خوارد، زوو تفە نگەکانمان پاک دەکردەوە، زوو لە کەمینی شەوانەمان دەگەڕاینەوە، زوو هێرشمان کرایە سەر، زوو پێشمە رگەمان لێ شە هیدبوو، زوو بریندارمان دا، زوو سەربازی دیلمان گرت، زوو فرۆکە شمان خستە خوارەوە، ئێمە لە پێشەوەبووین. زۆر راستگۆیانەو بەستەزمانانە دەیانووت:

پێش ئە وەی دە ربچین، وامانده زانی شۆرش فرۆکە شی هە یە، تۆپی قورسی هەیە، وتیان شۆرش وە ک جاران بەتفەنگە رەشەکەو غەدارە نییە، شۆرشی ئەمجارە زوو تەواو دەبێت، هەموو دونیامان لەگەڵە، چین و ئەمریکاو ئیسرائیل و .. لەگەڵە.

حمە توفیق هەڵشۆیی دەیووت:

پێشمەرگە بریندارەکەو پێشمەرگە هاورێیەکەی دەیانووت:

ئێمە فیرارمان کرد، زۆر تە نگاوبووین بە پەلەبووین، زوو بگەینە گەلاڵە، زوو ببینە پێشمەرگە، دەترساین تەواوبێت، بەشی ئێمە نەمینێت. ( خانی حمەئاغا ) هاوسەری حمەتوفیقی هەڵشۆیی دەیووت:

ئەو دوو کەسە یەک هەفتە مانەوە، جارجار یەکێکیان گۆرانی خەمگینی دەووت، دیاربوو، بریندارو بێزاربوو.

حمە توفیق هە ڵشۆیی، یان پیاوە لاجانییەکە ئەگەر نەترسابووایە پێی دەووتن:

پیاوی باش بن، بۆ کێ خۆتان بە کوشت دەدەن ..! ئەگەر ئەو تۆپانەی ئێران بکشێتە وە، یە ک هە فتە خۆتان پێراناگیرێت، بۆ کێی دە کەن ..؟؟ لەیەکەم رۆژە وە، لە یەکەم گوللە وە دیارە، لە بۆنی دووکە ڵی تۆپە کانەوە دیارە ئەنجامەکەی دیارە ، بە ڵام نەدەوێرا، لەسەر ئەو قسانەشی بەڵگەی روونی نەبوو، لەبەر ژانی دڵی خۆی لە تاوی نەمانی برادەرەکانی دڵی ئەو، وایدەزانی ...

من بە تەنها ماوم لێرە ، ئەو چەندە ماڵە لەسەر شانی من و ژنەکەم جێماوە ، هە ر منیشم لە ناو هەموو ئە وانەی بە یەکەوە پەڕینەوە ماوم، یە کێکیان لە کونێکەوە خۆی شاردبۆوە ، بەنەخۆشی و دوور لە چارەسەری مرد، کە س گۆڕە غەریبیەکەشی نازانێت، ناوی لە سەر کێل ەکەشی نەنووسراوە، لە و هە موو کێلەبەردو تاشەبەردو پانەبەردە ئەگەر بەردێکی بۆ کرابێت بە کێل ئەوە بەختیاربوو، هەموویان بزربوون ...

......

کابرای شەلەی کۆنە پێشمەرگەی کوردی ئەودیو لە بەغدا، ئەو ئێوارەیە لەلای ئە بو یونان دوو بیرە ی ساردی بۆ هوشیار داواکردبوو، بە یەکەوە کەوتنە قسەکردن و بیرە خواردنەوە. هوشیار دوو بیرە کەی تە واوکردبوو، کابرای ش ەلەی کە بەناوی (بەختیار بانە یی) خۆی پێناساندبوو، داوای لێکردبوو، دە توانی بیرەی زۆرتر داوا بکات، بەڵام ئەو وتبووی:

من دە بێ پاسی ژمارە 2، یان 3 وەرگرم، بچمە لای پاسەکانی سەربازگەی تاجی، لەوێشەوە بۆ وەحدەکەم هەڵدەکشێم.

پاسەکان نە فەریان بە یەک درهم هە تا ناو سە ربازگەکە دەبرد، پاسەکان تا نزیک فەوجەکەی ئەوان دەچوو، شەقام شەقام لەناو مەعسکەرەکە دەسوورایەوە، لە باب نظامەکەدا ئینزباتێک سەردەکەوت و تە ماشایەکی ناو پاسە کەی دە کرد، بە ( اطلع ـ دەرچە) بەرێی دەرکردن، بەرۆژیش پاسە سوورە دوو نهۆمەکانیش دەهاتنە ناو سەربازگەکە، سەدان سەربازی لە (علاوی الحلە) ەوە دەگەیاندەوە وەحدەکان، نەخۆشخانە سەربازییەکە، جبەخانەکان، فرۆکەخانەکە، مەدرەسەکان.

هەر لە پێش همبرگرە کەوە سواری پاسە کەبوو. ئەو حەزی دەکرد بچێتە سەرەوەو لە بەرزاییەوە تەماشای رووناکییە کانی شەقامی السعدون بکات، چاو لە بارەکانی سواح و ئاشورپانیپال بکات.

هوشیار دەیووت:

من به نیو درهم پلیتێک له جابیەکە وەردەگرم، بەپەلە سەردەکەوم، لەلای جامەکە جێگایەک دەگرم، ئێوارەیە نەفەر زۆر نییە، ئەگەر راستیشت دەوێت، لەم شارە کەس نەماوە، خەڵکەکە هەمووی سە ربازن، بە درێژایی ئە و سنووورە ی ئێران ـ عیراق سەرباز موڵدراوە ، کو ڕەکانی ئە و وڵاتە هەموو لەسەر دۆشکە و جووتلوولەن، لەناو ربیەی سەربەچینکۆن، لەسەر تۆپە گەورەکانن، لوولە هاوەن پاک دە کەنەوە، بە ربەستی خۆڵ بە رز دە کەنەوە، خەرەند دە کۆڵن، لە سەر گۆرە پانەکانی عرضات وە ستاون، لە بەر فیراری لە کونە فیراردا شاردراونەتەوە، کوا پیاو لەو شارەدا ماوە، ئەوەی هەیە بریندارە لە سەرقەرەوێلەکانی خە ستەخانەی رەشیدو تاجی و وەشاش و غزالیە لە سەرپشتن، دەست و قاچیان لە گەچ گیراوە ، لە و وڵاتە کوا پیاو ما وە .. هەموویان یان سەربازن، یان لە کەرتەکانی جیش الشعبی لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستا نن، لە سەر بینایە بەرزەکانن، لە سەر دۆشکەن، لە سەر جادە ن، ئە وانەی ماون راپێچییان دە کەن، لە و وڵاتە ژنان لە بێ پیاوی لە گەڵ کرێکارە میسرییەکان و خەلیجییەکان دەنوون.

....

یەک کۆشک لە شارەکەی ئێوە هەبوو، یەک دە رگای مە زن و بڵندو قایمی هە بوو، یە ک ئاش و یە ک مە کینەی ئاردو یە ک

مەکینەی سەهۆڵ لەو شارەدا هەبووە، شارەکە هی ئەو پیاوە بوو، ئەو کارەبای بەو شارە تاریکە داوە، ئەو نانی بەو شارە برسییە داوە، ئەو بەفوی بەو شارە گەرمە داوە، کلیلی گەورەی شارەکە لای ئەوبوو .. پیاوێک شارێکی نان و ئاو دە دا .. ئەو .. لە بێ پیاوی کیژە چاو گەورەکەی، خوێندکارە تەنوورە کورتەکەی، کیژی ئەو پیاوە ، کیژە دەنگ نەرمەکەی، کیژی ئەو کۆشکە ، شووی بە پیاوەیکی کەچەڵی لەڕی بێگانەی میسری کرد، پیاو نەمابوو لەو شارە.

....

حەزی دە کرد لەناو جامە خەتخەتکەی پاسە کە تەماشای (ساحە النصر) بکات، بە ناو لە پی دە ستی جامەکە خاوێن بکاتەوەو تەماشای قەرەباڵغییەکەی لای کەباب ئەربیل بکات، کە گەیشتە لای کۆلانەکانی بتاوین، لای (آبو نواس) سەری بسورێنێت، لەناو نفقەکە لە دیار تەلەفۆنە عمومیەکانی ناو نفقە کە، کێ دەناسێت، هە موو پیاوی میسری دشداشە سپی درێژ لەبەرن، بەسەدان لە دیار بانکەکان وە ستاون و دۆلار دە کڕن، پارە دەگۆڕنەوە، پارە رەوانە دەکەنەوە، لەپێش نووسینگەکانی هێلی ئاسمانی عیراقی و میسری و بەریتانی و تایلاندی و ئوردنی پلیتی گەڕانەوە دەکڕن.

لەو شارە گەورەیەدا کوا پیاو ماوە، ئەوەی لەو شەوە درەنگە دەنگی دێت، خورتە میسرییەکانە، دە نگیان بە رزەو هاواریان، باسی رۆژانەو باسی کارو خاوەنکار دەکەن، دەست بە فلافلەوە لە پێش سینەمای الخیام، لەپێش سینەمای سندباد، لە پێش دیوارە بەرزەکەی هونەرمەند (جواد سلیم)، لەناو باخچەکەی ( الامە)، لە کۆلانەکاندا تە نها گە نجی میسرییە لەو پا یتەختە بێ تە ختە دەسوورێنەوە. بەغدا بوویتە قاهیرە، ناشیرینەکان هەموو هاتوون، برسییەکان هە موو هاتوون، چاوحیزە کان، گە وادەکان بە قەحپەکانەوە، هاتوون و دە ڵێن، ئێمە هونەرمەندین، نەخوێندەوارەکان هاتوون و دەڵێن، دبلۆمی تجارەمان هەیە، لات و بەزیبوەکانی سیناو قاهیرە و جیزە هاتوون و دە ڵێن ئێمە ( هێلی بارلیف ) مان شکاندووە، ناکەسبەچەکان هاتوون و دە ڵێن، ئێمە (عمدە) بووین.!

....

کابرای ئێوانی شەلە بەدوو بیرە کەو بە بابەتە گەرمەکە، (هوشیار) ی راگرتبوو، زۆر مایە وەو دواکەوت، کە چووە (باب المعظم) پاسەکانی سە ربازگەی التاجی نە مابوون، گۆرە پانەکە چەند کەناسێکی میسری پاکیان دەکردەوە، بەدەستی درێژو بەژنی درێژو دشداشەی درێژو گێسکی درێژ گۆرە پانەکەیان پاکدەکردەوە. ئەو میللە تەی سە رکردەکەیان بە گفتی سۆڤیە ت و شیعری

شاعیرەکان و وتاری توندی هە لّپەرەستەکان شە ڕێکی گە ورەی سازکردو جە نگەکەشی دۆراند، ئە و میللە تەی دە ریاکان دۆراند، رووباری (نیل) یان دۆراند، سە حرای‌ان گیرا، شاری‌ان گیراو هە ر هاواریشیان دە کرد بەسەر دوژمنە کانمان سەرکەوتووین، هە ر شیعری سە رکەوتنیان بۆ دۆراندن و شکاندنە کانیان دە وتەوە، هەموو فرۆکەکانیان لەسەر ئەرزا لەناو فرۆکەخانە سەربازییەکان سوتان و هاواریان دە کرد، نیوە ی ولاّتی دوژمنمان سوتاندوە و، ئاگرەکەیان پێ ناکوژێتەوە.

ئەوە مێژوویانە، ئە وە سەرکەوتنەکانیانە بۆیە هەموویان لە ولاّتاندا بۆ نان و بۆ دۆلار گۆ ڕەپانەکان پاک دە کەنەوە، شە وانە لەسەر شۆستە کان دە مێننەوە، هە زارەها ناسنامە و بە لّگەنامەو بروانامەو بەرنامەی ساختەیان بۆ کارکردن هێناوە و شار بە شار، کۆلاّن بە کۆلاّن بۆ کارو نووستن و پارە دەگەڕێن.

...

هوشیار کە زانی پاسە کان نە ماون، زوو گە ڕایەوە کۆلاّنە باریکەکانی گە ڕەکی ( البتاوین) ی ( السعدون)، لە هوتێلە کوردەکان قە رەوێلەیەکی هە رزانی وەرگرت، چە ند سە عاتێک خەوی لێکە وت، هە ر لە چاوی پیاوە شەلەکەو سە ربردەکانی ئە و بەیانی سەعات چوار کە لە خەو هەلّسا لە بۆیییەکەی سەری گەڕا نەیدۆزییەوە، کلاّوەکەی دیار نەمابوو..!

ئەو بەیانیە ( هوشیار) ی سەربازی ئیحتیات لە لیوای 601 بە سەرێکی بێ ژمارە ، شە و هاتبووە ناو هوتێلە کە، شەوەکە ئەو سەربازەی (قادسیەی صدام) بە سەرێکی بێ شەرەف سواری پاسی ژمارە ( 2 التحریر) ببوو، ئەو شە وە سەرلێشێواوانە سەرێکی تاوانبار لەناو کەناسە میسرییەکان لە ( باب المعظم) هاتبووە هوتێلەکە، سە رێکی بێ ناونیشان لە هوتێلەکە ناوی نووسیبوو، سەرێکی ترساوی دە ستی ئینزباتی عە سکەری دە ستگەورە خەوی لێکەوتبوو، نازانی شە رەفەکەی، کڵاوە کەی، ناونیشانەکەی، ناموسەکەی لە کێ لێبە جێماوە، چۆن جابیە کەی ناو پاسە کە بۆ سەربازێکی بێ بێرییە پلیتی بڕیوە، چۆن میسرییە کانی ناو گۆرەپانەکە وەک کەرتە مقەباکان نەیانداوەتە بەر گێسکەکانیان و لوولیان نە داوە، لە تۆڵەی دۆژمنە سەرسەختەکەی ئە وەی فرۆکەخانەو جبە خانە بارودخانەو سە مونخانەو پۆ لیسخانەی وڵاتەکەیان بە چەند هێرش و مووشە کێکی لەناکاوو بلەز سوتاند، چۆن و ەک ئە رکێکی نیشتیمانی ئە و میسریانە ئەو سەربازە کوردەیان تەمبێ نەکرد.

...

چۆن دەبێ لە رۆژانی شەڕی شە رەفی دە روازەی خۆرهە ڵاتی نەتەوەی عەرەبی، بێ کڵاوو بەسەرڕووتی لە پایتەختی (رەشید) و (معتصم) دەسوورێتەوە، چۆن کوردێک تا دوێنی بەپشتیوانی سوپای

شاهی ئێران شەڕی كردوون، ئێستاش سە ربەستانەو سە رخۆشانە لەناو گۆرە پانی باب المعظم دە سووڕێتەوە، چۆن شە رم ناكات، بەفەرمان و وە فای سە ركردەو پێشە وای نە تەوەی عە رەب بە ر لێبووردنی گشتی كە وتووە، تفە نگە برنۆییە كورتە چیكیە رەشەكەی بە 25 دیناریش لێوە رگرتووە، لە جیاتی سە ری بە تفەنگەكە بشكێنن، لە جیاتی لە تۆڵەی ( سینا ) و ( شرم الشیخ)، ئەو سەربازە بێشەرەفە لەناو ئەو تەنەكە خۆلانە بپەستن، شەوەو كەس نازانێت، تە نهایەو دە سەڵاتی نییە، ماندووەو تاقەتی نییە، مەست و سە رخۆشە لە تۆڵەی شكانی 1200 دەبابەی میسری، لە تۆڵەی چوونی سە رۆكەكانیان بۆ ناو كنیسە تی ئیسرائیل، ئە و كوردە بێ كڵاوە شوونبزر نەكەن.!!

....

ئەگەر ئە و شە وە، هوشیار دوو فە ریدەی ساردی بێ مە زە خواردیتەوە، دە ستەیەك ئینزباتی سە ربازی خاوێنی قە یتان لە قۆڵی هەندام پۆشتەو تێر بە دارە باریكە لووسە كورتە سەرخڕەكە بانگیان كردبایە ، ئە ویش بە سەركۆتی و بە سەرخۆشی و بە و درەنگە بەرەو روویان چووبوایە ، بە عەرەبیە تۆزاوییەكەی خۆی قسەی لە گەڵیان كردبایە، فیلمە كە بەچی كۆتایی دە هات، كێ دەبووە پاڵەوان و كێ دە بووە كوڕە شێتەكەو كێ سە ردەكەوت، كێ بندەكەوت. لەو مەیدانەدا، لە پێش چاوی سە دان كرێكاری میسری

سەرشەقامەکان، سە رەتا سە ربازێکی کوردی ئیحتیاتی خاوە ن وەزیفەو شەهادەیان،

بە دارەکان،

بە پۆستاڵەکان،

بە دەستە گەورەکان،

بە تفە چەورەکان،

بە جنێوە پیسەکان،

بە ناوو ناتۆرە ناشیرینەکان، دە یانکردە جل و پارچ ە پەرۆیەک، روویان لە رووی (ماسێ) رەشتردەکرد، هەموو گیانیان دەکوتا، ئینجا بە یەکەوە بۆ ناو زیلە کەیان بە رزدەکردەوە، بۆ ئینزیباتخانە، بۆ بەندینخانە، لەوێش زوو سەریان چاک دەتاشی، ناوی وحدە کەیان وە ردەگرت، لە سەر ئە رکی خۆی، بە پارەی گیرفانی خۆی رەوانەی (وحدەکەیان) دەکردەوە، چەندی لە زیندان مابووایە کاری پیس و ناشیرین و گران و زەحمەتیشیان پێدەکرد ..

ئەگەر هوشیار ئەو شەوە گەڕابایەوە سەربازگەی تاجی، جندی ئەوەلە شیعەکەی برادە ری بیزانیبووایە بیرەی خواردیتە وە، بەنەرمی سەری بۆ لای گوێ دەبردو بە ئەدەبەوە پێ دەووت:

هوشیار، گوناحە .. گوناحە ..

دەیپرسی .. هوشیار بەڵام تۆ لە بەغدا، چۆن بیرەیان لە پێش دانایت..؟

بەسەرسامییەوە دەیپرسی. چۆن بەجلی سەربازی چوویتە ناو بارێک ..؟

چۆنت بیرە کرد ..؟

با لە خودای گەورەش نەترسیت، چۆن لە ئینزباتێ لە ئیستخباراتێ نەترسایت.. ؟

چۆن لەو زاڵمانە نەترسایت، دەستی ئەوانە زۆر لە زەبری خودا درێژترو قایمترە...!

ئاگری ئەوانە لە ئاگرەکەی بنی بنەوەی دۆزەخیش گەرمترە.

ـ کەواتە بەرەو ( ویل ) ێان دەبودم .. !!

ویل کێندەرێیە ..!!؟؟

ـ نازانم دەڵێن، بەش و پارچەیەکی جەهەننەمە ..!

نائیب عەریف جاسم لە هوشیار هاتە وڵام، بە عەرەبیەکی پاراوی پەتی، بە مۆرالێکی راستی و باوە رو لەناخەوە، تا چاک بیترسێنێت، دەرگاکانی دۆزەخی بۆ پێناسەکرد:

( دەرگاکانی دۆزەخ حەوتن، بەژمار تۆمارە لە چەندین سەرچاوەی ئاینی ناویان هاتووە، یەکەمیان بە عەرەبی ( جهنم ) ە، لە و دە رگایەوە، لە و بە شەدا، ژنان و پیاوان روویان دەپووکێتەوە، گوشتیان لێ دە بێتەوە، ئە وەش شوێنی یە کەم و ئاسانی ئازارو ئەشکەنجەیە.

دووەمیان بە عەرەبی ( لظی ) ە،

لەو بە شە دەست و پێیە کان دەخورێت، چوارپە لەکان هەڵدەوەرێت.

بەش و دەرگای سێیەمیش بە عەرەبی ( سقر ) ە،

بۆیەش بە و ناوە ناونراوە، بە عەرەبی واتە گۆشتی تێدا دەخورێت، ئێسقانەکان ناخوات.

دەرگای چوارەم، بە عەرەبی ناوی ( الحطمة ) ە،

لەو بە شەدا ئێسقانە وردو خاش دە کات، دڵ دە سوتێنێت، کەسەکانی تێدا بە رزدەکرێتەوەو بە ناو ئاگرە کەیان دادە تاوە، دەست و قاچیان دە سوتێت، لە جیاتی فرمێسک لە چاوەکان خوێن دەبارێنێن، تا وشکیان دەکاتەوە.

دەروازەی پێنجەمیش ناوی ( الجحیم ) ە،

ئاگرەکەی زۆر گە ورەیە، گڕو یە ک بلیسە ی بە قەد هە موو دونیایە.

شەشەمیش ناوی ( سعیر ) ە،

لەو بەشەدا سێ سەد کۆشکی تێدایە،

لە هەر کۆشکێکدا سێ سەد خانووی تێدایە،

لەهەر یەکێکیان چەند شێوەی سزاو کۆت و زەنجیرو کەڵەبچەو مارو دووپشکی تێدایە ..

لە دەرگای حەوتەمیش کە ناوی ( الهاویة ) ە ،

ئەوەی بگاتە ئەو بە شە، دە کەوێتە ناو بیرێک، دە رچوون و رووناکی نابینێتە وە، لە ناو بیرە کان ئاگر بە گوڕ بە رەو رووی‌ان دێت..

دەرگاکان هەموو پۆلاو ئاسنن،
ئەرزەکەی بە دڕک و خار راخراوە،
تاریکی دایپۆشیوە،
ئەرزەکی بە مس و قورقوشم و شووشەیە،
بە هەزار ساڵ گەرم کراوە،
بە هەزار ساڵ بەو گەرمییە سپی کراوە،
بە هەزار ساڵیش رەش کراوە ..).

...

هوشیار وەک بەر لێبووردنێکی گشتی کە وتبێ، بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ئێمە کەلتووری سەربازییمان نییە، وەک ئێوە لەناو بەرگی خاکی نەکولاوین، خەتی بێریەی سەری زۆرتان تا بۆ ناو گۆریش شۆرتان دە کەنەوە، دیارە .. زوو دایکتان بە مەلۆتکەیی کورەکانیان بە ناو قایشی تفە نگی پۆلیس ی مەخفەرەکان تێپەراندووە.. ئێمە زۆر شارە زانین، من نەمدەزانی بە جلی سەربازی چوونە بارو خواردنەوە قەدەغەیە .. منداڵ بووین سە د جار نیوە پلیتی سینەمامان لە سەربازان کڕیووەتەوە، تەواوکەری فیلمە هیندییەکان و شمشمونمان بە نیوە پلیتەکانی ئەوان دیوە. لە چایخانەکان سە ربازمان بە جلی عە سکەری دیوە لە دیار عەتابەبێژەکان هۆڕ هۆڕ گریاون .. ئێمە هەر ئەوەندە سەربازمان ناسیوە.

ئەگەر ئە و شە وە بۆ سۆراخی بێرییە کەی سە ری، گە ڕابووایە لای ( ابو یونان )، یەکسەر کابرای فرۆشیارەکە پێیدەووت:

من چۆن بەو ئێوارەیە بیرەی فەرێدەی ساردو بێ مەزە دەدەمە سەربازێک بە جلی سە ربازیشەوە، من دە مزانی، نە مووت، دە بیتە فیلم، بە یانی بە سەری رووتە وە چ وڵامی ئامیر حظیره و ئامیر فصیل و ئامیر سریە و ئامیر فە وج دە دیتەوە، برۆ کابرای شە لەی برادەرت بدۆزەرەوە، ئەو دەزانی کڵاوەکەت لە کێ بەجێماوە ..

....

ـ وەرە پێشەوە هەی ( کلب ـ سەگ ) ..!! چۆن بێ بێرییە دێتە ناو عرضات ..! نازانی ئە وە شەرمەزارییە بۆ سوپای عیراقی، نازانی سە رکەوتنە بۆ فرسی مجوس .. دەتەوێ ئێمە لە شەڕی شەڕەف و لە پاراستنی سنووری ئوممەی عە رەبی بشکێنیت، دەتەوێ ناموس و ئابڕوو حە یاو پیرۆزییە کانمان لە کەدار بێت، هەی سە گی سە گباب، هە ی کە ری کوری کە ر، هە ی خۆفرۆش .. بێرییەکەت لە کێ جێهێشتوە .. ئێمە بێرییەمان بە تۆ نەداوە ..؟؟!

ـ بەڵێ وەرمگرتووە. هەموو شتم وەرگوتبوو.!

نەیهێشت قسە کانی تە واوبکات، تفێکی گە ورەی لە دەمی خڕکردەوەو نە وێرا دە ست بە رووی بگرێت، هە ردوو رووومە تە سوورەکەی، کەپووە گەورەکەی سمێلە رەشە گەورەکەی لچە سوورە

ئەستوورەکەی نێوچەوان لووس و پانە کەی قژ رە شە خاوێنەکەی، هەموویان بە رووی تفی ئامیر فە وجە عەمیدەکە کرابۆوە، چاوەڕوانی بارانی تفی ئامیر فەوجە موسڵاوییەکەی بوو، دەیزانی تف لە رووی دەکات، دەسەڵاتی نەبوو، دەستەکان بڕابوونەوە تا بەرووی تفی زە ردو پیسی ئامیرە کە بەرزبکرێنەوە، چۆن دە کرێ دەست بەرووی تفی ئامیر،

کیری ئامیر،

دەستی ئامیر،

تەوقیعی ئامیر،

فەرمانی ئامیر بەرزبکرێتەوە.

ئامیرەکەش ناتوانێ، دەست و روو و کیر و قسەو رەخنە بەرووی ئامیرە لیواکەی بە رزبکاتەوە، ئامیر لیواکە ش ناتوانی بە رووی قائید فرقەو ئەویش بەرووی قائید فیلق و ئەویش .. لەو وڵاتە وایە کەس ناتوانێ دەنگ و روو بەرز بکاتەوە.

# بەشی دووەم

نائیب عەریف جاسم دەرچووی بەشی بایولۆجی بوو، چوار ساڵ بە ئینگلیزی و بە عەرەبی کیمیاو شانەو خوێن و دەرمان و پلازماو چەندین بابەتی زانستی خوێندبوو، بۆیە بەپێکەنینەوە، هوشیار پێیدەووت:

باشە تۆ چۆن بوارت هەبوو، هەر سێ جزمی قورئان لە بەر بکەیت ..!؟

لە قسەکانی ئەو تووڕە نەدەبوو، کە دەیووت، چۆن (نهج البلاغة) ی ئیمامی (علي) پێ لە بەرکراوە..؟ چۆن کتێبە کەی (العقاد) ت لەسەر ئەو کتێبە دێر بە دێر دەڵێیتەوە..؟ چۆن مێژوو و کارو دوعای هەر دوازدە ئیمامەکان دەزانێت، دەزانێ (ئیمام علی) و هەردوو کوڕەکەی (حسن) و (حسین)، ئەوانی تر (علی آبن حسین) و (محمد الباقر) و (جعفر الصادق) و ( موسی الکاظم) و (علی الرضا) و (محمد الجواد) و (علی الهادی) و (حسن العسکري) و (محمد المهدي)، ئەوەی نەمردووەو ڕۆژێ دێ بە زیندوویی دێتەوە، بەزیندوویی بە ناوو پەیامی (مهدی المنتظر) دێتەوە، میللەت و نەتەوەو کەون و کائینات رزگاردەکات، چۆن هەموویان بە کارو بە

خەباتیان شارە زایت، چۆن م   ێژووی بوون و کۆچی دوایی هەموویانت لە بیرە.!؟

هەر جاسم بواری بووایە باسی (السجاد)ی بۆ دەکرد، دەیووت:

سجاد کۆمە ڵە دوعایەکی پیرۆزی شیعە کانە، شیعە کان و کەسانی زۆری سۆفی ئە   و دوعایانە یان لا مە  بەستە، بە و دوعایانەی علی کوری حسینی کوری علی  (خودای لێرازبێت)، لە پەروەردەگار نزیک دە بنەوە، ئە وانە ناخ و دوعای ئیمامە کانی (اهل البیت) ن.

ئەفسوسی گەرمی بۆ ونبوونی 11 دوعایەکی ناو السجاد هەبوو، کە ئێستا تەنها 54 دوعای لێ ماوەتەوە..

ئەوەندەی بۆ باسکردبوو، ئەویش دەیووت:

یەکێک لە هەرەناو کتێبە ناودارەکانی شیعەکان (نەج البلاغة) یە، کە بریتییە لە کۆمەڵەیەک لە وتارو رێنمایی و نامە و پێشنیارو رە وشتە بەرزەکان، کە ئیمام علی لە ژیانیدا فەرموویەتی، لەوانە 238 وتارو 79 پەیمان و بەڵێن و 488 قسەی نەستەقن.

....

کێ دەڵێ، ئەو بەختیارە شەلەی ئەو ئێوارە درەنگەی هوشیاری بە دوو بیری ساردی فە ریدە مەستکردبوو، بۆیەش بە پاسەکەی تاجی رانەگەیشت، لە ترس و هە ڕەشەی کە ناسە میسرییەکان،

بەپەلەو بە دڵەراوکێ، خۆی گە یاندبووە، هوتێلە کە. لەو گێژاوە چاوەڕواننەکراوەدا کڵاوەکەی بەیانی دیار نەمابوو، هەر ئەو حمە توفیقە لاجانییە نەبێت، کە لە شارەکەو لەناو خانووە لاچەپەکەی سەر گردە کە بەرگدووری دە کرد، ئە و بە پێوە ئەوی نە دیبوو، کە رۆیشتن بە رێی نە کردن، کە چوونە ژوورەکە لەبەریان ە ە ڵنەستایەوە، لە سەر مە کینەی دوورمانە کە هەڵکورمابوو، قاچێکی درێژکردبوو . یان پاش ئە و دیشلە مە خواردنەوەیە بریندار بووبێت.

ئەو بە ختیارەی ناو همبرگرە کەی ئە بو یونان، حمە توفیق بوو، ئەو سیاسیانەیە بیریان تیژە، سەرناسن، کە چاوی بەو کەوتووە، ناسیوویەتیەوە. ئەو کادیرانە لە ناسین و کۆکردنەوەی خەڵک زۆر پەرۆش بوون، لە دەرهێنانی ناوو رە چەڵەک و شێوە ی زۆرترین کەس، ئە لقەیان گە ورەتربووە، هێزیان ئە ستوورتربووە، بە دەنگ خەڵکی دەناسنەوە، بە شەو سەرناسن، بە رۆژ بەلەدن.

بۆ ئەویش نەیناسیوەتەوە، هوشیار وتوویەتی:

( من کە جلی سەربازییم لەبەرکرد، مۆرالم گۆڕا، جلی ناوەوەو دەرەوەم گۆڕا، لە وەتی من هە م، فانیلە ی سپی لە بن کراس لەبەردەکەین، لێرە فانیلەی خاکییان پێ لە بەرکردین، زنجیریان بە ناوو ژمارە ی خۆمانە وە، بۆ مردن و ناسینە وە لە مل کردین، دەستم گۆڕا، پەنجەکانم گۆڕا، کە دەرۆیشتم سەرم هەر نەوی بووە،

بۆیە زۆر بەهەلە دەرۆیشتم، من کە ربووم، دەبەنگ بووم، رە نگە ئەو خ واردنەی رۆژانە بۆمان لەناو (قصعة) ی دەکەن باندۆری هەبێت، ئەو زمانەی پێمان دە دوێنن، ئەو وردەکاری رۆژانە . لە رەگەوە مرۆ دەگۆڕن، ناو دەکەنە ژمارە، باو دەکەنە قەدەغە، شیاو دەبێتە تاوان و سزای گەورەی لەسەرە.

کە جووتە پۆستاڵەکەیان بۆ هاویشتین، من چوومە وە لای نائیب عەریفەکەی ( میرە) و وتم:

ئەو جووتە پۆستاڵە بۆ من تەسکە، ئازارم دەدەن، بەتووڕەیی وەڵامی دامەوە:

دەتوانی لە گەڵ ئە بوخەلیلێکی تر بیگۆریتە وە، دوورکە وە، سەرقاڵم مەکە، من چە ندی زووە دەمەوێ لەناو ئەو پۆستاڵانەدا دوورکەومەوە، من لە سەعات شەشی بەیانیەوە لەناو پۆستاڵم،

پۆستاڵ وەردەگرم،

پۆستاڵ دەژمێرم،

پۆستاڵ دەبەستەم،

پۆستاڵەکان جووت جووت قەیتانیان تێدەگرم،

لە ترسی ئامیر ناچارم سەدان پۆستاڵ پاک بکەمەوە،

من بوومەتە پۆستاڵچی،

من بوومەتە بۆیاخچی،

من بوومەتە پینەچی ..

(دوایی سە ربردەی ئە و پۆستاڵە تان بۆ تە واودەکەم. ئەو پۆستاڵەی وەک گازو پلایز گۆشتی لە قاچی چەپم دەکردەوە).

بۆ پیاوەکان بەیەک قاچ دروست نە بوون، دوو پێیان بۆچییە ، منیش ئەوەندە ماندوو نەدەبووم، لێراهاتنە، یەک پێ و تە واو، پاسکیلیان بۆ یەک پێ دروستدە کرد، بەیەک پێ یاری فوتبۆلیان دەکرد، پانی گۆلەکەیان تەسکتر دادەنا، یاریزانیان زۆرتر دە کرد، ئەو هەموو پۆستاڵەشمان نەدەویست ..! با ژنەکانیان دوو قاچیان هەبووایە، کوڕ بە یەک قاچەوە لەدایک بووایە، کیژانیش بە دوو قاچەوە لە دایکبووانە، نازدارتریش دەبوون.

با بۆتان بسە لمێنم لەوەتی من بوومە تە سەرباز، لە ڕۆژی یەکەم کە لە نهۆمی سەرەوەی (تجنید) ەوە کە (دەفتەر خدمە) کانیان وەک کۆتر بۆ فرێ دە داینە خوارەوە، دەبووایە بیگریتەوە ئەگەرنا تەڕ دەبوو، دەکەوتە ناو چڵکاوی

سەوزە فرۆش و

ماسی فرۆش و

توورفرۆش و

ماست و پەنیرفرۆشەکانی بنەوەی تەجنیدەکەی ( تەیراوە).

(دواییش سە ربردەی ڕۆژی یە کەمی بە ڕێکردنتان بۆ دەنووسمەوە).

....

پاش نیوەرۆیەکی درەنگ، سەرم نەوی، چاوم لەبەر پێی‌انم بوو، رووم بە پاسێک تە قیەوە، سە رم هە ڵبڕی شوفێرە کەی لە سەر سووکانەکە چاوەڕوان دانیشتبوو، قوومی لە جگەرە سۆمەرەکەی دەدا، دووکەڵەکەی ناو پاسە کەی تە ماویی کردبوو، لە پەنایەکی جامەکەی پێشەوەی پاسەکە، پارچە لاستیکێکی لەزگە بە جامەکە وەنووسابوو، لە تابلۆیە ڕایلۆنە گچکەکەدا نووسرابوو، (آمانة العاصمة باب المعظم ـ التاجي )، شانم بە تەنیشتی پاسە کە خشاندو پێی راستم بە رزکردەوە، بە دەستم دە رگاکەم باشتر والآکردەوە، لە کەلەنە تەسکی دە رگاکە چوومە ناو پاسەکە. من یەکەم نەفەربووم، لەناو دووکەڵی جگەرەی شوفێرە کە، چاوە کانم کورسییەکەی پێش ریزی پشتەوەی ناو پاسەکەی نیشاندام، جەستە بێتاقەتە ماندووەکەم بە کورسیەکەدادا، شانم بە تەنیشی جامەکەدا، کە مێک تە ماشای ناو گە راجە قەرەباڵغەکەم کرد، زۆریش ئاگام لەخۆ نەبوو، ماوە ماوەش دەرۆیشتم.

ژنێکی لادیی معێدی عە بارەشی خووری ئە ستووری فش، سەربەستراو، ناوقە د پێچراو، دە ست کوتراو، نیوچە وان کوتراو، روومەت سیس، چاوکزی ماندوو سواربوو، بە پاڵدان و بە خشەخش گەیشتە پشتەوە، بارە ئەستوورەکەی لەسەر دوو کورسی بە تاڵی تەنیشت یەک، لە نزیک من دانا، باری نیوە پیکەبێکی هەڵگرتبوو، دەمێک خەریکی کردنەوەی پشدێنەکانی پشت و ناوقەدو ناوشان و مەچەکی بوو، دە نگی لێدانی شخارتە یەک هات، بە دووکەڵی

پشتەوەم زانیم ژنە کە جگەرەیەکی داگیرساندەوە، کۆخە کۆخە ئەستوورەکەی پاسە کەی دە لەراندەوە، بارە کەی کورسیە کانی پشتەوەی گرتبوو، یە کێکی تریش سواربوو، هە ردووکیان باش یەکتریان دەناسی.

(دوایی تێدەگەن، ئەو دوو نە فەرە، ئەو دوو ژنە معێدییە بۆ یەکتریان دە ناسی، بۆ زۆ ر بە یەکەوە قسەیانکرد، بۆ باریان زۆر گران بوو، بۆ بە تەنهابوون، بۆ هاتنە ناو پاسە کەی سە ربازگەی تاجی).

ئەگەر ئەو دوو ژنە سفوور بوونایە، هزری ئەوە دەکرا، ئەو دوو ژنە لە نەخۆشخانە پەرستیاربن، یان لە بەدالەی سەربازگەبن، لە (بهو) ی ئەفسەران کاری خاوێنکردنەوەی ناو چێشتخانە بکەن، یان لە ئیدارەی فیلق نووسەری تایپ بن.

پیاوێک سواربوو شا ن و شە وکەتی لە گۆرانیبێژە (ریف) یەکان دەچوو، عە بایەکەی سە رشانی بە نەخش و بە چنین بوو، هە ردوو دەستی زە رفی کە لوپەلی پێبوو، یە کێکی تر هات، دە دەوازدە نەفەری لەو شێوەیە سواربوون،

ئەوانەی هاتنە ناو پاسەکە دەست بەمەنجەڵ،

شان بەکەواو عەبا،

چاورەشکراو، گەردەن کوتراو، مەچەک کوتراو، عەگال ئەستوور، عەگال باریکی یەک بازنەیی، دوو بازنەیی،

رەنگە هەر جۆرێک لەو عەبایانە ناوو شێوەو بۆ نەو عەشیرەت و پایەی کۆمەڵایەتی خۆیان هە بێت، بەڵام من و هە موو کوردێک هەر یەکجۆرو یەک ناو و شێوەیان دەزانین ..

کەسیان قسە یان لە گەڵ من نە کرد، کە سیان بێجگە لە سڵاوەکە، کە منیش بەبزەو بەسەری لێوەوە وڵامم دەدانەوە، قسەی تریان لە گەڵ من نە کرد، هە موو دانیشتن، بە زمیان گە رم بوو، بابەت و سەربردەی زۆریان گێرایەوە.

ئەوەی لە شەقامی سەعدون سەردانی دکتۆری کردبوو،

ئەوەی لە (مدینە الطب) سەردانی نەخۆشی کردبوو،

ئەوەی بۆ وە رگرتنی کوڕەکەی لە کۆلیژی ئەفسەرو فرۆکەوانی بۆ سۆراخ و بۆ پێزاوی هاتبوو، یەکێک هاتبوو لە (الکمالیة) لە لای کێوەلییەکان ددانی زێر دروست بکات،

یەکێکیان هاتبوو لە سەربازگەی رە شید سە ر لە کوڕە گیراوەکەی بدات، ئەوەی تریان بۆ ...

چاوەکانم زۆری تە ماشاکردن ماندووبوو، کزبوو، گچکە تر بوونەوە، ئاگام لە خۆم نە بوو، بێرییە کەم بە چاوان داداو زۆرتر کوژامەوەو خە وم لێکەوت .. پاسەکە بە لارەلار دە رۆیشت، تایە خوارەکەی پاسە کە، پاسە کەی وەک لانک دە هەژاند، ماوە یەکی باش بوو پاسە کە لە باب المعظم دە رچووبوو، لە پردەکەش پەڕیبۆوە، کە چاوم کردە وە، لە دەرەوەی شاربووم، لە دوورەوە تابلۆیەکی زە ردی گچکە ی رێگای نێوان شارە کان بە دەرکەوت،

لەسەر تابلۆیەکە خوێندمەوە، نووسرابوو، (بلد 60 کم)، پێش ئەوەی بگاتە تابلۆیە زەردەکە لە رێگایەکی خۆڵ لایدا، چاوە ماندووەکانم هە ر ئە وەندەی بینی و خە وو هە ژانی پاسە کەو ماندوویی خۆم چاوەکانی داخستمەوە.

هەر ئەو نەنووستبوو، ژنەکان زوو خەویان لێکەوتبوو، پیرەکان لێو بەجگەرەی کوژاوەوە خەویان لێکەوتبوو. شوفێرەکە بەدەردوو دەستی توند سووکانە گەورەکەی گرتبوو، لە بەر پارچە ی ناو تایەکیان، پاسە کە لەدەست شوفیرە کە وەریدەرگرت، راستە رێ نەدەبوو، لای دە دا، وە ریدەگرت، لە دەرزی جامەکان، لە کەلەنی گەورەی دە رگاکەوە، تۆزێکی ورد دە هاتە ناو پاسە کە، تۆزەکە دەخشی، بەنەرمی دەهات، لەسەر لووت و لە بوکلەو لە سەرشانی دەکەوت، عە با رە شەکەی ژنە کان، عە بای سە رشانی پیاوە کان، یەکپارچە تۆزی گرتبوو، تۆزە کە لە هەڵم دە چوو، باوە ش باوە ش دەهاتە ناو پاسەکە.

چاوەکانی کردە وە، لە ناکاو و وە ک ئە وەی داوە کانی سمێڵی گرانببن، دەستی بۆ سمێڵی برد، بینی پارچەیەک تۆز بەدەستیەوە وەنووسابوو، تەماشایەکی ناو لەپی کرد، ویستی بڵێ، ئەو زۆربەی ئێوارەکان بۆ نانخواردن و کڕینی رۆژنامە و کات بە سەربردن، لە سەربازگە دادەبەزێت، بەو پاسانە دەگەرێتەوە، هەرگیز وا تۆزاوی نەبوو، غە رقی خۆڵ و تۆزو غوبار نە بووە، ئە مجارە بۆ وا دەستەیەک غوباری لێنیشتووە ، بۆ .. چاوی باشتر کردە وە، بینی

پاسەکە لە بیابانێک دە ڕوات، لە دوورەوە، چە ند دارخورمایە ک سەربەرز دیارن، لە دوورەوە بینی چەند خانووێکی قووڕی نەوی و سابات و کوخی حە سیر دیارن، کە چاوی کردە وە، تە ماشای نەفەرەکانی کرد، کە سیان وە ک ئە و سە رسام نین، کە سیان بە دەشتەکە نەشێواون، زانی بۆ تاجی ناڕوات، زانی هەڵەیەک هەیە، بۆیە لەناکاو ئەو رستەیەی لە دەم دەرچوو:

_ بۆ کێ .. راگرە، کوانی سەربازگەی تاجی ..! بۆ کێ ..!!؟؟

(ئێوارەکە بەختیارە شەل، بە هانای هاتبوو، دوو بیرە ی بۆ داواکردبوو، تێنویە تی شکاندبوو، راستی کردیتە وە، تا بە خواری بچێتەوە، یارمە تی دا تا نە چێتەوە، دە ستی گرت تا تووشی فیلمێک هات، بەسەر کەس نەهاتبێت ..! لەو بیابانە، لە ناو ئەو عەرەبە لادێیانە، لە و ئێوارە درەنگە کێ بە هانای دێت، کێ دەیباتەوە سەربازگە، ئەو دەبێ بەیانی زوو سە عات شەش ریشی تاشیبێت، پۆستاڵی رە ش کردبێت، لە گۆرەپانی مەشق وەستابێت، دواکەوتن و درە نگ هاتن نییە، بەپێنج دەقە ناوەکان دەنووسرێت، ناوەکان دەدرێتە ئامیر سریە، ئەویش دەیداتە ئامیر فەوجەکەیان، یەک رۆژ دواکەوتن، یەک هەفتە ئیجازەی دوا دەکەوێت).

کابرای شوفێر کە گوێ لە و هاوارو گازە کەبوو، بە هەموو هێزییەوە، بە سەندەڵە ڕەقەکەی پێی لەسەر ئیستۆپەکە داگرتبوو، پاسەکە لە شوێنی خۆی چە قیبوو، رە ق راوە ستابوو، وە ک ئە وەی

هەستی بە بوونی مینێک کردبێت، هە موو تایە گەورەکانی لە بن پاسەکە بێنە دەرەوە، گەیشتبێتە سەر بۆسەی شەیتان، وا وە ستا زۆری نە مابوو، پێشە وەی پاسە کە بڕوات و پشتە وەی جێبهێلێت، هێشتا باش نە وەستابوو، ئاوڕێکی سە رسورهێنەرانەی بۆ پشتە وە دایەوە، بۆ لای سە رچاوەی هاوارە کە ئاوڕی دایە وە، ئە و زوو دەیزانی دەنگەکە لە کێوە هات، دەیزانی، تەیرێکی عەنتیکە لەناو قەفەسەکەیاندایە، ئە و باش دە یزانی قە ڵاجێک لە سواندەکەی ئەوان نیشتووتەوە، دەیزانی شوانێک بەرخێکی لێ گووم بووە.

لەناو پاسەکە ببووە مقۆ مقۆ، شوفیرەکە دەستی لە سوکانەکەی بەرنەدا، بە ناچاری پشتە ئەستوورەکە سووراند، ملی وە ک گاردینی پاسەکە لواندەوە، هەموو تەماشای سەربازە تەنهاکەیان کرد، چاویان بە قەد لایتێکی دە ستی کردە وە، کە سیان روویان لەپێشەوە نەمابوو، هە موو روویان لە و کرد، پاسە کە وەستابوو، ئێوارەیەکی درە نگ بوو، بواری ئە وەیان نە بوو زۆر لە بوونی ئە و سەربازە بکۆڵنەوە، بە یەکەوە، هاتنە قسەکردن، بە یەکەوە تەماشایان کرد، بە یەکەوە بە دۆزینەوەی ئە و دە نگە، شۆک و سەرسام بوون.

سەربازەکە خۆی لەگەڵ کورسیەکە کردبووە یەک، لەناو پیاوە سەر بە عەگالەکان، ژنە شەدە گەورەکان، لەناو مەنجەڵە سپیە نوێیەکان، لە گەڵ پرێسکە و قونکە فەردەو پاشکۆو تە نکەی مشت کەلوپەلی لادێی دیار نەبوو. دەنگی دەهات و رەنگی نەبوو، قسەی

دەکردو مانای نە بوو، دە یگووت و کە سیان سە ریان لـە قسەکانی دەرنـەدەچوو، بە جدی و بـە سۆزەوە پێیدەووتن ئە وان بـە گاڵتـەوە دەیانبیست.

_ من دەبێ بەیانی سەعات شەش لـە (عرضات) بم ..!!

ئەبو خە لیل، گاو گۆلک و مریشک و جووجکە مان لـەبەیانیـەوە جێهێشتووە.

_ من راست سواربووم، من هەڵـەم نـەکردووە..!!

ئەبو خـەلیل، تاجی چی .. معسکەری چی ..

_ ناکرێ، نـابێ .. مێوانـی چی و مانـە وەی چی .. من سەربازم، بەیانی (غائب) دەدرێم، سەرم سفر دەکەن.! من و سەر سفر کردن.!

(عەسکەری کەس ناناسێت، (زحف) بـە جیولوجی و بایلوجی و جفاجی و .. بـە هەموو کە سێک دە کات، کە هاتوویت، شتە پیرۆزەکان، بە رگە تایبەتیەکان، شە هادە بەرزەکان، ناوە گەورەکان، ژن و ماڵ و منالّە کانت لـە رۆژی بـە رێکردنـەکە جێهێشتووە ).

من لـە ناو گۆڕە پانـەکە پاسەکـەم بینی، سە رم بـە رزکردەوە، لـە جامـەکە نووسرابوو، تاجی، منیش هەڵـەم نـەکرد، یـەکسەر سواربووم لـە شوفێرەکـەم نـە پرسی، پرسی ناوێ، ناوە کـە نووسرابوو، تاقـەتم نـەبوو پرسیاربکـە م، ترسام زوو شوفێرە کە وڵامم بداتـە وەو بـەتوورەیی پێم بڵێت:

ئەبو خە لیل چاوت نابینی، نابینی وا نووسراوە ، تاجی، سەرکەوە، ئە گەر پارە ی خوردە ت هە ڵگرتووەو سواربە ، ئە گەرنا پاسی پاش من وەرگرە..!

ترسام بپرسم، زۆر ماندووبووم، چە ند سەعاتێک بوو مە شقمان تەواوکردبوو، بە پەلە هەر لە عرضاتەوە، چە ند هە نگاوێک دوورکەوتمەوە، لە ناو پاسە سوورەکەی نهۆمی دووە می خۆم دیتەوە، بۆرژام، کە چاوم کردە وە، نزیک (علاوي الحلة) بووم، بە پاسی (المنصور ) لە ( الكرادة ) هاتمە ئەو بەرە، لەوێ لە سعدون خۆم دۆزییە وە، نانم خواردو لە ناو کتێبخانە کان خۆم دۆزییە وە، چەند کتێبێکم دە ستنیشانکرد، تا لە ئیجازەی داهاتوو بیانکڕم، زۆر سوورامە وە، لە باریکە رێگاکەی آبو نوا س لە سەر رووباری دجلە، لەگەڵ بۆنی ماسی برژاوو بۆنی ( حليب السباع ) ، تا باش ماندووبوم پیاسە م کرد . بڕوام وابوو چە ند درە نگتر بچمە وە، ئەوەندە خۆشترە، بۆیە زۆر دوا دەکەوتم، بە درێژایی شە قامی (الرشيد) سەرکەوتمەوە، تەماشای وێنەی ناو جامخانەکانم دەکرد، لە دیار ملپێچە ئەستوورە رەنگ سوورەکان، ئەفسوسم دە خوارد، لە پێش سینە مای (الخيام) ماوەیەکی باش لە دیار وێنە گەورەکەی ئە کتەری میسر ی (نجلاء فتحي ) وەستام، قسە کانی مامۆستایە تەمەن گە ورەکەمان، ئە وەی ژنی نە هێنابوو، هە بوو دەیووت، نێرەمووکە، بۆیە ژن ناهێنێ، بۆیەش تا ئە و کەماسییەی پڕ بکاتەوە، زۆر باسی ژن و کیژان دەکات، ئەو دەیووت:

ئەو نجلاء فتحییە زۆر جوانە ، کە پێدەکەنێ جوانە ، بەگریانەوە چاوەکانی جوانترو گە شتردەبن، جوانە هەموو مۆدەکانی جلی لێ دێ، پانتۆری تە سک، شارلستۆنە بەرینەکانی ژمارە چل و سە رووی چلی لێدێ، کە توورە دەبێت، ئە گەر توورەبوون لە هەموو کە س نە وەشێتەوە، ئە وە لە نجلاء فتحی دەوەشێتەوە، بە چاویلکە گەورەکانی ئە گریجەو کولمە و رووممەتەکانی زۆرتر دە کرێنەوە، بە کەمەری پشتی، بە دەستوجگەرەی و بە خەناوکەی ملی، بە هەلبەزینی بۆ سە ر سینگە بە مووەکەی محمود یاسین و حسین فهمی، خودا هە موو شتی پێداوە.

لەولاوە (هوشیار بایز )ی پشدێن گە ورە، بە دەنگە کەرخەکەیەوە، لەرێزی پشتەوە خۆی لەسەر رەحلەکە دەسووراندو دەیووت:

هەموو شتی پێدراوە ، تەنها ئیمانی نییە ، هەموو شت بۆ ئە و دونیایە ئاسان و لە بەردەستانە، تە نها لە و سە ری نە بێ، کێ بەهانای دێت..!

قوتابیەکان، زۆربەیان ولامیان دایەوە، دەلێی لە پەنا سێبەری مزگەوتی گوندی دانیشتوویت، ئێرە هەوە، ئەو دونیایە هەوەو ..

مامۆستاکە قسەکەی نەبڕی، بەپێکەنێکی قوولەوە دەیووت:

هەر لێرە تەواوبوون، بڕۆنە سینەمای (سیروان)، بڕۆنە خزمەتی نجلاء فتحی .. بڕۆن لە باتی منیش هەناسەی لێوەرگرن، لە باتی منیش بۆی بسوتێن ..!

لەناو دینگەکانی شەقامی رەشیدا کاتێکی باشم بەسەربرد، کە گوێم لە دەنگە بەسۆزەکەی (آم کلثوم) بوو، زانیم بەرەو (المیدان) دەرۆم.

له پرده ئاسنەکەی نزیک بە شی ناوخۆییه کەی باب المعظم پەریمەوە، تا خۆم لە ناو گۆره پانی پاسه کان دۆزییه وه، له ناکاو ئەو پاسه م هاته بەرچاوو سواری بووم، من ماندووبووم، من بێزاربووم، من شەرمەزاربووم، من ...

.....

شوفێره سەرزلەکە، یه کێک لە عەگال به سەرەکان، یه کێکی تریش، هەموویان بەیەکەوە، بەڵام بەدەنگی جیاواز لە قەبەیی و سەرسامی و بە شۆکەوە، وتیان:

ئەبو خەلیل، ئەو پاسەمان بۆ گوندی ( سحابە) بەکرێ گرتبوو، بەیەکەوە هاتووین، بەیەکەوە دەچینەوە، تایبەتە بۆ ئێمە لەوێ وەستابوو، شوفیرەکەش خەڵکی گوندەکەی سەرەوەی خۆمانە، ئێمە دادەنێت و ئەویش ماندووەو دەچێتەوە ناو ماڵ و منالەکانی.

دەنگی شوفێره کە لەناو دە نگەکان دە ناسرایەوە، بۆیە بەتووڕەیی و بەخەمەوە، وتی:

_ کاکە ئەبو خەلیل، ئێستا چی لە تۆ بکەم ..!!؟؟

( زۆر بێ منەتانە) هوشیار وڵامی داوەتەوە:

بمگەڕێنەوە شوێنی خۆم، لە کێ منت بەهەڵە هەڵگرتووە، بمگەڕێنەوە ...

_ بە عەرەبی وتی ( لو یجی ربک)، ئەگەر خوداش بێت.!

پیرەمێردێک یەک آستغفراللەی گەورەی وتەوە.

یەکێکیان لەو نزیک بوو، بەرووپەکی باوکانەو وتی:

من ئە مشەو ئە بو خە لیل دە بەمەوە ماڵی خۆم، بە یان زوو بەرێیدەکەمەوە، میوانی منە ..!

ژنێک و پیاوێک بە شوفێرەکەیان وت:

برۆ .. لێخورە برۆ ( آبو حمید) درەنگە، شەومان بەسەرداهات.

ئەبو خەلیلیش لە جێگای خۆییەوە، بە دەنگێکی بەرز وتی:

نا ئەبو حمید مەرۆ، چارەی من بکە، من ..

ئەبو حمید دە ستی بۆ سولفە کەی برد، بە ڵام ئە بو خە لیل سووربوو نە ڕوات، ئە و بگە ڕێنیتەوە، ئە و بباتە وە گۆرەپانی باب المعظم، بە و پاسە ماندووە، بە کەسەکانی ناو پاسە کەوە، هەموویان لە بەر بە ژن و باڵای ئە بو خە لیل و ل ە سەر شە رەفی سەربازێک، تا ( شط العرب) نەگەڕێت، تا گە مارۆکەی سە ر شاری (عبادان) بەئاگرو ئاسن بمینێتە وە، تا مووشە کانی سە ر تارانی پایتەختی ئیران بەردەوام بێت، تا (نوسود) ی هەروامیانی ئەودیو لەبەر رە حمەتی (صنادید) ی قادسیە بمینێتەوە، دە بێ ئەو ئەبو خەلیلە ببەنەوە، ئەو شەو بگاتەوە سەربازگەی تاجی، بێچتە وە

سەر هاوە ن شێست ملیمە کەی .. دەبێ بچێتە وە، ئە گەرنا نائیب عەریف جاسم، زوو دەڵی، کاکە .. زۆر بێ وەفابوو، فیراری کردو بە منی نە ووت، رۆیشت و خوداحافیزی نە کرد، زۆرم مابوو بۆی بڵێمەوە، کەمم وت و زۆرم مابوو.

پاسەکە لە ئێوارەیەکی درە نگ لە رۆخی جۆگە یەک کە ئاو بۆ باخچە و مە رەزەکان دە بات، لە و تە نیشتەوە، پارچە یەک خوێی سپی موژدەی ئەوەی دەداتێ، هێشتا دونیا رووناکەو خەمی نەبێت، هەر دەگاتەوە تاجی، لە دوورەوە یەک دوو ماڵ دیارە و کەسوکاری عەرەبە دەستبەسەرەکانی ناو پاسەکەن، زۆر تەنگاون، چاوەروانن نازانن، بۆچی پاسە کەی ئە بو حمید لە ناوەندی رێگا چە قیوەو کەسی لێ دانابە زێت، ئە گەر تایە شەتوخوارەکانی پە نچەر بووبێت، ئەوە پیاوەکان لە گەڵ ئە بو حمید سپێرە گەورەکەی بۆ دادەگرن، ئە گەر پارچە یەکی شکابێت، هە موو دادە بەزن و شان بەبارەوە بەرەو ئاوایی دێنە وە، ئەگەر یە کێکیان نە خۆش بێت .. ئەگەرنا .. ئەو پاسە بۆ لەناو چەقی رێگا وەستاوە؟.

بۆیە یەکێکی تر هاتە تەنیشت ئەبو خەلیلە یاخییەکە، کە بێ چەک بێ رومانە ی دە ستی، بێ شە ستیر دە ستی بە سەر پاسێک بەچەند عەرەبی ژن و پیاو داگرتووەو وتی:

کاکە تۆ میوانی ئێمە یت، خۆت ماڵی کاممانت دە وێ، چە دەخوازی، چە خواردنت دە وێت، بە و شە وە (هبیط) تت بۆ ئامادەکەین، بە رخێکی ناسکت لە تەندوور بۆ سووردە کەینەوە،

ماسیت بەئاگری سعفی خورما بۆ دەبرژێنین، رۆبە (ماستی شل) ت، ئەستووکی تەندوورت بۆ دەکەین ...

یەکێکی تر هاتە تەنیشتی و وتی:

کاکە ئەبو خەلیل. تاوانی ئێمە نییە، خۆت بەهەڵە سواری ئەو پاسە بوویت، میوانمان بە، لەسەرچاوان ..

یەکێکی تر وتی:

من ویستم قسە بکەم، کە بینیم، زانیم بێگانەیە، زانیم میوانە.. بەڵام ئێمەی عەرەب لە مێوان ناپرسینەوە، تا زۆر نەمینێتەوە، تا بێزاردەبێت، وامانزانی ...

پاسەکە بەدەستی سە ربازێکی کورد راگیراوە ، رێگای پێشی لێپێچاوەتەوە، پردە کانی سە ر رێگاکە ی هە ڵگرتیتەوە، گازی ناو تانکییە گەورەی هە ڵمژیوەتەوە، سووکانە کی لە شوفیرەکە وەرگریتەوە، کلاجەکەی لابردووە، بەنزی ئیستۆپەکەی لێکردیتەوە، ناهێلێت ئەو پاسە بە سەرنشینە عەرەبەکانەوە یەک مەتری تری بڕوات، با دایک و باوکی گەورە ئەفسەری ( قوات الخاصە) ش بن، با مام و خاڵی سە فیرو وەزیرەکانی بە غداش بن، ناهێلێت یە ک بست بجوڵێنەوە، پاسەکەی لە ئامێزگرتووە، توندی گرتووە، هەموو تایە گەورەکان و گاردین و دینەمۆی دەرهێناوە.

....

من میوانی ئەوانەبم، شەو لەلایان بمینێمەوە، کەس بە شوێنم نازانێت، کە س نازانێ، نائیب عە ریف جاسمم لە گەڵ بووایە باشتربوو، ئە گەرچی ئە و شیعە ش بوو، حە زی بە چەهرەیان ناکات، راستە ئەویش وەک ئەوان عەرەبە، بەڵام وەک یەک نوێژ ناکەن، وەک یەک سوێند ناخۆن، وەک یەک جنێو نادەن.

شیعەکان زۆریان سە ربازو نا ئیب عە ریف و عە ریف و (ضابط صف)ن.

سونەکانیش زۆریان ئەفسەرو

عمیدو

مقدم و

فرۆکەوانن،

سەرۆک و

وەزیرن.!!

زۆربەیان لە باڵوێزخانەکانن،

سەفیرو

قونسل و

بەرپرسی کەلتووری و

بەرپرسی سەربازی و

گەورە بەرپرسی تۆڕی ئیستخباراتن،

زۆریان سەرۆک وەفدن، دەچنە سۆڤیەت و بە رلینی خۆرهەڵات، دەچنە چین و بەرازیل.

زۆریان بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانن،
کلیل بەدەستی کۆگاکانن،
دەمراستی بڕیارەکانن،
گەورەی دیوەخانەکانن،
گەوادی مەلهاکانن،
قۆنتەراتچی گەورەی پڕۆژەکانن.
لێپرسراوی ( ئۆرزدی پاک) و
( رافد) و
( باتا ) و
( آجهزة الدقیقة ) و
( آثاث المنزلیة ) و
( الشرکة العامە للسیارات ) و
( آجهزە و معدات و آلات الزراعیة ) و
( علف الحیوانی ) و( سمادو یوریای زراعین ) و
( مواد غذائیە ) و
فرۆشیاری ( گۆشتی مجمدەکان و ماسییە گەورەی دەریاکان و مریشکی بەرازیلی و پەنیری دانیمارکی ) و
دابەشکەری غازو بەنزین و گازو نەوتن.!
دارو کەرپووچ و چیمەنتۆو گێچ و ئاسن و ئە لمنیۆم و مەڕمەڕو کاشی و جام و بلۆک و نەوت و گازو تراکتۆرو ئوتومبێل و .. لە بن دەستی ئەوانە.

ئەوان لە  کۆلیژەکانی راگە یاندن و سە  ربازی و فرۆکە  وانی مەدەنی و سەربازی و ئەرکان و نەوت و ئەمنی قەومی و سیاسەت و تە رجمەو ئامۆژگە ی قە زائی و پۆلیسی  وە   ردەگیرێن، کورو کیژەکانیان ماجستێرو دکتۆرا       بەئاسانی وە  ردەگرن، دە  چنە زەمالەو بە پارەی حکومە ت لە  دەرەوە بابە تی باش و دە  گمەن و نوێ دەخوێنن،

ئەوان سەربازەکانیان، لە شارەکانن.

مامۆستاکانیان بەرێوەبەرن،

دکتۆرەکانی زانکۆیان عمیدو سە  رۆک بە ش و سە رۆک زانکۆو کۆلیژن،

سەندیکاکان بۆ ئەوانە،

رێکخراوەکان لەوانە،

تەلەفۆنیان بۆ دەبەنە گوندە دوورەکانیش،

ئاویان بۆ دەچێتە ناو بستانەکان،

رێگایان دەگاتە شوێنە دوورەکان،

ئەوانە نامرن، ئەوانە کەمیان دەکوژرێن،

توندو بەبەرگەن و ناسوتێن ...

پیاوەکانیان شە وانە  بە  مۆزیکی شە رقی بە  دشداشەی سپی حەریری خەلیجی، سەما دەکەن، نوێژ ناکەن و دەچنە حەج، پارەی زۆریان دە ستدەکەوێت و زکات نادە  ن، شێخن و تە  کیەیان نییە ، زاناو پسپۆرن و شە  هادەیان نییە ، کە رەستەی خاو بە  ئیستیراد

دەهێنن و کارگە و کێلگە و وەرشەیان نییە ، شە وانە لە باوەشی ژنان دەنوون و ژنیشیان نەهێناوە.

.....

( بەو شەوە بچێتە ماڵە عەرەبێک، لە ماڵیان بمینێتەوە، کێ دەڵێ، ئەوەی دەچیتە ماڵەوەیان باوکی ئەو فرۆکەوانە نەبوو، کە ئێوارەیەکی درەنگ مووشەکانی سەر بەرزایی ( چۆمان ) خستیانە خوارەوە، هەر بە ئاسمانەوە بووە خەڵووزو هەیکەل، یەک پارچە بۆدی رە ق هاتە خوارەوە، ئە و ئێوارە یە فرۆکەکان، باجە رو دوو سۆخۆییەکە وازیان نەهێنا، لە بەرزایی ( مامە رووتە ) وە هاتن، ئەو ئێوارە یە ( ملازم آول الط یار صفاء ) بەختی خۆی و ئەفسەرەکەی یاورو میکانیکیە کەی و بۆمباهاوێژە کەو نەخشەگرەکەی بەرەو سوتان و دۆزە خ هاژووت، ئەو ئێوارەیە دوو ناپاڵمی لە ( شاخی سەکران ) بەردایەوە، دووکەڵەکە ئەستوورو رەش بوو، تا لە ئەستێرەکان نزیک بۆوە ، تا گەیشتەوە هێلی فرۆکەکە، تا لەگەڵ ئامێزە هەورە سپییەکان ئاوێتەبوو، بەرزبۆوە، دووکەڵی ناپاڵم، لوولە یی، ئە ستوور، تاریکە ، هێزی زۆرە ، زۆر دەڕوات، چەند کاریگەری لەسەر بەردو رەوەزە شاخ و دارچروو و قەدی ئەستووری دارگوێزە، ئەوەندەش بەرز دە بێتەوە. فرۆکەکان رۆیشتن و هاتنەوە، هێشتا ژن و منداڵەکان و هەندێ لە پیاوەکانیش لە کونە تەیارەکانی گەلالەو چۆمان و دە ربەندی رایات و پردی

زەردو کە وەرتێ و ناوپردان و بناری بە ردەبووک و بە رسرین و دیلمان و زارگە لێی مابوونە وە، دوو بارە فرۆکە زەبەلاحەکە بەشۆخییەوە، دڵنیابوو مووشەکان رووی تێناکەن، ئەو زۆرجاری تر ئەو ناوچانە ی ناپاڵمباران کردبوو، ئە وانە ئاراستەیان لە و فرۆکانە نەکردبوو، فرۆکە کان ترسیان نە بوو، بە ڵام ملازم آول صفاء لە و جە ولەدا بە هەڵەچووبوو، پا رچە ئاگرێک لە خۆر گەرمتر، کە سەرووی پێنج ملێون پلە گەرمی بوو، کە تیژییەکەی زۆرتر لە 200 کم لە یەک چرکە، رربەرووی هات، ئە و ئاگرە کەی لێوە دیاربوو، لەبەر باری گرانی لە رق و ناشیرینی و بارووده کە، نەکرا دەربازی بێت.

ئەوجارە کەوتە ناو تۆڕە کە، ئە مجارە نەیتوانی دە ستی ئیزرائیل لە هەوکی بکاتەوە. لەو کاروانەدا، دبلۆمات و سیاسە ت پەیرەو نەکرا، چیتر پە یمانەکانی نێونەتەوەیی بەکەڵکی نەهات، مووشەکە گەرمەکە، ئاگرە کە سوورەکە بەجەستەی باجە رە سۆڤیەتیەکە وەنووسا، یەک پێی تر نە چووە پێش، لە شوێنی خۆی توایەوە، لەو ئاسمانە ساردە. لەناو هەوری ساردو تە زیوی بەفرا، بووە خەڵووز، ئاگرە کە بەرهەم و داهات و هێزی سۆڤیە تی کردە پووش، با لیونید بریجنییف بزانی، ئە وەی لە ساڵی 1964 دەسەڵاتی حکومەت و حزبە پیرەکەی لەدەستە، بەفرو بەستەڵەکی هەموو سیبیریا ئاگری فرۆکە باجەرە گڕگرتووەکەی سە ر مامە رووتە، سە ر پردی گە ڵاڵە، سە ر ( بەردەبووک ) ی پێناکوژێتە وە،

هەناوی سیبیریا خۆی گە رمەو ژان و سوتانی زۆری لە ناوە، سۆڤیەت هە زارەها هاورێی ڕێبازەکەی خۆی لە وێ بە خەفەت و بەئازارەوە بە کوشتنداوە.

فرۆکە سوتاوەکە، زامە گەورەکە، یە ک دووجار باڵی لێکداو بەسەر لوتکەی ( شاخیبەراستی ) ئاودیوبوو، ئاگرەکەو هەناوە پڕ ناپاڵمەکە، لە چاوان ون بوون، شاخە کە رایکێشا، دووکەڵەکەی پشت شاخە کە ئەمجارە لە فرۆکەکەوە بوەوە، بە ڵام ئە وجارە هەناوی سوتاوی ئەو دووکەڵی لێ هەڵسا.

کێ دەڵێ یەک لەو شێخانەی ناو پاسەکە، مام یان خاڵی ئە و ملازمە نییە، کە ئێوارەیەکی درە نگ هە زارەها کە س بۆ هەڵگرتنەوە لە چۆمان و گە ڵالەو ناوپردان و رایات و حاجی ئۆمەران و دۆڵی سە کران و باڵە ییان و گوندە کانی دە ڤەرەکە، بەفرو شە ختەیان بڕی، روویان لە دووکەڵەکە کردو راستە ڕی بەرزاییەکانیان کردە ئارمانج، لە نشێووەکان، لە چۆمەکان پەڕینەوە. لە هەموولایەک دوو دوو سێ سێ گەنجان، هەرزەکاران. پیران بە شاخەوەبوون، کە لە کەوتنەوەی پە رەشووتی فرۆکەوانەکان بێومێدبوون، بۆ دیتنی پارچە ی فرۆکە ، بۆ جامی فرۆکەکە، تا بیکە نە دەسکەخەنجەرو دانە ی ملوانکە و چاوی ئەنگوستێلەی و ناوکی مێخە کبەندو شیلانە، بەپەلەبوون، غاریان دەدا، هەناسەسوار دەرۆیشتن.

شەو تاریک داهات، رێگاکان لە کەسانی ناشارەزا گوم بوون، زۆریان پەکیان کەوت و هەورازەکان شەنگ و وزەی خستن، بەڵام چەند کەسێک شەوەکە گەیشتنە سەر پارچە زۆرەکانی فرۆکەکە، یەکێکیان ناوی تاقمی ناو فرۆکە کەی دە ستکەوتبوو، لە گەڵ ناسنامەکان، لە گەڵ ژمارە ی فرۆکە کە، وێنە ی کیژێکیان هێنابووەوە، بە بەرگی دە رچوونی زانکۆوە گیرابوو، لە پشتەوەی وێنەکە نووسرابوو، بۆ خۆشەویستەکەم ملازم صفاء.

ئەبو خە لیل، سووربوو لە سەرئەوەی ئەو بە هەڵە سواری پاسەکە نەبووە، ئەوان بە شوفێرەکەشەوە، بەهەڵە راوەستابوون، ئەوان دە نووسن و ناخوێننە وە، ئە وان پە یڕەوی نووسین ناکە ن، لەسەر ناسین و ناوو بۆن و ڕەنگ دەرۆن.

.....

پێش ئەوەی زیلەکە بەرێ بکەوێت، ئەفسەرێکی ئیستخباراتی لیوا، چادری زیلە کانی گرێ دە دا، نۆرە گەیشتە سەر زیلەکەی هوشیارو نائیب عەریف جاسم و سەربازەکانی تر، شەوەکەیان لێ بووە تاریکستان، دەکرێ مرۆڤ بێ چراو رووناکی بژیت، بە ڵام بێ هەوا هە ڵناکات، لە گەرما کە س ناحە وێتەوە، لە کونی ور دی دڕاوی چادرە کە هەوایەکیان بۆ دە هات. بەهەموو شێوە یەک چادرەکە بووە زیندان.

پێش ئە وەی بە ڕێبکەون، هوشیار بە جاسمی وتبوو، ئە گەر زانیم کاروانەکەمان بەرەو باشوورە، بەرەو بەرەکانی ( عمارة ) و رووباری ( کارون ) ە، من لە زیلەکە دادەبەزم، تفەنگەکەم با لە ئەستۆی تۆ بێت، بە ئیمام سجاد سوێندت دە دەم، ئەگەر رێگاکە ئاراستەی بەرەو باشووربوو، زوو پێم بڵێ، من دادەبەزم، ( نموذج ) ێکی ئیجازە ی بە تاڵم لە گیرفانە، مۆرو تە وقیعی لە سەرە، ناوی خۆمی پێوە یە، وحدە کەش لە بەغدایە. من ناچمە ئەو زە لکاوە. ئەوە شەڕ نییە ، ئە وە کورەی ئاگرێکە بۆ میللە تێک هە لکراوە، هەرچی داماوو بێکەس و بێ پشتیوان هەیە، تێیدا دەبنە قوربانی. کە تێدا یە کەم دە ستە سەرباز بۆ تە قینەوەی مینە کان دە نێرن، دەستەی دووە م کارە بلو تێلە کانی پێشە وە قڕیان دە کات، ژمارەیەکیش تۆپە دوورهاوێژە نیشانشکێنەکانیان دە ست و سەریان دەپەرێنن.

جاسم گوێت لێبوو، ئە و رۆژە ی سە ربازەکەی ( الشطرة ) پەتی پساندو لە تۆڕەوە دەربازبوو، لە پێش ئامیر فە وجەکەمان راوەستاو وتی:

گەورەم، من مۆلە تم دە وێ، من دە مەوێ بچمەوە سەر گۆڕە کەی برایەکەم ..!

مقدمەکەش بەتووڕەیی و بەجنێو وڵامی دایەوە.

( سەربازەکە زۆری لە هەناودا گەلاڵە ببوو، بە تەمابوو پێ بڵێ، گە ورەم، من و دوو برای ترمان سە ربازین، دوو مکلف و یەکمان ئیحتیاتین، بە یەکەوە ناچینەوە، ئیجازە کەمان ئە گەر مانگانەش رێکوپێک بێت بە یەکەوە نییە، کە سمان ئە وی تر نابینێت، مۆلەتی دووانمان بەیەکەوە نییە، یەکمان لە ( سەرپیلی زەهاو)، ئە وی ترمان لە (محمرە) یە، لە دواجاری مۆلە تم کە چوومەوە، ل ە هەردوو براکە م پرسی، وتیان باشن، یە کێکیان هاتووتەوەو بەرێمان کردەوە، رۆیشت، ئەوی تریان نامەی ناردبوو، نووسیبوی لە نۆرەی من مۆلە تمان راوە ستاوە، هە ر کە مۆلەت بکرێتەوە، من دێمەوە. بەلام کە لەناو پاسەکەی ناصریە بۆ بەغدا دەبێ، لە کاتی گەڕانەوەیدا، برادە رێک سە رەخۆشی شەهیدبوونی براکەی لێ دە کات و نازانێ، کە ئەو نە یزانییوە، نە یزانی لە ماڵەوە بەرێیان کردووە و پێیان نە وتووە، دوو هە فتە پێش هاتنەوەی ئە و، سە ندووقێکی پێچراو بە ئالای عیراقیان لە بەر دەرگا بۆ راگ رتوون، وتیان بۆتان نییە سەندووقەکە بکەنەوە، بۆتان نییە ناشتنەکەی دوا بخەن.

کورەکەتان تۆپی بەرکەوتووە، پارچەیەک گۆشتی برژاو سوتاوو کولاوە، لاشە ی بێ سە رو بێ دە ست و بێ پێیە ، لاشە کە کەس نایناسێتەوە، دایکیشی بۆنی بکات، بۆنی نە ماوە، باوکیشی لە ئامێزی بکات، ئامێزی نە ماوە. لاشەکە بە ژمارەکەی ملی ناسراوەتەوە، لاشە کە بەوە زانراوە، ئە وان 8 سەربازبوون لە ناو یەک زیلدا، لە رێ رۆیشتنیان بۆ ( مرابات ) ی پێشەوە بە تۆپێکی

گەورە، زیلەکەو هەشت ئەبو خەلیلەکە تێکەڵبوون، بە تۆپەکە لاستیکی تایەکان و پێی و پۆستاڵی ئە بو خەلیلەکان تێکەڵبوون، وایری پلاکە کان لە گەڵ خوێنهێنە ری چە پ و راستی دڵ و شادەمارەکان لەیەک ئاڵاوون، بە تۆپەکە، سەربازێکی دانیشتووی گەرەکی ( الحیانیە ) ی بەسراو سەربازێکی گەرەکی ( الثورە ) ی بەغدا و رئیس عرفایەکی پیری ( الشامیە ) ی دیوانیەو شوفێرێکی گەنجی چوارشانەی کوردی ( داقوق ) و دووی تری هندیە و حی العامل و الرفاعی و کوڕەکەی ئێوەش پارچە بە پارچەبوون.

سەربازە داماوەکە دەیویست بە ئامیر فە وجەکەیان بڵێت، نەوەک منیش نە گەرێمەوە، مۆلە تێکم دە وێ بچمە وە سەر گۆڕی براکەم، بە یەکەوە لەگەڵ دایک و باوکم بگرێین، بە رشتنی فرمێسکی گەرم دڵی یەکتر بدەینەوە، من دەترسم ..

پاش ئە وەی چە ند جارێک ئامیر سریە و عە ریفی قە لەم، کۆششیان بۆی کرد، تا گە یشتە ئامیر فەوج، ئەویش بەبێ ئەوەی سەری بۆ بەرزبکاتەوە، رێزێک لە خوێن و جەستەی بەقیمەکراوی براکەی بگرێت، بە یەک رستە پێ وتبوو:

باشە، ئەبو خەلیل بەڵام وەفاتنامەمان دەوێت، تا بزانین تۆ راست دە کەیت، کە وا راست دە کەیت، ئە بو خە لیلێکی برات شەهیدبووە، ئێوە زۆر ساختەچیین، سەد بیانۆو درۆ هە ڵدەبەستن بۆ یەک رۆژ ( مساعدە )، کەی وەفاتنامەیەکت بە ناوی برات هێنا، من دوو رۆژ مساعدەت بۆ دەکەم.

# بـەشی سێیـەم

ئەبو خەلیل بوخچەیەکی نەکراوەبوو، تازە بوخچەی کردبووە شان، بەڵام بەپەلەو لەناکاو تەجنید بوخچەکەی لێوەرگرت، بۆیان لەناو دۆلابێکی دە رگاشکاوی ژوو رێکی ( تجنید منطقة آربیل الاولی) ی دانا، بەگاڵتەوە پێیان وتبوو:

با بوخچەکەی سەرشانت لێرە بێت، کە لە عەسکەری هاتیتەوە بوخچەکەت بە سەڵامەتی د ەدەینەوە، دە یان کیژی تە ڕو نازدار بوخچەکەت لێوە ردەگرن، بە نازەوە بۆتیدەکەنەوە، بە زەوقەوە بۆنی دەکەن، بەسینگیان وەدەنێن، بۆی رووت دەبنەوە، مکیاژی بۆ دەکەن، نینۆکی درێژ لە ئەنگوست دەکەن، سووری دەکەن، پەمبەی دەکەن، نینیۆ کە تیژەکانیان لە هەناوت گیردە کەن، زۆریش چاوەڕوانی بوخچە کەی تۆ دە بن، ئێمە ش لە سەرچاوان بۆتی هەڵدەگرین، هە ر بوخچە ی تۆمان لە لا نییە ، زۆرن .! جۆرەها بوخچەی گە ورەو شل و توندو ناسک و نازدارو رازاوە مان لێرە داناوە.

چۆن نابێتە بوخچەیەکی نەکراوە، لە یەکەم داخوازییدا، کیژەکەی نەیویستبوو، وتبووی:

زمانی دەگریّ، فسەزمانە.!!

برادەرەکانی پێیان وتبوو، بۆ دە تەویّ لە (فرقە الانشاد) سروودت بۆ بلّیّ، بۆ ..؟

یەکێکی تری نەویستبوو، وتبووی:

لەڕو گەڕو لاوازە، یەک میسقالّ گۆشتی پێوە نییە، ئەوە چۆن زگوزاری پێدەکریّ.

شەرمیشی نە دەکرد، کە کیژەکانیش ئە ویان نە ویستووە، بە و رازی نەبووبنە، ئەوەشی گێراوەتەوە، زووتر ئەو کیژانەی بەو رازی نەبووینە، باسی ئەوانیشی کردووە، بەلاّم بەپێکەنینەوە دەیووت:

ئەوانەی منیان ن ەویستووە، ژمارە یان کە مترە، بە لاّم من لە پێشەوەم، پلەم زۆرترە.

یەکێکی تری نە ویستبوو، چونکە پێش ئە و، مامۆستایە ک و برینپێچێکی گە ڕەکەیان داخوازییان کردبوو، کە خوازبینیەکە نەبووەو ئەو گومانی لا دروست بووە.

کیژێکی خوێندکار لە بەشەکەی خۆیان، وتبووی:

من شووی پێناکەم، مالّیان لە گەڕەکێکی میللیە.

یەکێکی تر، وتبووی:

لە مالّەوەیان زۆرن و خانووەکەیان گچکەیە.

یەکێکیتری نە ویستبوو، گوایە کیژەکە براکەی بوویتە جیش الشعبی.

کیژێکی تر ئەوی نەویستبووو وتبووی:

من ئەو جۆرە پیاوانەم ناکەوێتە بەردڵان خوێنیان ساردە.

کیژێکی تری گرڕدابوو بچێتە داخوازی، بە یەک هە فتە داخوازیش کراو لە خانووە بەردەکانی (پیرمام) شاییەکی گەرمیشیان بۆ کرد.

بەختی نە بوو، یە کێک زێری زۆری دە ویست، مارە یی زۆریان دادەنا، بنپشک لە هیچ گوندێک، لەناو عەشیرەتەکانی رەوەندیش نەمابوو، ئەو داوای بنپشکیان لێکردبوو.

کیژێکی نەویستبوو، ناوی ( مطیعە) بووە، وتبووی:

ناوەکەی زۆر ناخۆش و گران و نامۆیە ، قەت دایکم ناوە کەی فێرنابێت.!

بوخچەی نەکراوەبوو، چونکە ئەوەی ئەو بەتەمای دە بوو، دوو خوشکی لە خۆی گەورەتری هەبوو، نۆرەبڕیان بۆ نەدەکرد. یەکێکی نەویستبوو، وتبووی لە بەر ناوە کەی، چونکە زووتر یە کێک ناوی وەک ناوی ئەوبووەو منی نەویستبوو.

یەکێکی نەویستبوو بە بیانۆی بەژنی کوولە، بەیەکێکی تری وتبوو دە می زلە ، یە کێکیان چاوی ... یەکێکی دۆزیبۆوە ، ئە و دەمانە پارەکەی دە ستی، بە قەرز دابووە خزمیکی لە شرکەی سیارات ئوتومبێلی پێ تسجیل کردبوو . کیژێکی نازداریان بۆ دۆزیبۆوە، ماڵیان لە حەریرو باتاس بوو، وتبووی، ئە و سە فاو

مەروایەم پێناکرێت . بۆیە بوخچەکەی نەکرایەوە، بە نەکراوەیی رادەستی تجنیدی کردبوو.

.....

لە لاپەرەیەکی نوێی دە فتەر خدمە کەی بۆیان نووسی، بۆ ماوەی شە ش مانگ بۆ خزمە تی سە ربازی ئیحتیاتی رە وانەی مەشقخانەی کەرکوکمان کردیت، کە ناوەکەت لە ( قصعە ) و پلەو مەنجەڵ و ئامادەبوون دەنووسرێت، خزمەکەت بۆ حیسابە.

جارِی بانگکردنی موالیدە کەیان بۆ سێ رۆژی دیاریکراو بوو، رۆژی یەکەم و دووە م، ئەوانەی وحدە ی باش و نزیک و جێگیریان هەبوو، سە ردانی تجنیدیان دە کرد، بەڵام رە ش و رووتە پیادەکە (مشاة) تا رۆژی سێیە م نە دەهاتن، هە مووش بە یەکەوە کۆدەبوونەوە، دەست بەجانتا، دڵ بەخەم چاوەروان دەبوون.

رۆژی سێیە می بانگکردنە کە، هە موو دونیا لە پێش تجنیدە کە کۆدەبۆوە، شار هە موو دە هاتن. ئەو رۆژە ی مە والیدی نوێ بەرێدەکرا دە واجن بە رهەمی لە مریشک و هێلکە کەمی دەکرد، خانووەکانی گەرِەکی (برایەتی) کە تازە بناخەیان دادەنا، وەستاو کرێکارەکان نەدەچوونە سەرکارو دیوار رادە وەستا، چیمەنتۆ رە ق دەبۆوە، بە رد نە دەتاشران، (سەببە) ئاو نەدەدرا، قەڵابە قووم و چەگڵ نە دەهاتن. کورەکانی (قۆریتان) ئاگریان نە کردەوە، ئە و رۆژە، زۆر قوتابخانە دەرسی تێدا نەدەخوێندرا، لە شارەوانی زبڵ

بە گەسکەکان، بە تراکتۆرەکان، بە کەبسەکان کۆنە دەکرانەوە، ئەو رۆژە ژنان لە داخی رۆیشتنی پیاوە کان، نە چوونە بژاری بیستانەکان، رۆژێک بوو سیمای شار ی گۆڕیبوو، دە لاڵخانە ساردوسڕ، گازینۆی شە وانی هە ولێرو سە فین دۆمینە و بەزمی گەرمی تێدا نە دەکرا، (دێوانە) و (سەید کە ریم) زوڕنایان نەدەژەنی.

بانگکردنی ئەو موالیدە، باندۆری لە سەر بازارو خە ستەخانەو قوتابخانەو دەلاڵخانەو قەسابخانە هەبوو، لە سینەمای سیروان و سەلاحەدین و حمرا فیلمەکانیان نەگۆڕی، ژمارەیەکی کەمی پلیتی تێدا فرۆشرا. کوڕی تاقانە دایکیان لەگەڵیان هاتبوون، براکانیان دەست بە جانتا هاتبوون، براکانیان بە ڕێبکەن، بە یانیەکەی زوو دەفتەر خدمەکانیان لە دەرگا دایە دەست سەربازەکەی بەردەرگا، ئەویش دوو دوو سێ سێ دەفتەرەکانی دەبردە سەرەوە.

ئەگەر رووبە ری شارە کە بکەیتە چوار بە ش، بە شێکی سەربازگەبوو، سە ربازگەکە زەوی سە دان دۆنمی جووتیاری ناوچەکەی داگیرکردبوو، کۆنە قەبرستانی لە ناوبوو، جۆخینی چەند جوتیارێک، بیرو بە ربیر، لە ودەو کادین، چاڵ و کۆنە میحرابی مزگەوت، جۆگەو جۆبارو کاروانەڕێ و باخچەو بیستان و پەرێزو قە رسیڵی شوێنە واریان لە ناو ئۆردی مابوو، لە و رووبە رە گەورەو فراوانە دا، پارچە یەکیان نە کردبوو بە تجنید، ئە و

مەڵبەندەی مانگانە سەدان گە نجیان بۆ بە ڕێ دە کات، تجنیدەکەیان کرێچییە.

تجنید لە بینایەکی ئە هلی تە سکی، قالدرمە ڕک و دە رگە گچکەی ناو ماڵان کرێچی بوو، دە رگای تجنید بە رامبەر ماڵی فەرمانبەرێکی تاپۆبوو، تە نیشتەکەیان ماستفرۆشێکی سەرجادەبوو، پشتی بە چایخانەیەکی قەرەباڵغ بوو، رۆژانە دوو هەزار دە ستە ئەزنیف و تاولە ی تێدا دە دۆرا، بیست سی بە رمیل چای تێدا دە خورایەوە، دوو سێ فە ردە شەکری خەت سووری تێدا دەتاوایەوە، هاوینیان بیست سی قالبە ی سە هۆلی بۆ دە هات، زستانان بە سۆبەی سووری بە لوولەو بەنەوت گە رم دە کرایەوە. تجنیدی یە ک و تجنیدی دوو لە سێ چوار ژووردابوو، سە دان دۆسیەی هاوولاتیانی ناو شارو ناحیەکانی قەزای ناوەندی تێدابوو، سجلەکان کۆن و دۆلابی رزیوو شکاوو کورسی شە ل و مێزی کۆن و پانکەی پە ڕخوارو پە نجەرەی شکاو، بە هەموو ژوورە کان یە ک تەلەفۆن، یە ک توالێتی تە سکی سە قەت، یە ک تە نکی ئاوی خواردنەوەی هەبوو.

تجنید کاری بەردەوام و زۆربوو، تا موالیدە کان و ئیحتیاتەکان بە ناشایستە بەرێ بکات، تا لە یەکەم رۆژیانە وە، سووک و بێکەرامەت بن، تا دوێن ی و کارو رۆژانە ی ئاسایی خۆی لەبیربکات، لە و کە لاوە تجنیدەوە، بە ڕێیان دە کردن، تا هەست بەشکۆو ناڕەزایی نەکەن!

( پێش ئە وەی من ئە بو خە لیل بم، کە سێکیتربووم، من ئە و بێرییەم بۆ مووچە ی باش و نە جمەی سە رشان لە سەر نە کردووە، من راپێچکراوم، لە تجنیدەوە، ئێمە یان بە جنێوو ئیهانە وە سوارکردووە، سەربازی وامان لەگەڵە ( مکلف) یەکەی هە شت ساڵ بووە، کە سیش نازانێ ئیحتیاتیە کەی چە ند ساڵ دە بێت، جلی ژمارە گەورە دەدەنە کەسی گچکەو ئەندام کوول، کوڕە دەوڵەمەندە چوارشانەکان دەکەنە سلاحسز، شەوکوێرەکان و نە خۆشی رە بوو لەسەرتۆپی 120 ملیم دادەنێن. تا نەبیتە سەرباز نازانی بێرێزی لەو وڵاتە چەند زۆرە . زولم و غافلگیری لە ناو عەسکەری هە یە، برسیەتی و ناعە دالەتی زۆر زۆرە . خواردنی ناخورێت، ئاوی تانکیەکانی کرم و ز ێروی تێدایە ، گۆمی بۆق و چلکاو لە ناو سەربازگان سەرچاوەی لەرزوتاو نەخۆشیەکانە).

کە بە کەوچکە گەورەکە خواردنەکەت بۆ لە قاپە گەورەکەی قصعە دەکەن، جنێوت پێدە دەن، لە ڕۆیشتنی راست و چە پا، بەشەق و پێلە قە دەرچوونت بۆ راست دە کەنەوە. لە شەشی بەیانیەوە تا چواری ئێوارە ، شە وانیش دە بێ پشتت نە کەیتەوە، لەهەر پە نایەک ئامیری دە ستبەدار دە رکەوێت، دە بێ سە ربازی بێرییە لەسەر، پۆستاڵ لەپێ، ریشتاشراو بە ( ئیستاعید ) ەوە بۆی بوەستێت، ئەگەر ئامیرەکە بۆ ریسواکردنێ هیچ بیانۆیەکی نەبێ، تا بتشواتەوە، تا کە مێ ریسوای بکات، ئە گەر هەموو مەرجەکانی سەربازییت پوخت و شیاو بێت، بەفیزەوە پێتدەڵێ:

وەرە سەگ، ئەو پارچە کاغەزە هەڵگرەوە، وەرە ..!!

نیزام و یاساکان بۆ پیرۆزی سە ربازی نە بوون، ترس و چاوسوورکردنەوەکان بۆ گوێرایەلی و یاساکاری نە بوون، توندی و چوارچیوەکان بۆ گرێدان و بە یەکەوەبوون نە بوون، هە موو بەرنامەو رۆژانەو مەشقە بەئازارو گرانەکان بۆ چالاکی و چوستی نەبوون، هەمووی بەرێکردن بوون بۆ کوژرانی بەکۆمەڵ، تا ئاسایی بێت، یە ک خێز ان چە ند پیاویان بکوژرێت، کە مئەندام بن، برینداربن، بگیرێن ئاسایی بێت.

....

ئیسماعیلە فەندی مەیکە فینگە فینگ، من دەزانم، سەربازی بە تۆ ناکرێت، بژاری تریش لە تۆش ناوەشێتەوە، دەست و مەچەک و چەڵەنگیت هە ر ئە وەندەی لێ دە وەشێتەوە، من پ شتیوانتم، بەیەکەوەین، من دە بمە موختارو بەرێوەبەرو قائێمەی مانگانەت، من لە جیاتی (مدیر تجنید ) دەفتەرەکەت بۆ پڕ دە کەمەوە، من تەسریحت دە کەم، دە فتەر خدمە کەت بۆ بە رگیش دە کەم، بۆت هەڵدەگرم، مەترسە، خەمت نەبێ ..!!

لە پشت چاویلکە گەورەو بلوور ئە ستوورەکەوە، لچی بە یەک وەنووساندو تەماشایەکی ( پەروین) ی هاوسەری کردو وتی:

دیارە بوویتە ( پێلاگیا نیلۆڤنا) ...!! یان تۆ ( ناتاشا) ی منی ..!

ژنەکە وتی:

من ( ناتاشا) و ( دایکی پاڤێڵ ) ی (مکسیم گۆرگی ) نیم، من مامۆستا (پەروین)م، هاوسە رو هاودە ردو هە توانی برینی مامۆستایەکی زماندرێژی ترسنۆکم، مێردم بە شەو لە سەر من پیاوێکە هەر تێر نابێت، خە وی نییە، سە رشۆریەکانی ناو شارو بێدەنگییەکانی لە زۆرداری و ترسی لە شەڕەکان و ماتبوونی لە رەوشە سیاسییەکان و جنێوی بە ردەوامی ناو گوتارە کان، هەمووی لە من دە ردەکات، ئە و پیاوە بەرۆژ سە ری بە رز نە بێ، چاوی نەکاتەوە، بەرووی داروبەردا وەستاوو ئامادە نەبێ، زۆرم لا سەیرە ئەو پیاوە چۆن شەوانە جۆگەی ئاوی زە وقی هەڵدەستێت، دە نگی بەرزو هەناسەی سوار، دە ستی بۆ دۆخینی دە چێ، دەستی دەگاتە لوتکەی مە مک و دە شتی سینە و قوولاییە کانی تامی ژنانە م. ئەو پیاوەی لە پێش پیاوێکی ئە منی ناحیە وا باریک و لە رزۆک بێ، چۆن ئارەزووی رەقەو هەڵدەستێ، چۆن لە دەرەوە ...

من شە وانە کە زۆرم بۆ دینێ، کە تەنگاوم دە کا، بە دەستە گەورەکانی دەمکوشێت، بە ددانە دڕو بزمارییەکانی گازم دە گرێ، تا رە حەت دە بێ، هاواری لێهە ڵدەستێ. ئەو دە مانە ئەو پیاوە شۆخی بە رژانەکانی دێ، کە هەڵدەستێتەوە، وەک دە می شۆفلەو تەقەی لێوە دێت. کە هەڵدەستێتەوە، و ادەزانی ئازابووە، سەرکەوتنی بەرەی شەڕەکەی بە بەلاغێکی سەربازی بەمارشەوە بۆ نووسراوە، کە خۆی دەشوا، هەستە بێغیرەتیەکانی بە ئاوەکەوە

بەرەو جۆگەی کۆلانەکەیان رۆیشتووە، لەسەر من مێردو جوامێرو نێرەکەرە، لەسەر من جەنگاوەرو پێشمەرگەیە، لە دەرەوەش جورج و مشکە، چەند ساڵە بە شەقامی باتا پیاسەی نەکردووە، لە ترسی ئینزباتە خاوێنە دەست بەدارەکان، بەو جادەیە گوزەر ناکات، لە دوورەوە زیلێکی سە ربازی دە بینێت، رە نگی دە گۆڕێت، زمانی تێکدەئاڵێت، تە نگەنەفس دەبێ، هە ناسەبڕ، شە وانە لە شیرینە خەودا رادەپەری و هاوار دەکات و دەڵێ:

من شاری کەلاوەی ( محمرة) م پێ ناپارێزێت، سوپای عیراقی کە شارەکەیان داگیرکرد هەموو خانووەکانیان رووخاندبوو، سەدان هەزار بە ژنی درێژی دارخورمایان بڕیوە تەوە، منارە تاقانەکەی مزگەوتەکەم لە چاوانم رادە چەقێ، من بە رگەی ئە و تاوانانە ناگرم، ئە وانەی ئە لبۆمی ماڵە ئێرانیەکانیان هێناوە و وێنە ی پیاوەکانیان دڕاندووەو وێنەی ژنە چاورەشە ئەهوازییەکانیان لە باخەڵ ناوە، لە ناو یاتاخەکانیان داناوە، لەگەڵ تاخمی تراشیان داناوە، هە ر کە بواریان بوو دە ستیان تە ڕ دە کەن، بە سابوونی عەسکەری دەستپەڕییان لەسەر لێدەدەن.

ژنەکەی لەبەر خۆییەوە وتوویەتی:

نازانم ئیسماعیل ئە و قسانەی لە کێ بیستووە، ئەو ترسنۆکە کەس ناناسێت، لە ماڵەوە دوورناکەوێتەوە، ئەو شەوانە هەر من دەناسێت، کۆلانی من دە ناسێتەوە، بە شەیدایی لە دەرگای من

دەدات، لە پەنجەرەی داخراوی من دێتە ژوورەوە، لە کڵاورۆژنەی منەوە نەبێ رووناکی نابینێت، ئە گەر ئە ویش ئە و وێنانە ی دەستکەوتبێت نازانم کێ بۆ ی هێناوە، وێنە ی ژنە چاوڕەشەکانی ئەهوازی لە کێ دییوە، دەبێ وەک ئەبو خەلیلەکانیش دەستپەڕی لەسەر وێنە ژنە ئێرانیەکانی خرمشهر نە کردبێت، حەقیەتی بە من تێریش نابێ، یان ئە و ترسنۆکە تەنها برسی منە و بە س، ئەگەر من رەحەتی نەکەم، رەنگە ئەو وێنانەی پەیدا کردبێ، چۆن لە خرمشهرەوە گەیشتە ئەو گوندە شاراوەی ناو بە ژن و باوە شی ئەو شاخانە.!!

مامۆستا ئیسماعیل بە ( پەروین ) ی هاوسەری دەووت:

حەیاتم، مماتم .. خۆت چاک من دە ناسی، من پیاوی ئە وەم (عبادان)، ئەو شارە گەورەیە بگرم، من لە کۆتری نەرمی تۆ بترازێ هیچی ترم پێناگیرێت ..!! کۆتری نە رمی تۆ بە دەستی راهاتووە، بۆیە من بەئاسانی دەتگرم، هەر ئەوەندەم زەحمەتە تا لێوی تەڕم دەگاتە بناگوێیەکانت، سەرەتا بۆ مژینی ئەو پارچە گۆشتە دەستم دوور ناخەیتەوە، تا دەستت شل دە بێت و خۆت رامدە کێشیت، کۆی شانەکانی جە ستەی ژن بە رامبەر بە مژینی لێو خاودە بێتەوە، قودرەتی لێوو مژین و گە رمییەکی زۆرە، من لە تۆ دووربم، وە ک منالێکی ساوا زیرە م دێ، ئە و شارە گەورە چۆن بە من دە گیرێت، لەناو چڕە دووکەڵی سوتانی بیرە کان، خە زانەکان، بۆرییە کان، شەڕی ناقلە کانی نە وت لە کەنداو، من پیاوی ئە و زولم و ئە و

شەڕە دژوارە نیم. من شارەزای دێرینی تۆم، ئینجا لە شەڕی تۆ زۆر شەوان دەدۆڕێنم، لەسەر رەبیەی تۆ مردارم، بریندارم، هەردوو دەست و قاچم بە مینەکانی تۆوە دەپەڕن، من بە تێلی کارەبای پرچی رە شت، دادە کەوم، لە سەر دە و دە کەوم، هە ناسەبڕ دە بم هەڵناستمەوە.

ئەوانە شاری کوردیان لە ئیران گرت و خاپووریان کرد، هەزارەها لادێی داماوی ناوچە ی (سەرپیلی زە هاو) و (ئەلیاسییەکان) لەبەر زە بری بۆمبابارانە کان هە ڵهاتن و بەناچاری هاتنە ناو عیراق، گوندو شارە عەرەبەکانیان گرت و سوتاندیان، شاری عە جەمیان گرت، تە نها شارێکی فارسیان نەگرت، ئە وەی گیراوە یان عە رەبستانە یان کوردستانە ، یان عەرەبی داماوی برسیین، یان کوردی بە ستەزمانی شوانکارەیان رانراوناون.

لەناو عیراقیش داماو بیەکە، سوتانە کە بەر (پێنجوین) و (چۆمان) و ( گردمندیل) و (حاجی ئۆمە ران) و (مەندەلی) و (نەفتخانە) کەوتووە، شیعە بەستەزمانەکان لێیان تێکچوو، هۆرەکانی عمارەو ناوچەکانی دەڤەری بەسرە، لێانقەوماوە.

من مامۆستام، بۆ کاری خۆم دڵسۆزم، لە گوندێکی دووری ئاوەدانی دە رس بە هەژدە مناڵی بەستەزمانی خاوێن دە ڵێمەوە، من لە چاو دایکوباوکیان لە مەلای گوندی، لە کوێخای گوندی، لە کۆنە ئاغاکەیان، لە مودیر ناحیەو ئامیر بتالێونیەکەیان کە ئێستا ماڵی لە شارا، خۆشەویستتربووم.

دوو ژووریان بـه هـەرەوەرز بۆ قوتابخانـه کـه دروستکردبوو، ژوورێکیان بـه بێ کرێ بۆ من سپیکردیتـه وە، دارم لـه شاخ بۆ دەهێنن، سۆبـه یان بۆ داناوم، هێلکـه لـه مریشکـه سوورەکانیان بـەردەبێتـەوە، بۆ منی دە هێنن، بـه شه ساوەری چ اککراوم هـه یە، بـەشه ترێی خۆشم هـەیە، گوندییـەکان مێوژ بێ من ناخۆن، گوێزی بێ من ناشکێنن، ئاوم بـه نۆره بۆ دەهێنن، گـەنمم بۆ دەبـەنـه ئاش، نانی گـەورەی تـەنکم بـه سێری خاوێن بۆ دە برژێنن، ئـەوەی بچێتـه شار سه ر لـه ماڵـەوەشمان دە دەن. بـەمووچـەو بـەناوو چاکێت و پانتۆڵـەوە، من مامۆستام ئـه گـەرنا، خاوە ن گوندێکم، باوکی هـه ژدە منالی بـەهرەمـەند بـەسادەیی، بـەهرەمـەند بـه ئاوازی سازگار، من باوکی هـه ژدە کیژو کوڕم، من مدیر ناحیـه م، قورئان ناخوێنم و نوێژیشم هـه رگیز نـه کردوە، بـه ڵام مـه لای گوندیشم، من ترسنۆکم، ئـەوان من بـه ئازا تێدە گـەن، من بێدە سەڵاتم، ئـه وان چـەکیان لای من دە شارنـەوە، من بانکی پاره نیم، پارەم لـەلا دادە نێن. من لـەو گوندە عـەرق دە خۆمـەوە، ماست و سیریشم بۆ دابین دە کـەن، مانگانـه، پاره دەنێرم لـه مـەیفرۆشـەکـەی شـەقامی (ئیسکان) قاپێک عـەرەقم بۆ دەهێنن، لـەگـەڵ معاشـەکـەم یـەک قاپ عـەرەقیشم بۆ دێ. من مدیر ناحیـه م. ئـەگـەر نـه ترسێم من قائیمقامیشم، من پارێزگاریشم. ئـەوان بـه قائید فرقـەو ئامیری سه ربازگـەی (سپیلک) یشم دەزانن.

....

هوشیار لەناو زیلە داخراوەکە، هەناسەسوار، لووتی بە کونێکی بچوکی چادرەکە وەنووسابوو، کونەکە جێگای یەک کونە لووتی ئەو دەبوو، کونە کە دەیتوانی هە وای دە رەوەی بۆ هە ناسەکەی بەئاسانی هە ڵمژێت، یە کێکیان شانی گرت و هوشیاری گیری چادرەکەی دوورخستەوەو پێیووت:

کاکە با ئێمەش بایەک وەرگرین.

کابراش حەقی بوو، ئەویش هەناسەی نەدەهات، هەستی دەکرد قورگی وشک بوویتەوە، خێرا کونە کەپووی بە کونەکە وەنا، دەفەی سینگی بە چادرەکە وەنووساند، گە رمی هە ناسەدانەکەی چادرەکەی دەهەژاند.

یەک لیوا سە ربازی سەرداخراوی دە ستبەسەر، سوارکراون، تا سنووریان بۆ بپارێزێت، تا چە کداریان بکەن، لێشاوی اللە اکبری پاسدارەکان بگێڕنە وە، ماتۆرسوارە کانیان لە سەر ماتۆرە کانیان بخەنە خوارەوە، ئە و ئێرانیانە ی بڕوادارن کە مردن دە ستیان دەگاتە ئەو کلیلانە ی ملیان، کە دەروازەی بە هەشتیان بۆ دەکاتەوە.

ئەو پاسدارانە ی لە سەر ماتۆرە کانیانەوە دەکوژرێن، بە کام دەرگا دەچنە ژوورەوە، کلیلی کام دەرگایان بۆ پەیداکردوون، دیارە دەرگای یە کەم تە نها بۆ پێغمبە ری ئیسلامە ، دووە میان دە رگای رۆژووگرەکان، کە ناوی ( ریان ) ە، دەرگای زەکات و سەدەقەو حەج

و عمرەو جیهادو پەیوەندییش هەیە، دەرگاکانی بەهەشت یەکێکی لە دۆزەخ زۆرترە، ئەوانە لەکام دەرگا دەچنە ژوورەوە.؟!

هوشیار بە نائومێدی لە چادرەکە دوورکەوتەوە، وە ک بروسکەیەکی بە هاری م امۆستا ئیسماعیلی هاتە وە بیر، ئە و پیاوەی سوێندی خواردبوو، بڕیاری دابوو، لە گەڵ ئە و حکومە ت تێکەڵ نەبێت، بەپێش بارەگاکانی حزبی و سەربازی و ئەمنیەکان گوزەریش نەکات، نەچێتە تجنید، سڵاو لە هیچ کەسێ نەکات جلی سەربازی لەبەربێت. دوو شەقام و سێ کۆڵان لە ئینزباتیەکان دوور بکەوێتەوە، لە هەر شوێنێک زیلێک وە ستابێ، ئە و لە وێ بەخێرایی بڕوات، لە سەر هە ر ڕێگایە ک ( جیب قیادە ) یەک بڕوات، ئە و راوە ستێت، لە ئاسمان فرۆکە یەکی بۆمباهاوێژ لە بەرزییشەوە هەبێت، ئەو هەناسە راگرێت، ئەو پیاوە بە ژنەکەی وتبوو:

من وە ک هوشیار نیم، بڵێم ت ا شوێنی مە ترسی، تا دە گەمە (سوسنگرد) و ( دیزفول ) دەگەڕێمەوە، من ناچمە تجنید، من دەفتەر خدمە کەم لە مێژە لە بیرکردووە، دە زانم لە گەڵ بە دلە هاوینیەکەو نیتاقە کەو بێرییە کەو خو دەکەو زنجیرە کەی ملی و جۆتێک پۆستاڵ و .. لەگەڵ ئە وانە لە رۆژی یە کەم کفنمان دەدەنێ، پارچە پەرۆیەکی سپی لاکێشە، ( شعادە ) یەکی سپییە بۆ

ناشتن و بۆ مردنە، من دە ستەکانم لە بنڕا دەبڕێتەوە، ئەگەر ئەو کفنە وەرگرم.

یەکەم رۆژ جنێوت پێدەدەن،

یەکەم رۆژ زۆرت ماندوودەکەن،

یەکەم رۆژ ژمارەکەت پیٚ لەبەردەکەن،

یەکەم رۆژیش کفنە کەت دە دەنیٚ، بە ڵام نازانن لە کویٚ دەکوژرێت، ئە گەرنا دە تبەنە ناو گۆرستانە کەش، کێلە کان بە باڵادەگرن، گۆڕەکەت بۆ ئامادە دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان دەزانن لەناو خاکێک بە کوشتنت دەدەن تازە داگیریان کردووە، لە ناو خاکی خۆت ناکوژرێت، رەنگە لاشەو تەرمیشت نەبیٚ، رەنگە لە رووباری کارون بخنکێیت، رە نگە لە چیاکانی بارزین و گردمندیل بکەویتە بن بە فر... من بە قەمسەڵە رۆمانیەکەو بە بلووزە باشەکان، بە پۆستاڵە نوێیەکان، هەڵناخەڵەتێم. تەباشیری دەستم بە داری دەستی گەورەترین ئەفسەری فەیلەقەکانیش ناگۆرمەوە..!

مامۆستا ئەبو خەلیل لە بەرەکانی شەڕدا، لە پێشەوەو لە پشت بەرەکانا، دوژمنی زۆربو و، ئەو خواردنەی بۆیان دە هێنان، ساردو بیٚ خویٚ، نە کوڵاوو نەگەییوو، بێتام و ناشیرین، کە س نەیدەزانی گوشتی چییان بۆ دە نێرن، لەوەتی سوپای عیراقی لە بیستەکانی سەدەی رابردوو دامەزرابوو، سەموونی بەتام و بەجەرگی هەبووە، چاک برژابوو، ئەو سەموونە گەورانەی کە ( حسین بداغ ) لە بۆنە

تایبەتیەکان دەیهێنایەوە، تامی هەرمابوو، ئەو سەموونە جاران و وەک ناوەکەی بداغ لەبیر ناکرێت، چونکە خۆشی نەیدەزانی ناوی باوکی مانای چیبوو، بۆ باپیری ناوی بداغی لە باوکی ناوە، تامی خۆشی سەموونەکەو لەگەڵ مانای ناوی باوکی لە کۆڵانەکەمان ببووە کەلتوور، بەلام پاش نیو سەدەو زۆرتریش، سەموونەکە ناخورێت، بەڵام بۆمان روون بۆوە، باپیرانی ( رئیس عرفاء حسین بداغ) ی کۆڵانەکەمان، عجمی ئەودیوبوە، مەزاری ( بداغ ) پیرۆزبووە، منالی زۆری بەناو کراوە، لە ئازربیجان لە وڵاتی عجمان، ئەو ناوە زۆر باوبووە.

ئیرانیەکان گەمارۆییەکەی سەر شاری عبادانیان شکاند، مەترسییەکانی سەر تەنگەی هرمز کەم کرایەوە، کارون هەزارەها لاشەی سەربازی عیراقی ساغ و بریندارو مردووی بەنهێنی و بەشەوو بەهێمنی برد، هەزارەها سەربازیش لە محمرة و شوش و خفاجیەو سنسگرد بەدیلی گیران.

سەربازەکان زوو کفنە سپییەکانیان بۆ ئیرانیەکان بەرزکردەوە، کفنیان بە عزرائیل نیشاندا . لە هەموو شکانەکان بەلاغەکان دەستەواژەی پاشەکش و تەکتیکیان بەکاردەهێنا، لە کۆتایی هەموو بەلاغەکان ژمارەی کوشتیاری دوژمن بە سەدان، بە هەزاران سەربازو دەرجەدار بووە، قوربانیەکانیش ئێمەش بەچەند کەسێک دابڕاوو سەرلێشێواوو بریندار بووە.

هوشیار بە وە رانەگەیشت لە زیلە سەرداخراوەکە دابەزێت، چۆن سە ری چ ادرەکە هەڵداتەوە، چۆن خۆی بدزێتە وە، ناکرێ ژمارەیەکی زۆری زیلی سە ر داخراو . بە چاودێری چە ند لاندکرۆزرێکی ئیستخبارات رۆیشتن، لە ناو دوو هە زار سە ربازی بەنازو بەتەنهاو بەبێمنەت و بێترس و بێپرس بێتە خوارەوە، لە چەقەی رێگایەک، لەناو گۆرەپانی کۆبووینەوەیان، بەدەنگی بەرز، یان بە دزی دوور بکە ویتەوە، بڵی من سە ربازیتان بۆ ناکە م، من لینینگرادی عبادانم پێ ناگیرێت، من ناتوانم ئاوی کارونی سە ر شط العرب وشک بکە م، تا ئێوە بپەڕنەوە، بە من ناکرێت، تۆڵە ی شێخ خزعل لە محمرە بە من ناکرێتەوە، من ...

ئەو چۆن دابە زێت، ناکرێ ئە و لە ترسی مردن را دە کات، بەدەستی لیژنە ی ( اعدامات ) بەئاسانی بە چەند گوللە یەک سیرەگیراو دەکوژرێت.

.....

هوشیار تۆ دە چیتە شەڕەکان، لە گەمارۆی عبادان بەشداردەبیت، لە گێرانەوەی هێرشی ئیرا نیەکان بۆ وە رگرتنەوەی ناوچە گیراوەکانیان، شارە کەلاوەکان نۆژەن بکەنەوە.

کتێبی مردووخۆرە کان کە ( بورهان قانیع ) ئامادەو چاپی کردبوو، بە بیر دێتە وە، ئە و شارە جوانە رووسیای سە ر رووباری بەنازی ( نیڤا ) کەناری کە نداوی فنلنداو دە ریای بە لتیک،

قەیسەری مە زن پوترس لە 27 ی مای ساڵی 1703 دروستی کردبوو، سە رەتا شیوعیەکان ناویان ناوە ، ( پترۆگراد )، تا ساڵی 1924 بەو ناوە خنکاندیان، تا ساڵی 1919 یش سۆڤیەتیەکان بە ناوی لینین خنکاندیان، لە پاش شۆرشە کەی ئۆکتۆبە ری ساڵی 1917 لە پایەی پایتە ختیان داگرت، ئە و رووبە رە جوانە بە گەمارۆو شەڕو ململانێ زامداریان کرد، بە سەختی خوێنیان ڕشت، دەستیان بڕی، ناویان گۆڕی، چاوی جوانیان کوێرکرد، بە تۆپ و بەفرۆکە نیازی تە ختکردنیان بوو، تە ختیان کرد، هە ر چواردەورەیان گرت، نزیکە ی یەک ملیۆن کەسیان بە برسیەتی و بەسەرماو بە گوللە لەو شارە کوشت.

...

ئەو لە ترسی مردن و کوشتن نە یدەویست بۆ بە رەکانی خوارووی بچێت، باشی دە زانی بە رەکانی ( عمارە ) و ( زین القوس) و ( سیف سعد ) هەر وا نامێنێتە وە، ئەوەی هتلر لە 900 رۆژ لە گەمارۆی سەر لینینگراد بۆی نە چووە سەر، دە یانویست لە عبادانی سە ر کە نداو و شاری پترۆل بە ئەبو خە لیلە داماوەکان بیکەن، ئەو شارەش وەک محمرە تەخت بکەن، وەک قەسری شیرین تەختی بکەن.

سوپای ئە و دکتاتۆرانە ، هزری ئە و سە رکردانە، شار تە خت دەکەن، سە دان قوتابخانە تەخت دە کەن، هێلانە ی هە زارەها ماڵباتی بێوە ی دە روخێنن، تا بڵێن، ئێمە موسلمانین خە لیفەین، مزگەوتەکە دەهێلنەوە، شارێک دە سوتێنن، یە ک مزگە وت بە رز رادەگرن، هە موو بە ژنەکان دە بڕنەوەو منارە کە قیت رادە گرن، سینگەکان دە کەنە نیشانەی گوللەو زام، گومبە تەکە دەهێلینەوە، لاپەرەی خوێندنی منالان دە پێچنەوەو سورە تەکانی ناو قورئان بەرز دە گرن، چاوە کان لە داخی زێدو ئە ڤین و تە مەنیان کوێر دەکەن، بەلام بڵندگۆکان دەنگیان دەمینێت.

وەک ئەوە بێشەرمانە بڵێن:

ئێمە هەموو بیناکان بە یەک بریار خاپووردە کەین، بە لام مزگەوت بەرز رادەگرین.

عەرەب لە بیابانی ( نجد ) و ( حیجاز ) ەوە سەرکەوتن، بەرەو سێبەرو سە وزایی و ئاو هاتن، دە سەلات و میللە تانی ناوچەکانی سەرووی میزوپۆتامیایان داگیرکر دو عە رەبیان نیشتە جێکرد، شاریان دروستکرد، پایتەختیان لەسەر کەلاوەکان بەرینکرد، کۆنە کەنیسەکانیان کردە مزگەوتی مە زن و شکۆدار، هاتن تا سە ر دەریای سپی رۆیشتن، چە ند دە سەلاتیش گۆڕا، ئە وانە لەسەدەکانی شە ش و زووتریش بۆیان دە چووە سەر، بەلام لە و سەردەمەدا سیماو ناوو کەلتوورو دەسەلات بەئاسانی ناگۆڕێت.

لـه سـەردەمـی نوێیش هتلرو ئـه لمانیای نازی پۆلۆنیای داگیرکرد، سوپای بـه رەو دانیمارک و نـه رویژ رەوانـەکرد، هـەر لـەو ساڵەدا هۆلنداو بلژیکاو ولۆکسمبۆرگی گرت، لـه ئـەپریلی ساڵی 1941 فـەرەنساش خۆی بـەدەستـەوەدا، یوگسلافیاو یۆنانـی زەیتون و ئۆلۆمپیشی داگیرکرد، لـه دەریاش پـه رییـەوە بـەرەو وڵاتـی میسرو باکووری ئـه فریقیا بـه رێکـەوت، لـه ناو خاکی سۆڤیـه تـی ساردو بـەستـەڵـەکی دووره دەستیش رۆیشت، بـه ڵام لـه هێرشی بۆ سـه ر مۆسکۆ شکا، لـه شەڕی ( العلمین ) شکان و خـه ونی داگیرکردنـی سویسی و خۆرهـه ڵاتـی ناوە راستـی بۆ نـه هاتـەدی و ئـه و نـاوچـه ستراتیژیانـەی لـەدەست ئینگلیزەکان دەرنـەهێنا.

لـه شـەڕی گـه ورە جوانیـەکان دە کـەونـه مـەترسی، لـه گـەمارۆی سـەر لینینگرادی دووه مـی شاری سۆڤیـه ت مۆزەخانەی ( ئارمیتاج ) ی کـه وتـه بـەر زە بری ترسناکی شـه ڕ، ئـه وەی لـه ساڵی 1726 سـەرەتای دامـه زراندنـی 225 تابلۆی هونـه رییان لـه فلاماندری و هۆلندا بۆ کڕیبوو، باڵوێزی رووس تا خۆی لـه دەسەڵاتداران خۆشـەویست بکات، لـه پاریس شاکاری هونـه ری ئـه وروپیـەکانـی دەکڕی و دەیهێنایەوەو سـەر ئارمیتاج، دبلۆماسـه رووسـەکان دیاری جوانیان بۆ قـه یسـەر تابلۆی هونـه ری بوون، لـه هـەموو پارچـه کانـی ئـەو جیهانـه بـەرینـه تابلۆیان بۆی کێشایەوە.

لـه ساڵی 1785 ژمارەی تابلۆیـه کان گـه یشتـه 2685 تابلۆی هونـەری دەگمـەن، (کاترین) قـەیسـەری رووس ( ڤۆلتیر) و هـەستیاری

مەزنی تری دە ستنیشانکردبوو، بۆ گوڵبژێرکردنی تابلۆیە کان. ژمارەی کتێبە هونەرییەکان و کە لتوورەکان گە یشتە نزیکەی نیو ملیۆن گە نجینە. کاترین ئە و هە موو گە نجینەی تە نها بۆ خۆی دانابوو، بۆیە لە نامەیەکدا نووسیبوی من و مشکە کان ئە و گەنجینانە دەبینین. هەتا ناوە ندی سەدەی نۆزدە هەم دە رگاکانی بەرووی میللە ت نە دەکرایەوە، بە ڵام نازییە کان دە یانویست بەشەڕو داگیرکردن مۆزەخانەکە بفەوتێنن.

دەرگایان بە رووی میللە ت کردە وە ژمارەیەک کە سایەتی رۆشنبیر هاتنە دیاری، لە سەردەمی سۆڤیە تدا ئە و باڵاخانە ی مۆزەخانەکە بە چەند مۆزە خانەی تری نزیک خۆییە وە بەسترانەوە، ژمارەی گەنجینەکانیش چوار ئەوەندە زیادی کردووە، ئیمرۆ دوو ملیۆن و نیو گە نجینەی هونە ری تێدایە ، لە وانە 15 هەزار تابلۆو 12 هەزار پە یکەرو 600 هەزار گە نجینەی دێرینی شووێنەواری، یەک ملیۆن میدالیاو کۆنە پارەی تێدا پارێزراوە.

بەشە رۆمانی و یونانیە کەی سە د هە زار پارچە ی هونە ری دەگمەنی تێدایە . پەیکەری ئە سینا لێرە لە شێوەی ژنێکی خاتوونە، وەک شەڕکەرێکی جە ربەزەیە، خودەی سەری لە شێوەی غۆلە گورگونەیە، پۆشتە کراوە بەجلی رە سمی یونانی، دە ستە بەڕمێکی درێژ، هەموو سیمای ئازایەتی و شکۆو جوامێرییە.

شەڕەو تابلۆی راستە قینەی لیوناردۆ دافینشی لە مەترسیدا بووە. شەڕ ئەو ماڵە گەورەیەی هونەری خستووە مەتوسی، تابلۆی (پاکیزەو گوڵەکە) کە بەرهەمی سەرەتای کاری هونەری دافینشی بووە، گە مارۆی شە ڕو لە ناو خە م و کارە ساتی مردووخۆرە کان بەنیازبوون رەنگەکانی هەڵوەرێت و پرسەداری بکەن.

مایکل ئە نجلۆش لە و مۆزە خانەیە میوانە، بە دوو پە یکەر نیشانەی بەرگری و کۆششی تێدایە بەرجەستەیە، ئەو پەیکەرانە نیشانەی بە رگری و مردوو خواردنە کانی ناو کۆڵانە گەمارۆداراوەکان بوون، جە ستەی کە سوکاری یەکتریان برژاند تا شارەکە نەگیرێت، بە خاوی گوشتی ساردیان خوارد تا جوانیەکان و پیرۆزییەکان شکۆداربێ.

مۆزەخانەی ئارمیتاج پاش مۆزە خانەکانی فەرەنسی بە ژمارە دوو دێ، لە و مۆزەخانەیەدا دیوارەکانی بە سەدان تابلۆی بەرزی پێنج سەدەی هونەری فەرەنسی رازاوەتەوە، وەک:

تابلۆی ( نوێژی پێش نانخ واردنەکە) و ( ژنە جلشۆرەکە) ی هونەرمەند شاردین.

تابلۆی ( دیمەنی شوانەکە) ی هونەرمەند بورشیە.

تابلۆی ( ژنە سەرسەختەکە) ی هونەرمەند فاتور.

تابلۆی (ئەسکندری مکدۆنی) و (بەیانی بەندەرەکە) و (بەیانی) ی هونەرمەند مینیار.

تابلۆکانی ( تانکریدو ئایرمینیا ) ی هونەرمەند بۆسین.

تابلۆی ( خێزانە شیردەرەکە ) ی هونەرمەند لویس لینیان.

تابلۆی ( وێنەی ژنە ئوللیگوریە) ی هونەرمەند خویە.

هەروەها پەیکەری مەرمەری زانا فۆلتیرو جاک لە سەر کورسی گۆدۆنیش لەو مۆزەخانەیە.

بەشی هونە ر ئینگلیزییە کە لە پێنج سالۆندا دانراوە ، وە ک شاکارەکانی هونە رمەندان ( رینولدز، گینسبور، لۆرنس ..). لە سالۆنیکی تایبە تیدا بە ناوی سالۆنی سوارە کان، چە ندین چە کی دەگمەنی فە رەنسییەکان و ئە سپانیەکان و ئە لمانیەکان و ئیتالیەکانی سە ردەمی سە دەی پازدە و حە قدە، وە ک کاری خەنجەری هونە رمەند ( ئال گریکو ) و قە ڵغانە سەرەتاییەکانی قوطیەکان، کە کێشیان لە نێوان 16 تا 20 کیلۆگرامدایە، چەندین شیرو تیری وە رزیرەکانە کە کێشیان لە نێوان 4 تا 7 کیلۆگرامە، رێزکراون.

لە بەشی سەردەمی کۆن و هونەری خۆرهەڵاتیەکانیش، نزیکەی 400 هەزار گەنجینەی هونەری نایاب و شایستە هەیە، ئەو بەشە لە ساڵی 1931 ەوە دامەزراوە، لەو بە شەدا مێژوی ناسراو بە (سەردەمی بالیولیت)، تا دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت و کەلتووری سیثیەکان، ئەوانەی لە سەدەی دووی پێش زاین لە حەوزی دەریای رەش ژیاون، لەخۆدەگرێت.

لەو بەشەدا کەلتووری ( بدو ) ی ڕەوەندی شاخەکانی طای ئەو سەردەمەی تێدایە . لەوانە 150 هەزار پارچە یان رە نگدانەوەی کەلتووری وڵاتانی ( میسرو چین و ژاپۆن و ئە سیای ناوە ڕاستە)، لەو مۆزە خانەیەدا بە شێکی بۆ ئە دەبی نادینی میسرییە کان تەرخانە، کە میژووەکەی بۆ سە دەی نۆزدە هەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە، کە بریتیە لە گێڕانە وە حیکایەتی کە شتیە کارەساتبارەکە. ئەو پورتریتانەی کە زۆر لەمێژ نییە لە یەکێک لە ناشتنگاکانی ( الفیوم) دۆزرانەتەوە، کە لەسەر قوماش و دار دروستکراون، لە سەرانسەری جیهان لەوانە تەنها 400 دانە ماون، کە مێژوویان بۆ سە دەی یە کەم و دووە می زاینی دە گەڕێتەوە. لەوانە 30 دانەیان لە و مۆزە خانەو لە مۆزەخانەی پۆشکین لە مۆسکۆ دانراون. شوێنەواری کۆنی ( تدمر ) ی سوورییەکانیش هەیە، کە مێژویان بۆ سەدەی یەکەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

یەکێک لە پەیکەرە هەرە نازدارەکانی ئە و مۆزە خانەیە، مەرجەلە برونزییە زەبلاحەکەیە، لە تیرەکەی دەگاتە 2،45 مەتر، کێشی دوو هە زار کیلۆگرام دە بێت، نە خش و نووسینی پیتی عەرەبی لەسەرە، دیارە بۆ تێکردنی ئاو دانراوە، کە

لەلایەن ( تیمورلەنگ ) ەوە پێشکەشی مزگەوتی حاجی عە لی کراوە، کە لەلایەن هونەرمەندی مامۆستای ئێرانی ( عبدالعزیز بن شرف الدین تبریزی ) لە 26 ی یونیوی ساڵی 1399 دروستکراوە. پێش ئەوەی لەم بەشە دەربچیت چاوت بە چەند گەنجینەی (بیبی

هانم) ی یە کێک لە ژنەکانی تیمورلە نگ دە کەوێت، کە لەو مزگەوتە دانراوە، کە بەشی 10 هەزار نوێژکەری پیاوی کردووە ، بەردە گەورەکانی بە 95 فیل لە هیندستانەوە بۆ گواستراوەتەوە.

تەمەنی بە شە رووسیەکەیان درێژ نییە ، تە نها نیو سە دەیە، بەڵام 200 هەزار پارچە گەنجینەی گرانبە های تێدایە ، لە وانە مێژووی دوو سە دەی هونە ری رووسی تێدا بە رچاو دە کەوێت، لەوانەش هە ڵکۆلین لەسەر عاج، سە عاتێکی ە ێلکەیی، بورترێتی مۆزاییک، پە یکەری پوترسی یە کەم، پە یکەری زانای رووسی میخائیل لۆمۆسۆف، نیوە پەیکەرێکی پوترسی یە کەم لە برونزو مەزاری زیوینی ئەلکسندر نیفسکی ..

لەو شارەش لەناو دڵی کیژۆلەکانیش ئارمیتاج بوونی هەیە، لە عبادانیش لە هەموو ماڵێک پیرۆزی ئارمیتاج هەیە، رەشماڵی ماڵە رەوەندێک، ساباتی بیستانە وانێک، قە ڵاتێکی سە رکەشی مێژوویی سەردەمێک وەک ئەو مۆزەخانەیە، پیرۆزو لەبەر دڵانە.

لە ماڵەکان خاولییە ی شە وی بووکینی کە خۆی پێ وشک کردیتەوە، لە و شارە هەڵگیراوە. لە چاوەکان دیمە نی ژووان، لە دەست و بازووی کاریش داهێنان و ئاوەدانی .. ئەو شارەش پیرۆزەو مردووخۆرەکان ئامادە ن پارێزگاری لێبکە ن، بە ئەبوخەلیلەکان ناگیرێت، بە گەمارۆکان تەسلیم نابن، بە دووکەڵی سوتانی نەوتی خۆیان ناخنکێن، بە ..

هوشیار باشی دەزانی لە مێژووی نوێدا شکانی سوپای داگیرکەر مسۆگەرە.

دەستی خۆی چاوە کانی دڵی، بە ئارمیتاج دە زانی، هە موو بەشەکانی جە ستەو هزرو دیمە نەکانی لە هەموو جیهان کۆکردیتەوە، نایە وێت پارچە پارچە بێت، دیل و ئە سیر بێت .. نایەوێت لەگەڵ ئەو کاروانە بۆ بەرەکانی شەڕ بڕوات، بچێتە شرق البصره، بچێتە سەر رووباری ( کرخە )، ناو کەلاوەی محمره ..

مامۆستا ئیسماعیل بە پشیتوانی ژنەکەی لە گوندەکە مایەوە، مامۆستایەکی بێ موچە ، مامۆستایە کی بێ ناو لە قائیمەی پەروەردە، نهێنی موالیدە کەی، بانگکردنە کەی تجنیدی لە لای ژنەکەی مایەوە، بەیانیان وەک رۆژانی پێش فیرارییە کەی لەگەڵ پەروین دە چونەوە مەکتەب، ئە و بابە تی ئینگلیزی و عە رەبی و ماتماتیکەکەی وە رگرتەوە، ژنە کەشی بابە تەکانی تر، بە یەکەوە کاروباری بە رنامەو ئە زموون و دابینکردنی داری سوتان و بانگێرانی مە کتبەکەو هاتنی پشکێنە رەکانیان بە رێکرد، تا لە سەربازگەی مە شقی هە ولێر سە ربازە فیرارەکان بە رووی مدرعەکان تە قینەوەو بڕیاریاندا بچنە وە ماڵەوە، ماڵە وە ماڵەوە هەموو رۆژی تە سریحی هە موو فیرا رە کوردەکانی ناو سوپای عیراقی لێکە وتەوە، ئە وەی لە ( فاو ) بوو، ئە وەی لە بەرەکانی (عمارە) بوون، ئەوانەی لە دوورگەی ( مجنون ) بوون، یان ئەوانەی لە ماڵەوەبوون، بەیەک بڕیار لە سەربازی رزگاریان بوو.

# بەشی چوارەم

بە فارسی لە ناوی سە ربازە ئەسیرەکەیان پرسی، ئە ویش بەترس و لە رەوشێکی شکان و بێئومیدەوە وڵامی دایەوە:

من سەربازی ئیحتیات ( هوشیار سعید عبدالقادر) م.

لە بێ شانسی خۆی، هە ر سێ ناوە کەی ناوێکی دوازدە ئیمامەکی ئە هل ئە لبیتی شیعە کانی لە ناو نە بوو، خۆ ئەو زۆر ستایشی بۆ بە رنامەو هزری ئیمام عە لی هە بوو، دە یزانی ئە و ئیمامانە زۆریان لە خەبات بۆ عە دالەتی کۆمە ڵایەتی و بنبڕکردنی نایەکسایەنیەکان کۆششیان کردو بوونەتە قوربانی ئەو ڕێبازەش.

پاسدارەکە پرسیبووی:

تۆ سونەیت، یان شیعە ..!

ئەویش بەنەرمی وتبووی:

دایک و باوکم سونی بوون! منیش بوومەتە سونی ..!

کە زانیان هوشیار سونیی مەزهەبەو جاسمیش شیعە مەزهەبە، بە شان جاسمیان بە رزکردەوەو دە ستیان لە ناو دڵی ناو دووریان خستەوە، هێزی هە ڵسانەوەو ڕۆیشتنی نە بوو، بە ڵام دە ڕۆیشت و

دوور دە کەوتەوە. هوشیار هە ناسەو روحی وە ک تارماییە ک لە تەنیشتی دە رۆیشت، تا ماوە یەک، تا لە و دیاربوو روحی جیانەبۆوە.

ئەو لە ناو زیلە کە شاخیکی گە ورەی نهێنی درکاندبوو بە جاسمی وتبوو، من ناهێمە ئەو بەرەیە، من پیاوی نیوەی رێگام، من رێگا ر امدەگرێت و کاروانە کە بۆم هە ڵوێستەیەک دە کات و دادەبەزم، تۆش کە من بزربووم، کە دەست بە کەلەپچە منیان لەسەر روو رانە کێشاو منیان نە هێنایەوە، تفە نگەکەو چوار مەخزەنە بەتاڵەکەو یاتاخەکەم بۆ تە سلیم بکەرەوە. من نامەوێ بە فیراریش قەرزاری ئەو حکومەتە بم، زۆرجار حکومە ت لە سەر یەک دینار کێشە یەکت بۆ دە نێتەوە، بە هەزاران دیناریش لە بن دەرناچیت. جاسمیان سواری ئوتومبێل کردبوو، سە ربازی ئەسیری عیراقیان بە سواری برد، بەڵام هوشیاری سەربازی عیراقی کوردی سونییان بە پیادەیی، بە رێگای چە ند سە عاتی گە یاندبووە، مەڵبەندی ناونووسینەکە.

پێش ئە وەی تە می سە ربازە هاورێیەکەی گووم بێت، بە چەند رستەیەکی گریاوی کپ، بە هاوارێکی ترساوی مە ند، بانگەوازی بۆ جاسم نارد، ئە و دە رۆیشت، ئە ویش نامە و هاواری بۆ دە نارد، دەیویست بە جاسم بڵێ، ئە و شە وەی وێنە فەورییەکەی مناڵە کۆرپەکەت بەدەست گەیشت، چەند

بەدیار وێنەکە گریایت، چەند دە ترسایت ئەو منالە تەمەن بیست رۆژە نەبینیت، دەگریایت، ئەو گریانەت بۆ ( حسین ) و (عباس) برای نە بوو، بۆ مە لۆتکەیەک بوو، لە هەناوو تۆی تۆ دروستببوو، دە ترسایت نەگەڕێتەوە، تا ناوی لێبنێت، دە ترسایت، نەچیتەوە تا بە ژنەکە بڵێت، سەعات چەند ژانی یەکەمت هاتێ، کەی منالەکە لەدایکبوو، ژانت زۆربوو، دە ترسایت، بزە ی شادی دایکت پاش لە دایکبوونی منالە کە نەبینیت. ئەو شە وە زۆر گریایت، ناکرێ سەربازێکی دوو خەت لەشان، سەربازێک چاوەڕوان دەکرێت، ببێتە لوغم و بە هەستی هێرشێک بتە قیتەوە تا دوژمن پێشرەوی نەکات، سەربازێک لەسەر سەنگەر ( ساتر ) لە جیاتی یەک جار دووجارو زۆرتریش بۆ ( قادسیە ) بکوژرێت، لە جیاتی یەک ساچمە ی بە رکەوێت، ئاساییە ئەگەر گوللە تۆپێک پێش تەقینەوەی، مووشەکێک پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی بۆ سنوورو سەرکەوتنەکانی حزب و سە رکردە بەو بکە وێت. نەک دانیشێت بەدیار وێنە یەکی رە نگاورەنگی فە وری مە لۆتکەیەکی ساوا بگیرێت.

دەیویست هاوار بکات و گریانە کەی ئە و بۆ ئە و کارە ساتەی تێکەوتوون نیشان بدات، بە ڵام ئە ویان دوورخستە وە، لە و شە ڕە ئەسیرو دیلەکان پلەو پایەیان زۆر بوو، ئە سیرەکان دە کرانە دوو لق، سە ربازە ئەسیرە شیعەکان، کە زۆربەیان سە ربازی مشات و شوفێرو هاوە نچی و تۆپچی بوون، ئە وان لە رۆژانی شە ڕەکان و

پێش هێرشه كان پله ی كه میان هه بوو، به ڵام به ئەسیری پله یان بەرزتر راگیرا.

هوشیار سعيد بۆ خۆت بگرێی، بۆ بوخچه نەكراوەكەت، بۆ ئه و رۆژه ڕەشەی تێكەوتوويت بگرێ. جاسم بەو دیلییە رزگاری بوو، با لەوێ سه دان كتێبی شیعه گەری كۆكاته وه، با هه ر سجادو هزری ئیمامەكان بخوێنێته وه. لەوێ به بێترس سه د نوێژ بكات، نوێژ بكات و تربه كه بەرامبەر نیوچه وانی دابنێت، ترسی سونه كانت لەسەر نەما، یادی لەدایكبوون و مردنەكەی ئیمام عەلی بكەرەوە، یادی رۆژی بوون به خەلیفەی بكەوە، یادی كوشتنەكەی چلەكەی، ساڵانەكەی، یادی كوڕەكانی، كوڕەزاكانی، كوڕه خوشكەكانی، یادی هەر دوازده ئیمامەكان بكه رەوە، شه وو رۆژت با بۆ ئه وان بێت، ساڵ سێ سه دو سه رووی شێتست رۆژه بەشی بۆنه كانتان ده كات، شەوو رۆژەكان درێژن، بەشی زۆرترین خوێندنەوەو دوعاو سەڵاوات و له خۆدان و زه نجیر كوتانه كانت ده كات، برۆ گه یشیته مەنزلی خۆت، خەته باریكه شەرمنەكانی شانت دادڕه، فڕێ بده ناو گوو.. خەتەكان، ژمارەی سەربازییەكەت، لەناو گوفەك فڕێ بده.!

....

هوشیار زانیبووی نائیب عه ریف جاسم ئه ویش هاتووته سوید، ئەویش له راپەرینەكەی شعبانیەی شیعەكان و راپه رینی بەهاری كوردەكان ئاواره بووه، له ناو سه حراكەی سماوه چەند شه وو رۆژ

ماوەتەوە، دوو سە د سێ سە د خێزان و منداڵی زۆر، پیرو سەرکردەکانی راپە رینەکە قووم و گە ردەلوول و تێنیویە تی گەمارۆییان دابوو، بە ناچاری و لە ترسی روحی خۆیان، بە دوای چەند بدوێک کە وتبوون تا سە رسنووری سعودیە ، بریاریانداوە دەستی سە ربازە سعودییەکان ماچ بکە ن، تا بواریان بدە ن ئاودیووبن.

لە کەمپی ( فلی ) زوو لە عەرەبەکانی جنوبی پرسیبوو، لە شاری ماڵمۆ، کە هاوولاتی عەرەبی زۆرە ، ئەو شارە ی بە شاری موسلی دەشوبهاند رایسپاردبوو، ناوەکەی لەلای چەند کارمەندێکی سوپەرمارکێتە عەرەبەکانی دانابوو، ژمارە ی تە لەفۆنەکەی ماڵەوەشی بۆیان جێهێشتبوو.

هوشیار دە یویست بزانێت بۆ ئە منەکان لە گەڵ موختارە نوێیەکەی گەڕەکەکیان هاتبوونە ماڵەکەیان و یەخەی دایکوباوکە داماوەکەیان گرتبوو، ناوی تۆشیان هێنابوو . پێش هە موو شتێک، پرسی نامەکەی لێبکات.

ئەگەر جاسم لە ناو تونێلبانەکەی ( رینکبی ) ، یان لە (شارلهۆلم) چاوی بە هوشیار بکە وێت، بێ دوودڵی لێ نزیک دەبێتەوە، کە سایەتی عە رەبیش وا خولقاوون، شە رم ناکە ن، زوو لێی دەچێتە پێش و پێیدەڵێ:

کاکە تۆ کوردیت ..!؟

ئەویش خۆی زۆرجار دانی بەوەداناوە کەوا ئەوەی لە یەک ساڵ زۆرتر نەیدیبێت نایناسێتەوە، لەو ڕۆژانە کوڕێکی چاویلکە لەچاو، لێ دێتە پێش و سڵاوو ڕێزی لێدە کات، کە دەزانی هوشیار نایناسیتەوە، پێی دەڵێ:

مامۆستا نامناسیتەوە، ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە بووین..!!؟

هوشیاریش داوای لێدە کات چاویلکە کەی لە چاوی داگیرێت، بەڵام ئەو هەر نایناسێتەوەو بەدڵنیاییش دەڵێ، من هەرگیز تۆم نەدیوە، ئەویش بەپێکەنینێکی تاڵەوە پێدەڵێ:

بە منت دەووت، ناوی خۆت گۆڕیوە ، ناوێکی وات دانابووایە لە شیرازەی خێزانە کەو گە ڕەکەو ناوە کۆنەکەت بوە شێتەوە، تۆ (عبدالقهار ) ت بە ( دارستان ) گۆڕیوە، زۆر زۆر لەیەک دوورن...

کە ئەو رستە یە دەبیستێت، کوڕە چاویلکە لەچاوەکە دەناسێتەوە.

...

لەو ڕۆژەو بەتێپەربوونی چەندین گۆڕان و گەمارۆ و رووخان و کۆچڕەوو بێنانی و شەڕوشۆڕی بێئامان، لەناو ئاپووری پایتەختی سویدا، چۆن نائیب عەریف جاسمی بەبیر دێتەوە، ئەو خۆی شێوەو سیماو سەرو کەللەو ورگ و دەفەی سینگی زۆر گۆڕاوە ، سمێلە گەورەکەی پاک تاشیووە ، سەری ماشوبرنجە ، ژنی هێناوە و عەرەبانەی یەکەمی کۆرپەی لەناو دەستەو پاڵدەدات، لەو رەوشە

ئەو بوویتە هوشیارێکی تر، بێگومان جاسمیش زۆر گۆڕاوە ، پاش هەشت ساڵە ی ئیران، ئە ویش حە وت ساڵیش لە کەمپی ئاوارە عیراقیەکان لە سعودییە بووە، چە ندجار سعودییە کان بە نادڵی خۆی ناردوویانتە حەج و گۆڕە بێنازو ناشایستەی نەوەکانی ئەهل ئەلبیتی لە نزیک مزگەوت و تە لاٌرە مەزنەکان بینیووە، بۆیە چوونەکەی بۆ ماڵی خودای لا پیرۆز نەبووە.

چۆن ئە و دوو کە سە یەکتری بناسنە وە، جاسم وای زانیووە هوشیار لە پشتەوەی بەرەی شەڕەکە ئەو رۆژەی بەیەکەوە گیران، ئەو گیراوە تەوەو کە وتووتەوە دەست حرس جمهورییە کان و دەستەی ئیعدامات گوللە بارانیان کردووە . لە ساڵی یە کەمی لە کەمپەکەی ئێرانی نامە یەکی لە ماڵەوە بۆ هاتبوو، لە نامەکەدا نووسرابوو، کەوا ئەو سەربازە کوردەی تۆ سۆراخی دەکەیت، خائین بووە، نەک ئەو ئەبو خەلیلە، کوردەکانی ( شیمال ) هەموو وان، دەستیان بڕوات لە پشترا خە نجەر لە شۆرش و سە رکردایەتی دەوەشێنن.

....

جاسم لە کەمپەکەی خۆی لە خوارووی ئێران پرسیاری هوشیاری دە کرد، لە نامەکانی کە پۆستی خاچی سووری نێودەوڵەتییش بۆی دە گەیاندە شاری ناسریە، لە وێشەوە دەچووە قەزاکەیان، لە قەزاکەشەوە بۆ ناحیەکەیان، تا دەگەیشتە ماڵەوەو

گوندەکەیان، نامە دیلەکە لەناو دەستی چەند پیاوانی حکومەت و ئەمن دەستاودەستیان دەکرد، ناوی کاکە هوشیاری تێدابوو.

لە چەندین نامە بۆ برایەکانی دەینووسی:

برای بە رێزم، لە خودای گەورەو ئە هل ئە لبیت دە پاڕێمەوە، باش و سە لامەت بن، دە ینووسی دە ستی باوکە نەخۆشەکەم ماچ دەکەم، دە ست و رووم تە چوورچەکانی دایکم ماچ دە کەم، نیوچەوانی منالەکەم ماچ دە کەم، ئەو منالەی وا تە مەنی بوویتە شەش مانگ، وا تە مەنی بوویتە یەک ساڵ، تە مەنی بوویتە دوو ساڵ، ژێی بوویتە سێ ساڵ و نیو، کە تەمەنی بووە پێنج ساڵ کە چووە بەرخوێندن. جاسم لە هەموو نامە کانی هە واڵی کاکە هوشیاری دە پرسی، بۆی دە نووسین، ئێمە بەیەکەوەبووین، بەیەکەوە لە ناو دووکەڵ و خوێندا گیراین.

ئەو نە دەوێرا لە نامەکانا بنووسێت، ئە گەرنا بە جوانی بۆی دەنووسین:

من و هوشیار بە یەکەوە بووین، ئە و پیاوە کوردە سونییەی هەرگیز نوێژی نەکردووە، بە ژمارەو پێوانەیەی خۆی چە ند هەزار شووشەی بیرەی فە ریدەی خواردیتە وە، چە ند چارە گە عەرەقی سپییشی خواردیتەوە، من زۆر کۆششم کرد نوێژ بکات . کە داوام لێدەکرد وە ک من نوێژ بکات، وە ک من پێش ئە وەی بە تانیەکە

بەسەرچاوانی دابدات، چەند ئایەتێک و چەند دوعایەک بخوێنێت، بەڵام ئەوبەپێکەنینەوە دەیووت:

کەس بە گەورەیی فێردەبێت، بیری گەوران کۆڵە، درەنگ شت وەردەگرێت. زۆرمان بەرێکردووەو کەممان ماوە، ئێمە ئێستا بەر غەزەبی خودا کەوتووین، دۆزەخەو تێکەوتووین.

لەبەر ماڵەوەیان نەبووایە لە نامەکانیدا زۆری بۆ دەنووسین:

من و کاکە هوشیار بڕوامان بە شەڕەکە نەبوو، هەر ئێمە نا، لەو لیوایەی ئێمە دوو کەس بڕوای بە شەڕەکە هەبوو، یەکیان ئامیر لیوایەکمان و دووەمیشیان عەریف فەلاح، بەڵام عەریفەکە بە شەو بڕواکەی دەهەژا، ترسی ئە ستووری لە تاریکی هەبوو، نقەی نەدەکرد، شەوان ترسنۆک دە بوو، خۆرپەرست و رۆژپەرست بوو، دە ترسا شە وێکیان سە ربازێکی شیعە ، یان کوردێک گوللەیەکی لە کەللە سەری بدات، بیکوژێت، شە وانە دەبووە مەرهەم، نە رم، بە ڵام کە تیشکی خۆر هە ڵدەهات، عە ریفە ترسنۆکەکەی شەوەکە دەبووە گورگ، وە ک سە گ پە لاماری چواردەورەی خۆی دە دا، جنێوی بۆ ( مەلا مە ستەفا) و ( محسن الحکیم) ی دەنارد، دەموزاری پیس بوو، بە جنێوبارانەوە دەیووت:

ئەو دووانە هۆکاری ئەو شەڕەن، ئەوانە ئێمەیان تووشی ئە و دۆزەخەکردووە، بۆنی ئەو دوو کەلاکەیە ئیمرۆش وا دێت.

عەریف فەلاح بە رۆژ سەری بەرز دەکردو دەبووایە قاپەکەی قصعەیان لە پێش ئەو دانابووایە، کە سەموونەکانیان وەردەگرت، ئەو یەک یەکی دەژمارد، سەموونە جوانەکانی بۆ خۆی لە گیرفانە تەنیشتەکانی پانتۆڵە رۆمانیەکی دەپەستا، کە یەکەمجار پاکێتی کەرە ( زبدە ) ی میسرییەکەی وەرگرتبوو، لە گیرفانی نابوو، لە گۆرەپانی عرضات کە رەکە تواپۆوە، کە ئامیر سرییە کەیان بینیبووی شلەیەکی سەیر بە لاق و لینگی دێتە خوارێ، بانگی کردبوو، تێگە یشتبوون زبدەکە هەمووی بە گەرمی گۆرە پانەکەو تەموزەکەی بەغدا لەناو گیرفانی تواپۆوە، بۆیە ئامیرەکە پارچە کاغەزە زەردەکەی لە گیرفانی دە رهێنابوو، بەڵام ئامیرە کەش دەیزانی فەلاحەکە حزبیەو دە ستی لە گەڵ ئیستخبارات هە یە، ئەگەرنا ( زحف ) ێکی لەسەر دەستان پێدەکرد.

عەریف فەلاح بە رۆژ رە وشتی زۆر ناشیرینی دە کرد، یەک و دووجاریش پۆستاڵەکەی بە سەربازێکی فەقیرۆکە بۆیەکردبوو.

....

جاسم لە ترسی ماڵە وەو چاوی نامە کان نە بووایە زۆری بۆ دەنووسین، هیچی نەدەنووسی چونکە دەیزانی نامەی ئەسیری لە پێناوی وڵات و سنوور دە کرێتەوە، دێر بە دێر دە خوێندرێتەوە، نامەکان شفافن، دووروون، پیتەکان دەبینرێن.

نامەیەک لە نامەکانی جاسم، لە لایەن ئەمنی ناحیەکان بۆ ئەمنی قەزایان رەوانکرابوو، لە قەزاوە بەنهێنی و بەخێرایی بۆ ئەمن و ئیستخباراتی فرقە و فیلقیان نووسیبوو، ئەوانیش نامە بە نامە تا هەواڵ و پرسینەوەکە گەیشتبووە ئەمنی ناوچەکەیماڵی هوشیار، پیاوێکی ئەمن لە گەڵ موختاری تازە دامەزراو پاش کوشتنی موختارە کۆنەکە هاتبووە لای دایکوباوکی هوشیار، پرسیاریان کردبوو کەوا بۆچی ناوی کوڕەکەی ئەوان لە ناو نامەی ماڵە عەرەبێکی ناسرییە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە،، گومانیان لە ناو هاتنی ئەو کردبوو.

...

نامەی ماڵە وەی نائیب عەریف جاسمی کۆنە مامۆستای بایۆلجی دواناوەندی ناسرییەی ئێستا ئەسیر لە ئیرانیان لە پۆستی خاچی سووری نێودەولەتیی وەردەگرت و لە بنەوە بۆیان زیادکردبوو کەوا سەربازی ئیحتیاتی کورد هوشیار کە ماڵی لە هەولێرە لە شەڕەکەی عبادان بە دەستی عەدالەتی سەربازی و لیژنەی ئیعدامات تۆڵەی لێکراوەتەوەو. بە ناوی براکەی، بەڵام بە دەستخەتی خۆیان، بە زمانی ماڵە وەیان بە ڵام بە هزری ئیستخبارات بۆیان نووسیبوو، برادەرەکەت، پاش گیرانی تۆ گوللەبارانکرا، خائین بوو، بە رەیەکی درێژی کارونی رادەستی ئێرانیەکان کردبوو، فەرمانی دابوو تۆپەکان، دۆشکەکان، تەقە

نەکەن، بە چاوەکانی لوغمە کانی پێش خۆیانی بۆ ئیرانیە کان هەڵگرتبۆوە، سیمە کانی کارە بای بۆ پچراندبوون، ئە وو ئە وانەی لەو رۆژە لیژنەی ئیعدام چاویان بە ستن و گوللە بارانیان کردن، ساترەکانیان

پێشەوەیان پڕکردیتەوە، ئاوی خەرەندەکانیان هەڵمژیوە، سەری رەبیەکانیان کردیتە وە، ئە وانە لەمێژە کار بۆ سووککردن و لاوازکردنی سوپاکەمان دەکەن.

ئەو سەربازە ئیحتیاتە کوردە هۆکاری شکانەکان بوو، ئەو بوو پشتی لە چل پە نجا هە زاری سە ربازکردو رادە ستی پاسدارانی کردن، ئەو بوو شاری محمرە ی شێخ خ زعلی کعبی دایە وە دەست ئیرانیەکان، ئەو بوو قە رزی سەر وڵاتەکەمانی گەیاندە 80 ملیار دۆلار، لە چاوی ئە وی دە زانین ئێستا 14 ملیار دۆلار قە رزاری شێخەکانی کوێتین، ئەوانە ماوەیەک لەوەو پێش زۆر کۆنیش نییە، ئیمارەتەکەیان قەزایەک بوو لە شاری بەسرای ( الفیحاء )، ئەو ئەبو خەلیلە کوردە

( شط العرب ) ی بە ئێمە دۆڕاند، ( دەروازەی خۆرهە ڵاتی عەرەبی ) لە بنڕا بۆ ئیرانیەکان هەڵتەکاند.

...

کە بەرێکراین و ناومان بۆ بە ردران خوێندرایە وە، دە ستەک جلی نوێیان لە بەرکردین، دە ست بە جانتا هاتینە وە، هێچمان نەبوو بیکەینە بارگەو بوخچە، کە هاتمەوە نامەکەم لەگەڵ خۆم هێنایەوە، هەشت ساڵ ئاوارە یی و هە شت ساڵ زیندان، زۆری لە ناخ و روح و بیرە وەری هەڵگرتووە، هەناو تەزێ، بەڵام دەست ڤالا، چی بهێنێنە وە، من ئە و نامە یەم هێنایە وە، بە ڵام بە داخەوە کە راپەرینەکە تێشکاوو شارەکەم بە حرس

جمهوری گیراوە، بەوە رانەگەیشتم نامەکە لە باخەڵم بنێمەوە، دەستم نە گەیشتە ماڵەوە، لە زیندانی بێگانە بە ئاسوودەیی و لەسەرخۆ هاتینە دەر، بە ڵام لە وڵاتا بەو سوپایە ی هە شت ساڵی تەمەنی لاوییم لەسەردانا، رامکردو بە هیچ رانەگەیشتم.

لەسەدەی نوێ، لە و ناوچە یەدا، من بە تەمەنترین دیل و ئەسیرم، منی شیعە هەشت ساڵ لە زیندانی حکومە تی شیعە ی ئیران مامەوە، وەرن با بچینە سەر لیستی ئەسیرەکانی ناو خاچی سووری نێودە وڵەتیی، بزانن من پیرترین ئە سیر نیم، کە هاتوومەتەوە نامەیەکم لە باخەڵە، ئەو نامەیە وەک پێناسە، زوڵم و تاوان و چە واشەی حکومەتەکەی خۆم نیشان دە دات. من نامەکە هەڵدەگرم، رۆژێ دێ دە ستم دەگاتەوە ئەو رێکخراوە یە، نیشانیان بدەم، چۆن هاورێیە کیان گوللە بارانکردووم، بە یەکەوە لە

پێشەوەبووین، بە یەکەوە ئێمەیان کردبووە ساترو سە نگەری خۆیان، ئێمە بۆ هە ڵگرتنەوەی رێگاکانی خۆیان لە مینە شاراوەکان پێ پاک دەکردینەوە.

کە گەیشتنەوە بەغدا، ئێمەی ئەسیری هەشت ساڵەیان پشکنی، ئەوانەی ئێمەیان بۆ تە قاندنەوەی مینەکانی پێش خۆیان رە وانە کردبوو، هەر ئەوانە ئێمەیان پشکنی، ئە سیر چی پێیە ، باخەڵی ئەسیر چی تێدایە ، باش بوو نامە کەیان نە دۆزیەوە، من چاکم دەناسین، بۆیە نامەکەم باش شاردبۆوە، جوانم تەقەت کردبوو، کە نامەکەم گەیاندەوە ماڵەوە دامە دەست دایکم، پێم وت:
دایە گیان ئەو پسولەیەم باش بۆ هە ڵگرەوە، ئەو نامەیە لە ژمارەی ئە سیری خاچی سوور گرنگترە ، لە کونیەی عەسکەرییم خۆشەویستترە، جوان بۆم بپارێزە، من چەند ساڵە پاراستوومە.!

...

کە چوومەوە کورەکەم لە دایکببوو، ژنە کەم پاش من چە ند مانگێک بێ من کۆرپە کەی لە منداڵدانەکەی هەڵگرتبوو. ژنەکەم بەتەنها ژانی منداڵبوونی گرتبوو، مامانیان بۆ هێنابوو، خاوێنیان کردبووە، کۆرپە کەیان جوان و پاک شووشتبوو، بە گوێیەکانی بانگیاندابوو، ناویان لێنابوو، شیریان دایێ و لە شیریشیان کردووە، من ئاگام لێ نە بوو، گاگۆلەی کرد، ددانی کە وت، ددانی

هاتەوە، ئاوی گەرمی بەسەردا رژا، چاک بۆوە ، سونەتیانکردو من لەوێ نە بووم، من لە سەفەرێکی دوورو نادیاربووم، دە فتەر نفوسیان بۆ دە رهێنابوو ژنە کەم لە جیاتی من لە سەر ئیستمارەکەی تە وقیعی کردبوو، فێرە قسەکردن بوو، چووە مەکتەبیش، بووە پۆلی سێیەمیش من لە سەر کارتەکەی تەوقیعم نەکرد، ماچی سە رکەوتنم لە روومەتی نە کرد، نە چوومە کۆبوونەوەی باوکان، نەچومە..

کە گەرامەوە، چاوە کانم گێڕا کامیان کوڕی منە ، یەک یەک هاتنە پێشەوەم، ئەگەر منالێکی ئامۆزا یان منالێکی تری گوندیان پێ نیشاندابووام نەمدەزانی، کوڕەکەم بەگەرمی پاش هەشت ساڵ و چەند مانگێک یەکەم ماچی باوکانم لە روومەتی کرد، کوڕەکەش یەکەم ماچی باوکانەی وەرگرت.

پێش ئەوەی شەوەکە بچمەوە لای ژنەکەم، نامەکەم دانا، ریشم پاک تاشی، لە سەربازێکی پیاوی ئەسیر بوومە زاوایەکی برسی، پیاوێکی تێنوو، ئاوی هە شت ساڵم راگرتبوو، ژنە کەم زۆر گریا، دەگریا دەیووت، پیاوەکە ئێمە دوو ساڵ بەیەکەوەبووین و هەشت ساڵیش لەیەک دوور، من ژنێکی داماو، داماوتر لە ژنانی تر، من هەشت ساڵ بێ سێبەر، کە شەو دادەهات، چاوەڕوانی هیچ نەبووم، هەشت ساڵ هە موو رۆژە کان کە لە بێنوێژی پاک دە بوومەوە

چاوەڕوانی هیچ نە بووم، کە خوێنم د ەدیت، دە مزانی کارم بە و بێنویژە ناوەستێ، مندالّدانەکەم هێلکە کردووەو پوچ بوونە تەوە، هەموو هێلکە کان رە نجیان بە فیرۆ دە چوو، هە شت سالّ، هە موو سالێ حەزم دەکرد کۆرپەیەک دروست بکە م، بەتەمابووم، سالانە مەمکە بەشێرەکەم لەزاری مەلۆتکەیەک بێت، من شەوە ساردەکان زۆرتر سەرمام دەبوو، شەوە هاوینەکان تەنیایی دەیتەزاندم. ئەو شەوە ژنەکەم زۆر گریا، بە چاوی بە گریانەوە، درێژبووین، بە چاوی بەگریانەوە ... لەو دەمانە بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر کاکە هوشیاریس ئیعدام نە کرابووایەو ژنی هە بووایە، وە ک من پاش هەشت سالّ ژنە گریاوەکەی ژێر دە کردەوە، بە ستەزمانێکی ئە و شەڕە هۆڤیانەی ئارام و رە حەت دەکرد، بەلام ژنی نەهێنابوو، لە یەکەم شەڕدا ئێمە گیراین، بەلام دیارە ئەو کەوتووتەوە دەست ئیستخباراتی فەیلەق و بە ( جبان ) ی گوللە بارانیان کردووە ، تەرمەکەیان بە وەفاتنامەی جبانەوە رەوانەی هەولێر کردیتەوە.

...

هوشیار لە و ساتانە دا ژن خۆشترە ، گریان سە رکەوتنە، لە گریانەکەدا منالێک دروست بکە یت، ناوی چی دە بێت، رووی چۆن دەبێت، بزە دەناسێ، نوکتەو بەزمی پێکەنین دەبینێت، منالێک لە جیاتی بە ئاوی چیڕی شیریی پیاوە تی، بە فرمێسکی گە رمی تیزابی پە یدا بێ، ناوی چی بێت، باشە ، رە نگ و شێوە ی چۆن

دەبێ، ئەو منداڵە .. چی لێ دەردەچێت، تۆیەکی هەشت ساڵ هەڵگیراو، منداڵدانێکی هەشت ساڵ مەییوو، مۆرالی و رەوشی ئەو کۆرپەیە لە چی دەکات، تووڕە، یان بێوەی، ئازاو باڵکراوە، یان هەردوو دەستی دەبێتە یەکدەست، یەک چاوی کەم دەبێت، ناڕوات، پێناکەنێ..!

دوو ساڵ نامەکەی لە ماڵەوە بۆم هاتبوو، کە دوا دێرەکانی پیاوانی ئیستخباراتی شمالی و جنوبی چەند دێرێکیان بۆ زیادکردبوو، بۆیەش من لە پالتۆیەکەم دووریبووم، دوو ساڵ لە پەروازەی بەتانیەکەم دووریبووم، شەش مانگ لە ناو پاکێتی سابوونەکەم بەوشکی هەڵمگرتبوو، دوو مانگ لە نێوان دوو لاپەرەی قورئانە کەم دامنابوو، ماوەیەکی زۆر لە یەخەی قەمیسەکەم دووریبووم، زۆریش لە گیرفانی پانتۆڵەکەم گیرفانێکی گچکەم بۆ کردبوو، ماوە ماوە دەرمدەهێناو جێگەکەم دەگۆڕی، کارم نەبوو، ماڵ و کەپرو هێلانەو ساباتم بۆ ئە و نامەیە دەکرد، کە وێنەیەکی کوڕەکەم گەیشتی بەیەکەوە لوولم دابوو، هەڵگرتن و پاراستنی کەلوپەل لە ناو خانوویەکی دوو سێ ژووردا، لە ناو دارستانێکی چەند دۆنم، لە گەڵ خێزانێکی گەورەی بە داپیرەو باپیرەوە چەند منداڵێک تری هەراش و جحێل و کیژۆکاڵ ئاسانە، بەڵام لەو کەمپەو بۆ هەشت ساڵیش کەم نییە.!

.....

کاروانەکە شەش سە عات ڕۆیشت، یە ک لیوا سە ربازبە ڕێگاوەبوون، لە شوێنک وە ستان زیلە کان لە ڕێگایە قیرە باریکەکەیان لادا، زیلەکان یەک لە دوای یەک ڕێچکەیان بەست، ماتۆرەکەی پێشەوەو دوو سێ جێب قیادە کە لە پێشەوە بوون، زۆر دووربوون. هوشیار ئە و هە لەی لە پێش بوو خۆی بدزێتە وە، لە و کاروانە دابپڕێت، دە یتوانی، بە ڵام ئە و تە نها سێ چوار مە تر پێشچاوی خۆی دە بینی، دووکە ڵ، تە م، تارمایی تا س ەریان دابەزیبوو، ئاسمان لە و زولمە ی لە و دە ڤەرە دەقەوما خۆی پێچابۆوە، نە دەزانرا شە وە یان ڕۆژە ، ئە گەر شە و بووایە ئەستێرەکان دوورتر کە وتبوون، ئەگەر ڕۆژیش بووایە خۆریش بە گوللەتۆپەکان، بە دەنگی ڕاجیمە کان ڕانراوبوو، هە ورەکان بەزییان بەو هەموو لاشەو خوێن و دەست و پێیە بڕاوەکان هاتبوو، دابەزیبوون، تا لوولەی تۆپەکان کوێربێت، تا نیگای ( رصد ) ەکان شێلووبێت، کە ئاگرو مردن بە ئاسۆیی ڕێکرد، کە ساچمە وەک لێزمە دایکرد، چاوو دیتنی ناوێ، کوشتن و مردن بە کوێری کاری خۆی دەکات. نیو سەعاتێک خواردنێکی سەرپێیان دانێ.

سەربازو کە للەسەرو قاچ و چاوو سینگ، بۆ گوللە و ساچمە بەرێ بکەیت، نانی بۆچییە، ئاو ناخواتەوە، بریندار ئاو بخواتەوە گیانی دە ردەچێت، نە خۆش زۆر بخوات مە رگ هە وگی دە گرێت، نیوەمردووەکان، ترساوەکان نان ناخۆن، بەزییوەکان گەدەیان پووچ

بوویتەوە، ریخەلۆکیان ئیفرازات ناکات، نەخۆش بۆ قوومە ئاوێک، بۆ چوڕە شیرێک دەمی ناکاتەوە.

کە بەرێکەوتن ئاسۆکە تاریکتربوو، بۆیە ماتۆرەکەو جێب قیادەکەش دیارنە بوو، بە رێکەوتن، بۆ پێشە وە دەچوون، دە چوون لیوایەکی هە ڵوەشاوەی پیادە دامەزرێنەوە، بریندارە کان کۆکەنەوە، دە ست و قاچیان بۆ بدۆزنە وە، ناوە کانیان بنووسنەوە، سەرەکان لە ناو خودە کان دە ربهێنن، ناوی سە ر زە نجیرەکانی ملیان کۆبکەنەوە، ئەوان بچنە شوێنی ئەو لیوایە. لیواکەی ئەوان هێشتا یە ک سە ربازیان لێ نە کوژرابوو، کە سیان لە مۆلەت و ئیسراحەت نە بوون، هە موو هاتبوون، قاتی بە ریان بە دلەکانیان قەمسەلەکانیان، پۆستاڵەکانیان رۆمانی نوێ بوون . هاوەنەکانیان بەژمارەو بە کەرەستە تەواوبوو، شێستملیمە کان، سە دو بیستملیمەکان، ئارپیچییە کان تە قەیان پێنە کرابوو، روون و گریزیان پێوە بوو، ئامادە بوونی هە موو سرییە کان و فە وجەکان بەژمارەو بەچەک و تفاق تەواوو ژماردرابوون.

لە 24 ی یونیۆی ساڵی 1859 هاووڵاتیەکی سویسری لە داخی کوشتارەکەی نێوان سوپای نە مساو فە رەنسا، کە تێدا 40 هەزار شەڕکەر کوشتارو بریندار‌بوون، هاواری لێهە ڵساوو بە ردو دێرو بیرۆکەی خاچی سووری راگە یاند، تا لە جنیف و لە ساڵی 1863 کۆنگرەی یەکەمی ئەو رێکخراوە گیرا.

( هنری دونان )، ئەو پیرەی لەناو ئاگرو لە گەڵ بۆنی خوێن و لاشەکانا سەفەری سووری کردو خاچی لە هەناوی خۆی گیرکرد، تا نامەی ئە سیرەکان بگات خانە وادەیان، تا ئاوارە کان چادرو ئارامگەیان هە بێت، کاردانە وەی کارە ساتیە سروشتیەکان زیانی کەم بکرێتە وە، خوێن و دە رمان بگاتە نەخۆشەکان، بە لام هنری دونان نە یووت، نامەی ئە سیری ناودە ستی خاچی سوور بکە نەوەو هەواڵی نادروست و جەرگبڕی تێدا زیاد بکەن.

....

لەبەر تیشکی گە رمی خۆرە کە هەڵنەستا، دووکە ڵی تیژی جگەرەی کیژە کەی تە نیشتی هە راسانیشی کردبوو، بە لام ئە و لەسەر کورسییە درێژە ئاسنینەکانی ناو گۆرەپانی (سێرگل تۆریت) ی سەنتەری ستۆکهۆلم خۆی گە رم دەکردەوە، کۆترە کان لە نێوان قاچی کیژە کان دە سوورانەوە، زۆرتر لە وان نزیکتر دە بوونەوە، دەبێ کۆتریش بۆن بکات، ئە وانیش جوان و تە ڕو ناسک لە یەک جیادەکەنەوە. ئەوانیش هە ستیان کردبێت ئە و پیاوە سەرسپییە هەشت ساڵ لە وڵاتێکی ئیسلامی لە ناو دۆزە خ بووە ، ژە هریان دەرخواردووە، ئەو بۆنەی پێوە ماوە..؟؟

ئەو رەنگەی پێوە دیارە ..؟

لە چاوەکانی دیلی و لە دەستەکانی کەلەپچەو لە لووتی بۆنی پیسایی و لە هەناوی خەم و حە زکردن بە تۆڵە .. کۆترەکانیش هەستیان بەوە کردووە.

ئەویش ئەگەر ئەو هەشت ساڵە لە کەمپەکانی ئەسیری ناو ئیرانی نەبووایە، وا زوو دانە دەوەشا، چی دە بوو پێش شە ڕەکە بهاتبیایە ئەو وڵاتە، هەشت ساڵ لێرە ، لەگەڵ هەشت ساڵ دیل بێت و لە ئیرانیش، دوو فیلمی زۆر جیاوازە.

ئەو پرسیارە ی لە خۆی کرد، ئە گەر ئەو هەشتە لە جیاتی کەمپەکان لێرە ژیابووایت.. هەستت چی دەبوو. لە وڵامدا وتبووی:

هەشت ساڵ دەژیام، هەشت ساڵیش نەدەمردم. !

تەماشای کیژەکانی سەر کورسیەکان دەکرد، سەیری سینگ و مل و سە ری کۆترە کانی دە کرد، بە ڵام ئە وان دە فڕین و دوور دەکەوتنەوەو لە تەنیشت ژنێکی تر دە نیشتنەوە، کۆترێک لەیەکێکی تر قە ڵەوترو لاوازترو باریکترو ناسکتر نە بوون. ئەوانەی لەسەر کاشییە ڕەشە لووسەکان زادیان هەڵدەگرتەوە، بۆ دۆزینەوەی چەند وردە دانی تر، بە و چەند پەرەمووچە باریک و ناسکانە بەرزدەبوونەوە، بە و باڵانە لە تەنیشت ژنێکی تر دەنیشتنەوە.

مریشکە بەستاوەکانی ناو مجمدە گەورەکانی دەهاتە پێشچاو، ئەوان کێشیان وە ک یە کە، لە سەر بە رگی نایلۆنە کان کێشە کان تۆمارن، کێشە کان هە موو وە ک یە کن، قسە یەکی دایکی بەبیردەهاتەوە، کە دەیووت:

کوڕم بە کارەبا وای لێ دە کەن، ئە وەی سە ما دە کات و خۆی دەسوڕێنت، دە چیتە ئاسمان و بە رز دە بێتەوە، ئەوە کارەبا وایان لێ دەکات.

بەڕاستی وایە ئەو مریشکانەی ناو مجمدەی فرۆشگاکان، کارەبا وەک یەکی لێکردوون، لە دەواجنەکانەوە، بەخێوکراون، کە ئالیک و ئاوو کارە باو رووناکی و رووبە ری هاتوچۆیان وە ک یە کبوو، لە شتەکان، لە خواردنەکان، لە ئاوەکەی پێشیان، کە دکتۆرەکە بەیەک چاو چاوی لێکردن، کێشیان وە ک یەک دە بێت. بەلاّم ئە و کۆترانە بەچی وا لێکراون یە ک کێشیان هە بێت، وە ک یە ک بن، سینگیان سەریان وەک یەکە. ئەوانەش دیارە لە چەندین سەرچاوە خواردنیان دابینکراوە، لە ژینگەیەکی پاک و پارێزراو دە ژین و دەفڕن، دانە کان بە شی هە موویان دە کات، دە ستی ناز بە سەر هەموویان رادەگات، چاوی ئە ڤین بۆ هە موانە، ئاسمان و هێلانە بۆ هە موانە، ئاو بە شی هە موو کۆترکان دە کات، بۆیە هەموویان کێشیان وەک یەکە، بۆیە لە مریشکەکان ناو مجمدەکان دەچن.

لەبەر خۆرە گەرمەکە بیری لەوە دەکودەوە، شەوێکیان مامۆستا پەروینی هاوسەرو مودیر مە کتەب و ئە فسەری تجنیدی مامۆستا ئیسماعیلی فیرار، بە مێردەکەی وتبوو، ئیسماعیل بۆ ناویان لە باوکتان ناوە سەرشفتە ..؟

ئەویش تە ماشایەکی سمتی ژنە کەی کردبوو، بە نەرمی پێیوتبوو، وەرە بن جێگا کاتی شفتەی تۆیە. ژنەکەش وتبوو:

ئامادەم .. شفتەکەم لەناو دەمت دەنێم..! بەڵام وڵامم بدەرەوە. ئیسماعیل راکێشابووە بن بەتانیەکەی، بەڵام ئەو هەر مەسەلەی شفتەکەی باوکی ویستبوو، وتبووی، جارێ شفتە کەی من لێگە رێ، ناسوتێ، خۆت دیوە چیت لێهاتووە، هەی شفتەخۆر.

باوکت وەک شفتە چەور بووە ..؟؟

_ نا.. وەک شفتە چەور نەبووە ..

باوکت وەک شفتە نەرم بووە ..؟

_ نا.. وەک شفتە نەرم نەبووە ...

باوکت حەزی لە شفتەبووە ..؟

_ نا.. باوکم زۆر زۆر شەیدای شفتەخواردن نەبووە ..

باوکت رقی لە شفتەبووە ..؟

_ نا.. باوکم رقیشی لە شفتەخواردن نەبووە، باوکم لەو چوار ساڵەی مفاوەزاتەکە حزبییەکی گەرم بوو، زۆر لە کۆبوونەوەکانی حزبی دە هێنایەوە ماڵەوەش، بۆ هە ر کۆبوونەوەیەکیش یەک دوو

کیلۆ شەکریشی بە دایکە بەستەزمانەکەم دەکردە چا، ئێمەشی بە چاگێرانیش بێزاردە کرد، جنێوشمان دە خوارد، باوکم ئابوونە ی زۆرتری دە دا، باوکم، لە سەر ئاوو ئاگر بوو شە ڕ هە ڵگیرسێتەوە، دەیووت، با مە ڵا مەستەفا لە یەک بستی خاکی کە رکووک دە ست هەڵنەگرێت، باوکم شە وانە رادێوی ئیسرائیلی د ەکردەوە، تا دەگەیشتە باسی کە شوهەواش گوێی رادە گرت، باوکم کە گۆڤاری کادیر دە ردەچوو، بە ئێمەی دە خوێندەوە. گفتی ئە وەیان پێدابوو بیکەنە سەرلق، ئەوە دەیووت سەرلق نەبێ رازی نابم، سە رپەل و سەردەستەیی ناکەم.

....

( کە شەڕەکەش ە ەڵگیرساو تەقەو دەبابەو ناپاڵم لەو شاخانە ئەرزو ئاسمانی هەژاند، کە دبابە رووسییە نوێیەکان سواری ملیان بوون، لێرە و لە وێ شە هیدو بریندار هاتنە وە بارەگاکان، ئەو زۆر شپرزەببوو، زۆر ترسابوو، شە وانە لەناو مزگە وتەکە هەڵدەستایەوەو خووی دەگرت. چاوی ببووە دووربین لە دوورەوە فرۆکە سۆخۆییەکانی دە بینی، دە یزانی کە تۆپ دە نگی هات بە کێندەرێ دە کەوێت، لە دەنگی تۆپە کان دە یزانی چە ند ملیمە ، بەدەنگی زەنجیرەکان، دەبابەکانی لەیەکتری جیادەکردەوە. ناوی هەموو دە بابەکانی پرسیبوو، دە یزانی فرۆکە شەڕکەرەکان چە ند بەنزین هە ڵدەگرن، دە بابە چەند سە رباز هە ڵدەگرێت، پلە یان

چییە، تۆپی مە یدان چە ند دە ڕوات، شە وانە هەڵدەستایەوە، هاواری دە کرد، بە ئامیر هێزە کەمان بڵێن، با برووسکە بۆ مەکتەبی عەسکەری بکات، داوای هەزارەها لوغمی دەبابە بکات، ئەو ڕێگایانە ، باریکە ڕێگاکان، سە ر پردە کان، بکە نە لوغمی دەبابە، ئەو شاخ و داخە بکەنە لوغمی تاکە کەسی، با دووشکەی شەش لوولە مان بۆ بهێنن، ئە و کە چە دۆشکانە، ئە و دوو لوولە کۆنە چینیانەیان لەکێ هێناوە، رە نگە پاشماوەی شەڕی جیهانی دووەم بن، رە نگە لە ڤیتنامەوە کڕابن، رەنگە لە ( ظفار ) ەوە بە قاچاغ هاتبن، دۆشکەو تەیارەشکێنی وا بهێنن، فرۆکەکان نەتوانن بێنە سەرمان، شە ڕ وا نە گووتراوە، فرۆکە ناو گوندی لێ حە رام کردووین، تۆپەکان لە بن بە ردان دە رمان دە هێنن، ئە و چە کانە نەبوون، ئەوانەی لە کۆبوونەوەکان دە یانووت دە ستمان کە وتووە، من ...).

باوکی مامۆستا ئیسماعیلیان بە چواردەستە سواری وڵاخیان کرد، نامە یان بۆ نووسی، نووسراویان بۆ نە خۆشخانەی شۆرش بۆ کرد، ناردیانە مەکتەبی عە سکەری تا رە وانەی ئیرانی بکە ن، بێجگە لە حەوت دینارە کەی مانگانە کەی ئامێر هێزە کەیان لە پارەی نەسرییەی دەستی، پێنج دیناریشی لە گیرفانی دانا، بەڵام ئەو پارە و پسوولە و مۆلە ت و خاترانە و یارمە تی و راسپاردە و نامەی تایبە تی نە دەویست، نە یدەویست بچێتە ئیران، بە تەمای نەخۆشخانەو دکتۆر نە بوو، دە یویست لە بارەگەو شە ڕەکە

دووربکەوێتەوە، کە فرۆکە دەهات رووح لە شوێنێکی قایمە ئەگەرنا دە ردەهات، لە پێش ئامیر بە تالیۆنەکەی دادە نا، چاو ناهێتە دەر ئەگەرنا چاوەکانی دەردەپەرین، ددانەکان ساخ بوون ئەگەرنا لە لەرزیندا دانە دانە ددانەکانی هەڵدەوەرین.

پێش ئە وەی کە پرەکە بکات، حە سیرەکان بخاتە سەر کاریتەکان و کۆنە تەباخەکە پەیدا بکات، پێش ئە وەی یەک دوو مەنجەڵ و ئامان پە یدا بکات، زوو ل ە تەنیشت خۆی کونە تەیارەیەکی باریکی قوولی لێدا . ئەو گوێ سووک بوو، پێش دووشکەکان، پێش رێوانە کانی ناوشار دە یزانی فرۆکە بەرێوەیە، دەیزانی کات و دە م و مە ودای جە ولەکانی فرۆکە کانی دە زانی، دەیزانی مووشەکی پێیە یان ناپالم، دەیزانی .. ئەو زوو دەچووە کونە تەیارەکەی.

رۆژێکیان برادە رێکی پێ دە ڵێت، ها بزانم نە بوویتە سەرلق، دیارە بوویتە سەرشفتە، ئەویش بەپێکەنینە شیرینەکەی پێوتبوو:

وەرە دانیشە، یە ک قاپ شفتە ی وات بۆ سووردە کەمەوە، بە حەیاتت شفتە ی وا بە تەماتەت لە فتاری رە مەزانانیش نەخواردبێت. ئامیرشفتەو سەرشفتە، هەرچی دەڵێن، حەقتانە.

لەو رۆژەوە ناوی باوکی ئیسماعیل بووە سەرشفتە.

کە مامۆستا فیرارەکە خۆی لە پەروینی ژنی دەخشاند، پەروین بەپێکەنینەوە پێیوتبوو، تێر شفتە نەبوویت کوڕی سەرشفتە

...

هوشیار لە سەر کورسیە کان هەڵسا، بە دیار کە للە سەری (سێرگل) راوەستا، سە ری بە رزکردەوە تا لووتە پانە خڕکەی، گەیشتە لووتی باریکی قە لەمی پە یکەرە برونزییەکەی، لە تەنیشتیەوە ئەو چەند دێرەی خوێندەوە، کە نووسرابوو:

یۆهان توبیاس سێرگل کە 74 ساڵ ژیاوە و لە 1814 کۆچی دوایی کردووە، لە فەرەنساو ئیتالیا هونەرو پەیکەرتاشی خوێندوە، چەندین پەیکەرو کاری هونەری لە خزمەتی کۆشکی شا کردووە.

ئەو دوو سێ دەقەی بەدیار کەللە سەرەکە وەستا، پێیووت:

سێرگل کەللە سەرەکەت لەو گۆڕەپانە هەڵواسراوە، من دەمەوێ کۆت بکە مەوە، دە ستت لە کوێیە، چاوت لە کوێیە، چۆن کۆت بکەمەوە، بتبەمەوە ستودێویەکەت، کە زۆر دوور نییە لەو شوێنە، دەتبەمەوە تا پەیکەرێکم بۆ بتاشی، لە پەیکەرەکەدا چەند رستەو رووخساری تێدا بێت، کە چۆن منیان بۆ کوشتن ناردو سە فەرێکی نامەردانەیان پێکردم، منیان ناردە ناو ئاگر، من هە شت ساڵ لە کەمپ مامە وە، هە شت ساڵ لە ترسی دیلە کانی تر، نە وەک بە پاسەوانەکان بڵێن، ئە و دیلە کوردە سونەیە نوێژ ناکات، نوێژم دەکرد، بێ دەستنوێژ نوێژم کردووە، بێ نیەتهێنان بەرووژوو بووم، پێش بانگی شێوان بەدزی ئاوم خواردیتەوە. من هەشت ساڵ گوناح بووم، دەستی هونەری تۆ چەند جوانە، تۆ چەند بەپیرۆزی هونەرت کردووە، منیش ئە وەندە رەزالەتیان پێکردم، دە ئەوەندە غەدریان لێکردووم.

لەو دەمەدا ( سێرگل ) بە ئەسیرە بێنازەکەی وتبوو:

ئێرە گۆرەپانی منە، شوێنی ئازادییە ، دڵی گرێدراوی خۆتم بۆ بکەرەوە، پە لە مەکە، من بێکارم، لێرە لە بەرزی راگیراوم تا هەموو رێبواران ببینم، من لە سەر شە رەفی پاشای وڵات هاتوومەتەوە، پێش ئەوەی من بگەرێمەوە پاشا وەعدی پێ دابووم، ئەو شوێنە دیارە بە ناوی تۆ دە کەین، لە چاوی منەوە شەقامی پاشاو شە قامی شازادە و شە قامی ( سڤێا ) هێماو ناوی پیرۆزی ژنانەی سویدە ، سڤێا لە چاوی منە وە رۆیشتووە، کلیلی هە موو شۆخەکان لێرە یە، لێرە وە ئێوارانی شە مموان چە ند پێکی وەنەوەشەیی نۆش دە کەن، یەکەم ماچی شە و درێژەکان لە نزیک منەوە دەست پێدە کات، هە ست بە ناسکی ماچە کان دە کەم، لە یەکەم وشەی ژووانەوە ئاگادارم، گوێم سووکە هەمووی دە بیستم، (سڤێا) ییەکان، بۆ باوەشی ( کارل ) ەکان لێرەوە دەڕۆن، لە چاوی گەشی هونەری منەوە، بۆ گۆشە تاریکەکانی مەستبوون و تاوانەوە دەچن، بە بن پە یکەرو سە رو کە پووە باریکەکەم رە ت دە بن، من بواریان دەدەم.

من بە راسپاردەی گوستافی سێیەم پاشای وڵاتەکەم گەڕامەوە، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە، بۆ لۆڤە رو بۆ ئازایە تی 300 جەنگاوەرە شەڕەکەی سە دەکانی پێش زاین، بە قوڕ گیانی زیندووی ئە و جەنگاوەرە بریندارەم کرد، ئە وەی تا بە تەنها نەگەرێتەوە، خۆی کوشت.

## 124- شێرزاد هەینی

پێش ئەوەی بەو ڕێگا دوور لە ئیتالیاوە بێمەوە، پاشای وڵات گۆزەی ئامادە کردبوو تا شە وانە شەرابی کۆنی لە گەڵ بخۆمە وە، من هونە رمەندبووم ڕێزیان گرتووم، هە موو دە رگای کۆشکە کانی پاشا لە ناو ستۆکهۆلم و لە شارەکانی تر بۆ من و بۆ کارە کانم لەسەر پشت بووە ، نازیان کێشاوم، بە رینترین و جوانترین گۆرەپانیان بەناوم کردووە، چاوی شاریان بە ناوی من ناوە ، لەو چاوەوە، ماچ و ژووان و خۆپیشاندان و ناڕە زایی و نمایشگاو دیمانەی عیشق دە کرێ. من لە و پە نایە بەرزە هەموو ماچە کان دەبینیم، لە و ستوونە مەڕمەڕە هەموو چرپە کان دە بیستم، شوێنەکەم پیرۆزە چونکە لە ستودێوو ماڵە کەم نزیکە ، لە پەنجەرەکەمەوە ئیلهامی هونەرەکەم لە جوانیەکانەوە بۆ هاتووە.

# بەشی پێنجەم

لەسەنتەری گۆڕە پانەکان، لە بەردەم باڵە خانەکان، لە ئامێزو چاوی رە نگی گوڵە کان، سە دان پە یکەری دە بینی، شاری پە یکەرو هونەرە، ئە و شارە دارو بە ردو ئاسن و برونزو مس و ئالتون و تەنکەو چیمەنتۆی کردووە بە پەیکەرو بە بەژنی هونەرو داهێنانی بەرز. دەمانچەی گوللە ی کوشتن و خوێنڕشتن لە سەر پایە کی بەرز، شەرمەزارانەو بەهێز لوولدراوە، وایان لوولداوە، جارێکی تر ئەو دە مانچەیە لوولەکەی راست ناکرێتە وە، بۆیە شەڕو سەنگەرو خوێنیان لە مێژە بە دانوستان و هە ڵبژاردنەکان گۆڕیوە تەوە، سەندووق و تابووتی کوشتنی ناکۆکییە کان کراوە بە سەندووقی دەنگدان ( ڤال ).

بەچەند بەردێک سینگ و مە مک و ران و سمتی ژنیان داناوە ، هونەرو دە ستی پیرۆزی داهێنان بە ردیان بە سۆز هێناوە ، بە رد بوویتە مەمک و سە ما لەگەڵ دە ست دە کات، لەو پەیکەرەدا بەرد نازی پێیە ، بە رد ئە گریجەی تارو ئاواز هە ڵدەپەرێنێت، بە ردی رەق نە رم و شلە و لە گەڵتا دێتە پەنایەک و بە دوو سە عات قاوەیەکت لە گەڵ دە خواتەوە، چرپە ی نازت دە داتێ، شە رمیش

ناکات ماچی گە رمیشی پێیە . ئەو بە ردە ژنە لە بەردەم کتێبخانەی گەڕەکی ( شیستا ) بە نازەوە، بە رووتی خۆی داوە تە بەر تیشکی پیرۆزی کتێب.

تۆپێکی دوراوی لە برونز دارێژراو، ویستی لە دیوارەکە بەربێتەوەو چاویلکە کەی بشکێنێت، جانتاکە ی لە شانی بەرداتەوە، بۆیە لە سوچی دیوارەکە دوور خۆی راگرت، تۆپە کە دەیوویست سە ربردەی 77 تیپی فۆتبۆلی لە 18 ی دیسمبە ری ساڵی 1904 ی بۆ بگێرێتە وە، چۆن یە کێتی فوتبۆلیان لە و وڵاتە شەختەو ساردە دامەزراندووە.

لەولاوە پارچە کانزایەکی زە ردی لاکێشە پیتی نووسینە کانی ناوی، رووداوی کوشتنی سە رۆک وە زیران و پێشە وایەکی حزبیان دەگێرێتەوە، کە ( ئۆلف پالمە ) خۆی و ژنەکەی لە شەوێکی درەنگ لە دیتنی فیلمێک لە 28 ی فبرایری ساڵی 1986 دەگەڕانەوە، کە دەمانچەیەکی گوومی ناو ئاوە کە لەبەر ژە نگی کۆنی و خورانی لوولەکەی ناکرێ بێتە دووان و بکوژە کەی بە روونی و بە ئاشکرا دەست نیشان بکات، یادی سە رکردەکەو باس و ناوی سە رۆک وەزیرانەکانە، بە چەند پیتێکی پرشنگدا ر شۆستە کەی کردیتە لاپەرەیەکی مێژووی ئەو وڵاتە.

...

## 128- شێرزاد هەینی

پێش ئه وەی هوشیار لە و وڵاتـە ماڵ و خێزان پێکوه بنێت، لە کتێبخانەکانی ئەو شارە چامەیەکی کۆنی گچکەی بەناوی ( داڵ ) ی شێرکۆ بێکه سی دۆزییەوه، رۆمانێکی هاوبەشی ( جبرا آبراهيم جبرا ) و ( عبدالرحمن منيف ) ی خ وێندەوه، رۆمانی شه رمەزاری (تسليمه نسرين) ی به نگلایشی بە حوزنەوه خوێندەوە، کە خوێندیەوه زانی لە وڵاتەکەی چه ند غه دری گه ورەیان لە و ژنە نووسەرە کردووە، بۆیه ش لە دەرەوە، لە وڵاتانی هیندو سویدو ئەلمانیاو لە ئەمریکاش رێزو پایە داری گیراوە ، لە کوشتن و سزاکەیان دەربازی بووە.

زانی لە شاری ئوپسالا لە ساڵی 1908 لە سەرەتای سەدەی بیستەم یەکەمجار قورئان کراوه تە سویدی، بۆ کوردی موسلمانیش تا کۆتایی هەمان سەدە وەرگێرانەکەی کفرو ئیلحادو گوناح بووە.

....

سوورانەوە لە بەهەشتە بەرینەکەی کۆشکی ( درۆتنینگ هۆلم)، لە چاوی بەرینی ئاوەکەی، لە مەزنی کۆشکەداو نازداری نه خشە فەرەنسیەکەی، بۆ ئە وەی بوو تا ئه و رۆژه ی لە بیر بباتە وە، کە تاوانی زۆر مه زن شه رمەزاری دە کرا، کە لەبەردەمی ئەو، کە بۆ تەواوکردنی تە رمی ئە بو خە لیلێک، بۆ نارد نەوەی شە هیدێک دەستی براوی ئە بوخەلیلێکیان لە شەهیدێکی تر بە لەزو بە بێمنەت قەرز دە کرد، ئە و خۆی ئاگاداربوو کە قاچیان بۆ

شەهیدەکە لە پیرەمێردێکی رەق و تەقی ( مطوع ) ی شاری ( سوق الشیوخ ) یان بەئەمانەت وەرگرت، تا تابووتەکە پڕبکەنەوە، چەند پارچەی گوشتی لارانی کوڕە ئەبو خە لیلە مەسیحییەو چێشلێنەرەکەی ئام‌یر فەوجیان لە ناو تابووتی ئەو لە تاریکیدا دزی.

تەواوکردنی جەنازەو بۆ تەرم ناردنەوە یەک چاویش پێویست نەبوو، دایک و باوکە پشتشکاوەکە چاویان نە دەویست، گۆڕو تەلقین و ئە لحەد دە فەی سینگ و پە راسوویان نەدەویست، ژنە داماوەکە کەللەسەرو گۆشتی رانی بۆ چی بوو، منالّە کان باوکیان دەویستەوە، ژنە کە سەردارەکەی، دایکو باوکە کە جەرگیان دەویستەوە، قوتابیەکان مامۆستاو رە زەکانیش دەست و یاریگاش پێ و قەڵاتیش مێژوونووسی دەویستەوە.

ئەو ئە بو خە لیلە تازە ئەلقەی هاوسە رگیریی ناکرێت، پەنجەی بۆ چییە ، ناچێتە بازارو بۆ ژماردن و سوێندخواردن پەنجەکانی بۆ چییە ، لە دادگا نابێتە شاهیدو پە نجەمۆر ناکاتەوە، تامی هیچی تر ناکاتە وەو پە نجەی دۆشاومژە ی ناوێتەوە، روو لە قیبلە ناکاتەوەو پە نجەی شە هادەی بۆ چییە ، پیرەمێردەکەی باوکی دە گریاو تە رمی دە ویستەوە، دە گریاو ئەوانیش جەستەیان بۆ کۆکردە وە، دەستیان بۆ هینا، قاچیان بۆ پەیدا دەکرد، بۆ کەللەسەر پەکیان نەدەکەوت، لە نزیک خۆیان، کەللەی سوتاوو برژاوو شکاوو بڕاو زۆربوون.

.....

لەناو رووبە رە  کەسکە  پانەکەی ئە و کۆشکە   کۆنە، پارچە پارچە  یادی جێدە هێشت، جنێوە  پیسەکانی ئامیر فە وج و ئامیر لیواو ئەفسەرانی ئیستخباراتی دەتاواندەوە، لەسەر تابلۆیە ڕەشە گچکەکانی پێناسە  یی پێش دە    روازەی کۆشکە  کە، پیتە  کانی هەڵدەگرت، مێژووە  کانی رە  شدەکردەوە، وێنە  کانی دە  ستکاری دەکرد، تا دیمە  نە هە ڵکەندراوەکانی ناو مێشک و گیربووی ناو چاوانی خۆی لە  سەر تابلۆکە  دابنێتەوەو لەوێ جێگایان بکاتەوە، لەو هیمایە  شارستانیەتەو لەو روانگەیەی هەزارەها کەس رووی تێدەکەن، لە سەر تابلۆیە کە  مەرگ و ژیان و ئە   سیری و مێژووی خۆی بگێڕێتەوە.

لەناو تابلۆو دیمە  نەکانی پێشانگایە کی گرانبە های شاهی پێکەنین و رە   خنەگری بنیاتنە ر هونە رمەند  (شارلن شاپلن ) دەسووڕایەوە، پۆستاڵە  کەی شاپ لن، وێنە  ی گیراوە  ، بە  بەرزی دیاربوو، دانە   ئەسلییەکەشی لە   مۆزەخانەکان دە سووڕێتەوە، پۆستاڵ ناشیرینە   دڕاوەکەی ئە و چە ند بە نرخە، پۆستاڵە کەی ئەویش، ئەگەر بیتوانبووایە لە کەمپەکەی ئیران داوای لە  خاچی سووری نێونەتەوەتی دەکرد، بەو پۆستاڵەوە دەچێتەوە وڵاتەکەی، پۆستاڵەکانی دە باتەوەو بە رووی لیژنە ی پێشوازی لە    دیلەکان بەرزی دەکاتەوە. جووتە پۆستاڵەکە، هەشت ساڵ بەیەکەوە چەند کەمپیان کردووە ، چە  ند شاریانکردووە ، چە  ند هە  زارجار بۆ دەستنوێژهەڵگرتن و بۆ نۆرە  ی  نان وە رگرتن، بۆ سە رئاو لە سەر پێیکردبوون، هەشت ساڵی تەمەن لەناو یەک پۆستاڵدا ماوەتەوە.

دووجار لە سەر پۆستاڵە کە، جنێوی خواردووە ، پۆستاڵیان لەدەمی ناوە ، لە سەعاتی یە کەم، کە عەریفەکەی میرە پۆستاڵەکانی بۆ فرێداوە، کە لەپێیکردووە، بە عەریفەکەی وتبوو:

_ عەریف، ئە و دوو پۆستاڵە ، وە ک یە ک نییە ، یە کیان پێم دەگرێت..!

عەریفەکە وەک سیمرخ خۆی گڤکردبوو، وە رگرە، سە رپۆستاڵ، یەک ژمارە یە، با یە کێکی خوێندە وار ژمارە کانت بۆ تە ماشا بکات..!

لەو دەمودەستە نەدەکرا، بە عەریفەکە بڵێت، من خوێندەوارم، من ژمارە کانم تە ماشا کردوون، من دە زانم، بەڵام تاکێکیان پێیم دەگرێت..!

بەیانی کە ناوەکانیان خوێندنەوەو ژمارە یەکیان جیاکردە وەو سریەی یە کەمیان لێیان دامە زاراند، ئامیر سریە ( معوق )ەکە، دەیانووت، هە ردوو دە ستی مشت برغی و پلاتینە ، لە مانگی یەکەمی شە ڕەکە بەسەختی برینداربووە ، بە ڵام ئە فسەرێکی چووست بوو، بە یانیان وە ک نێرە کەر دە نگی دە هات، هاواری دەکرد، تا رە وانەی وە حدەیەکی تری نە کەن، لەو شوێنە نزیکەی دوورینەخەنەوە، داری لە سەری سە ربازە نوێیەکان دە شکاند، تا گەورەکانی بزانن ئەو لە گۆشت و ئێسقان و خوێن و گوو، سەربازی پۆلاو مغاویری بە ردی مارخۆری پێنە گەیاندووە، وە ستانی نە بوو،

هەموو مەرجەکانی ئەفسەری ئامادەی پێوە دیاربوو، مانگێک تا چل ڕۆژ، سەد تا سەدو بیست سەربازی شێت و هاری لە قالب دەدا، هەمووی لە حەپە دەخستن، هەموو دەخەساند، هەمووی دەبرژاند.

یەکەم ڕۆژ، بەراکردن و ( هرولە ) هەناوی خستن، نیو سەعاتی بۆ خواردنەکەی نیوەڕۆی بۆ دانان، دووبارە بە هرولەو بە پازدان، بە وەڕین و بە هەلهۆلە، دەنگی خستن، هاوارو دەنگی ئەو ڕەشەبای قورگی سەربازەکان، کۆنە سەقفی هۆلەکانی دەهەژاند، دەنگیان دەگەیشتە (عرفە) دەگەیشتە دووکەڵی ڕەشی بیرە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕ، سەعات چواری ئێوارە سریەکی نیوەمردوو، سەدو بیست پیاوی تەمەن سەرووی بیست ساڵی بە لارەلارە، بە حەپەحەپە، شەل و گۆد ڕەوانەی قاعەکەی کردنەوە. هەموویان بە پۆستاڵەوە لەسەر یاتاخە بەستراوەکانیان پەلاواژبوونەوە، یەکێکیان نووزەیەکی لێوەدەهات، دەیووت:

ئەبو خەلیلەکان، بمانگێن ئێستا دەستمان پێناکرێتەوە، هەموو گیانم کوتراوە.

یەکێکی تر، بەئاخ و ئۆفەوەو بەزەحمەتی، وایدەزانی دوو کیسە چیمەنتۆ سەردەخاتە سەر بەیتوونەیەک، ئەکسلێک لە بن لۆرییەک دەردەهێنێت، خۆی وەردەگێڕاو دەنووزایەوە.

....

هوشیار دەستی بۆ قەیتانی پۆستاڵە راستەکەی بردو قەفەکانی نەرم نە رم کرد، چاوی لە دوور دە ڕوانی ئاگای لە پێی و پۆستاڵەکەی نەبوو، کە پۆستاڵەکەی لە پێکردەوە، بینی، گۆرییە خاکییە ئەستوورە عەسکەرییەکی بە پشتی پێیەوە نووساوە، خوێن و گۆشت و گۆرییە کە بەیەک وە نووساون، خوێنەکە پێوە وشک بوویتەوە، تا سەر ئێسقان خوێنەو گۆشتی پێوە نەماوە، دەستی بۆ لادانی گۆرییەکە برد، لە برینەکە نەبۆوە، بە شەلەشەل خۆی گەیاندە تاکە بەلووعەکەی نزیک ئاودە ستەکە، گۆرییە کەی تەڕکردو لە پێیکردەوە، گۆرییەکەو برینەکەی جوان شووشت، بە شەلەشەل گەڕایەوە سەر یاتاخەکەی، کە هاتەوە، بینی زۆربەیان پرخەیان دەهات.

هوشیار بۆ زامی یە کەم رۆژی سە ربازییەکەی دوو دە رمانی هەبوو، یان دەبووایە وەک سەردەمی منالییەکەی بە کەمێ خۆڵی ورد برینەکە وشک بکاتەوە، یان بە سووتەکی جگەرە، یان تەنی ڕەشی بن مە نجەڵە قۆپاوەکان، بە لام ئە و تیمارە کەی نە کرد. ئەویش درەنگ لەبەر ورتەورتەی برینەکەی خەوی لێکەوت.

....

بەیانی تاکی پۆستاڵی پ ێی زامدارە کەی لە ناو یاتاخە کەی لوولداو تاکی پێڵاوە مەدەنییە سووکەکەی لە پێکرد، هەتا سەعات دەش، ئامیر سریەکە نەیزانیبوو، هوشیار پێی راستە ی پێڵاوی

مەدەنی لە پێیە، کە بینی، بانگی کرد، پانتۆڵەکەی پێبەرزکردەوە، سەری بۆ پێڵاوەکە شۆرکردەوە، سەری بەرزکردەوە، هەردوو چاوی بە قەیتانی تاکە پۆستاڵ و تاکە پێڵاوە ( باتا ) کەی گیربوون، فەرمانی دا دارە کەی دە ستی نیو مە ترێک درێژتر بێت، بە توندی وەک بزمار لە سەری پە نجەی گە ورەی ناو پێڵاوە مەدەنیەکەی چەقاند، ئەوەندە بەهێز پاڵیدا، ئەوەندە بەرق کۆششیکرد، سە ری زەردی دارە کی لمووزی پێڵاوە کەی کونکرد، بە ڵام بەوە باش بوو، سەری دارەکە کەوتبووە نێوان دوو پەنجەی پێی.

دەستێک چە ند ساچمە و تێلبە ندی تێدابوو ، هێزی ئە وەندە زۆربوو، رە نگە پێش برینداربوون و شکانە کان، دە ستیان بۆ کونکردنی پۆلاو چینکۆ بە قەرزبردووە، دەزگا دەزگا بۆ کونکردن و چەمانەوەو شکانەوەو سوورانەوەو تاوانەوەی ئاسن و پۆلاو چینکۆ دەستاودەستی پێکراوە.

سزاکەی بووە دەرسێک، تا برینەکە وشکی کرد، گۆرییەکانی لە پێنەکردووە، تا هە شت ساڵ لە ئیران مایە وە پۆستاڵەکانی نەفەوتاند، کە هاتەوە ویستی بە پۆستاڵەوە بێتەوە.

جاری وا هەبووە یەک دوو هەفتە بەپۆستاڵەوە نووستوە، چەند ساڵ بەپۆستاڵەوە نانی خواردووە، جەژنی کردووەو پۆستاڵی لەپێ بووە، ساڵی پڕکردیتە وەو پۆستاڵی دانە کەناندووە، بە پۆستاڵەوە چوویتە توالێت، بەپۆستاڵەوە نان و چای خواردووە ، بەپۆستاڵەوە گیرا، بە هەمان جووتە پۆستاڵەوەش ناوی ناردنە وەی هاتە وەو

بەڵام کە هاتەوە کارمەندانی خاچی سوور بە رگ و پێڵاویان گۆڕین، ئەگەرنا پاش هەشت ساڵ بە پۆستاڵە مێژووییەکەی دەهاتەوە.

جاری دووەمیش کە ویستی پۆستاڵەکە لەگەڵ خۆی بباتەوە، پاسدارەکە لەناو ڕیزی گەڕانەوەی دەریهێنابوو، دووبارە گەڕاوەتەوە ناو زبڵدانەکەی کەمپەکە، دوو مانگ لە تۆڵەی پۆستاڵەکە گەڕانەوەکەی دواخراوە.

....

مامۆستا پەروین دەستی ئیسماعیلی مێردی گرتبوو، هەتا نزیک بینایە نوێیەکەی تجنید بردبوو، لە دوورەوە تجنیدی نیشاندابوو، پێیووتبوو:

سمە، تەماشاکە، دونیا هەڵساوە، شۆستەکە، شەقامەکە، پێش دووکانەکان، سەردیوارەکان، پەنا دارەکان، هەموو خەڵکە، هەموو دەفتەرخدمەکەیان داوە و چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی دەفتەری پڕکراوەیان دەکەن، هەموو وەک تۆ فیراربوون.

( فیراری شوش و محمرەی تێدابوو، سەربازی تێدابوو لە خۆرهەڵاتی بەسرە لە ترسی تۆپبارانەکان فیراری کردبوو، سەربازیان لەناودابوو لە ئیشغالی عەسکەری ناو ئوردی هەولێربووە، لەوێ فیراری کردبوو، فیراری وایان لەناودابووە، لە فەوجەکەیان تەنها دووکەسیان بەزیندوویی دەرچووبوو، فیراری

وایان لەناوبوو لە ماڵەوە پرسەیان بۆی دانابوو، تا کەس گومان لە فیرارییەکەی نە کەن، فیراری وایان لە نابوو چەند مانگ لە ناو کونە فیراری ماڵە وە ماوەتەوەو پیسایيشی لە بن خۆی کردووە ، فیراریان لەناوبوو چەند مانگ لە و گوندانەی خۆشناوە تی ژیاوە و نەبوویتە پێشمەرگە، لە وێ دووکانی هە بووە، کاروانچییە تی کردووە، تووتنی چاندووە ، جە لەبی کردووە ، لە مزگەوتەکان پێشنوێژو وتارخوێن بووە، فیراری وای تێدابوو ، بۆ تسریحبوون دە هەزار دیناریشی دە دا، فیراری تێدابووە لە دەستی ئە سپێ و بۆگەنی هەڵاتبوو ).

بەڵام مامۆستا ئیسماعیل ئەو پیاوە نەبوو، نەدەچووە پێش، بە ژنەکەی دەووت:

پەروین، مستشارو بە رێوەبەری تجنیدە کەم، من ناچم، نامە وێ ناوم بکەوێتە ناو تەسریح و فیرارو دوو سایدە کەو سێ مانگەکە .. ئیمرۆش تەسریحمان بکەن دوو مانگی تر، بانگمان دەکەنەوە، یەک بڕیارەو یەک جاریش لە (جریدەی تەلەڤزێونی) دەخوێنەوە، خۆیان ماندووش ناکەن، یەکجار دەیخوێنەوە، من تەسریحی ئەوانم ناوێ، من سە ربازی تۆم، من بۆ وە رگرتنی قصعەکەی تۆ چە ند سە عات لەبەردەمت دەوەستم، من بەرگی هاوینەو زستانەو پۆستاڵەکەم لە ( میره) ی تۆ وە ردەگرم، بۆ تۆ ئیستاعید دە وەستم، کە ی وتت ئیسراحەت دە کەم، من سوارە م (خیالە) م، دە بمە سەربازی

(مخابر) ی تۆ، دوور دە رۆم و دە چمە ( مرابات )، ئێواران تا بەرەبەری بەیانیان دەچمە کەمین، لوغمەکانی پێشت لە تاریکە شەودا دە تەقێنمەوە، با هە ردوو دە ستم بپە ڕێت، با گۆزینگم بەپێڵاوەوە ببڕێتەوە، 28 رۆژ جارێک تۆ ( نموذج ) ی چوونەوەم بە تووڕەییش بۆ ئیمزا بکە، بە ( تحیە ) ەوە وەریدەگرم، معاشی تۆ چەند دیناریکێش بێ، بە زۆری دەزانم، من ...

سەربازی کورد لە فاو هاتنەوەو تەسریحیان کرد، تورکمان خۆی کردە کوردو تەسریح بوو، فەلەکانی دیاناو صناعەی بەغداش هاتن بە مەزبەتەی کوردان تە سریح بوون، نائیب عە ریفی سەر مووشەکانی ( ئێچ 2 و کەی 3 و کەی 4 ) گەڕانەوەو تەسریح بوون، بەڵام مامۆستا ئیسماعیلی کوڕی سە رشفتەی وەحدەو لیوای ئەفسەری روکن پە روین جەلال نەچووە تجنید، تا ماوە یەکی زۆر هەر بە فیراری مایەوە.

...

جاسم دڵی بە وە خۆش بوو، پێش ئە وەی هوشیار گوللە باران بکەن، شەهادەی هێناوە، تا کۆیان کردینە وەو راپێچیان کردوون، یەک دوو جاری وتووە، خودای میهربان

ئاگادارمان بە، بە گەورەیی خۆت رزگارمان بکە ، تۆبە رب العالمین، با لە ژیانیشی نوێژی نەکردبێت، با دوو سورەتی ئایەتی

قورئانیشی نەخوێندبێت، بەو تاوانەی ئەو کافرانە دەرحەق بەو کردوویانە دەچێتە بەهەشت، بە هەشتی خودا بۆ کە سانی وەک هوشیارە، هەر هەشت دەرگاکەی کراوەیە، لە دوورەوە دەرگاکانی بۆ دەخەنە سەرپشت، کابرایەکی بێوەی بوو، درۆی قەت نەکردووەو درۆشی نەدەزانی، زۆرجار دەیووت:

( من زۆر خۆم بە گوناهبار دەزانم، کە دەمویست بوخچەکەم بکەمەوە، کە ویستوومە ژن بهێنم، وتوومە، ئەو کیژە کەپووی فشە، بەژنی کولە، سمتی نییە، دەستی لە دەستی پیاوان دەکات، چاوی لە چاوی پشیلە دەکات، من بەرامبەر ئەوانە زۆر قەرزارم، هەموو کەس جوانە ، هەموو چاوێک جوانی تێدایە ، من هە ست دەکەم، لەناو دڵی خۆمە وە زولمم لە وانە کردووە، ئە وانەی منیشیان نەویست، ئە و کیژانە ی منیان نە ویستووە، من گە ردەنیان ئازاد دەکەم، من .. ).

ئەو کابرایەکی ناسک بوو، کە سێکی لووس و بێگە رد، دەنگی بەرز نەدەکردە، چاوی زۆر نە دەکردەوە، بۆنی نە دەکرد، دەستی درێژ نەبوو، پەنجەی باریک نە بوو، گوێی سووک نە بوو، دۆخینی شل نەبوو، چاوی حیز نەبوو.

جاسم هەر دوازدە ئیمامەکەی ئەهل ئەلبێتی دەناردە خزمەتی خودای گەورە، داوای دەکرد، لەو دونیایە زۆریان ئازارداوە، زۆری

تاڵی چێشتووە، بەهەشتی بەرینی بەرکەوێت، بەو هیوایەی لەوێ ( هوشیار سعید عبدالقادر ) یش بدۆزێتەوە، لە سوچێکی بەهەشتا، لە پەنا دارێکا، لە سەر رووبارێکی هە نگوین، لە گەڵ مامزو سووسکەو پاساری، لە گەڵ هوشیار باسی گوللە بارانەکەی بۆ بگێرێتەوە، لێ بپرسێت چە ند گوللەی بەرکەوتووە، چەندیان لە کەللە سەری داوە، چەند گوللە بەر سینگی کە وتووە، ژانی سە ر قورستربوو، یان سینگی، سینگ کونکردن، یان مێشک تە قاندن، کامیان ژانەکەی قورستربوو، بە کامیان گیانی دە رچوو، پێویستی بەدوا گوللەی ( رحمە ) بوو، هاواری کرد، دەنگی هەڵبڕی، جنێوی بە سەرۆک و بە بکوژەکاندا، داوای قوومێک ئاوی خواردنەوەی کرد، بواریان دا شەهادە بهێنێت.

لەوێ کە گەیشتنەوە یەک، چاو لە حورییە ناسکەکان ناکەن، بە بۆنەکانیان مەست و حەیران نابن، هۆشیان لە خۆی دەمینێت، سەربردەی هەشت ساڵەکەی خۆی بۆ دە گێرێتەوە، با ئەویش پێش گوللەبارانەکەی خۆی بۆ بگێرێتەوە.

بە هوشیار دەڵێت:

کێ گوللەبارانی کردی، بۆ کە وتیتەوە بن دەستیان، بەیەکەوە گیراین، من ئاگام لێبوو، ناوی تۆیان پرسی من لە بیرمە، ئە و دیمەنەم قەت لەبیرناچێتەوە ..

....

جاسم لە سوید لە ناوی هوشیاری دە پرسی، تا برایە کی بدۆزێتەوە، دە یزانی ئەو پۆلە کیژانەی ئە و خوازبینی کردوون، هەر هیچ نە بێ ژمارە یەکیان گە یشتوونەتە سوید، دوویان لە ستۆکهولم و یەکیان لە باکوورە لە ( سوندوسڤال )، رە نگە یەکێک لەو کیژانە مێردی بە پیاوێکی کورد کردبێت، لە شارەکەی ئەوان بێت، بەیەکەوە یەک ژن ( سۆسیال سکرتێرە ) یان بێت، زۆرجاریش لە ناو پاسەکان رووبەرووی بوویتەوە، رە نگە یەکێکیان ئێستاش بۆنی هوشیاری پێوە مابێت، رەنگی ئەوی گرتبێت، ناوی کوڕە کەی خۆی، برازاکەی، کوڕە خوشکەکەی بەناوی ئەو کردبێت.

دڵنیابوو لە بەهەشتا هوشیار د ەدۆزێتەوە، لە و رووبە رە سەوزەی ئاو دە وری داوە ، ئە و ئاوە زۆرەی چیمە ن و مێرگ لە ئامێزی کردووە ، لەو بە هەشتە دەرگا نییە ، هە مووی پە نجەرەیە، روو و سینگ هە موو گوڵن، لە و بە هەشتەی هاوینان رووناکە و گوڵەکان بوونە تە ئەستێرەو ئاسما ن دابە زیوەو مانگ سە فەر دەکات، تا ژووانەکان تەنهاو ئامێزەکان گەرم بێت.

لەوێ باڵە خانەکان لە زێرو زیون، ئە رزەکەی بە مەرجان و یاقوت و لوء لوء دارێژراوە . سێبەرەکانی سەد ساڵ لە بنی بڕۆیت تەواونابێت، قەدی دارە کان لەبەرئەوەی زێرن، بە ردەوام پرشنگ دەدات و دە بریقێتەوە، هە موو دارە کان قە دو بە ژنیان زێرە، بۆ

وەرگرتنی میوەکان ناکرێ دەستت بەرز بکرێتەوە، لقەکە بەمێوەوە بۆ دە ستت شۆڕدە بێتەوە، وەک ئەو میوانە نیە، کە لەسەر ئەرزا خواردوویەتی. پێویست ناکات داری میوە ی بچەقێنیت، بەرهەمی نوێ لە بەهەشت بچێنێت.

لەو بە هەشتەی لە رۆژی یەکەمی چوونە ژوورەوەت، بایەک، باهۆزێک هە ڵدەکات، نە رم نە رم جلە کانت دادە ماڵی، کۆنە کان نامینێت، ڕەشتاڵی و خە ت و خاڵ و قینچکە هە ڵدەگرێت. لووست دەکاتەوە ئەو بایە، خاوێنت دە کاتەوە ئەو باهۆزە. لەوێ ئەو دوو برادەرە، تە می ناسۆرییەکان دە ڕەوێنەوە، خە می تە مەن بە سەد ساڵان بۆ یەکتری دەگێرنەوە.

...

بەیانیەکی زوو بوو، شە وەکەی هوشیار ڤۆدگایە کی قورسی بێ بەفرو بێ مەزەو بێ زە وق لەگەڵ ( برایم پەشێوکاو ) نۆشکردبوو، هێشتا چاوەکانی ئەستووربوون و باش نەکرابوونە، لەبەر بێئاوی دەستی تە ڕکردبوو و بە چاوەکانی داهێنا بوو، باش بە ئاگا نەهاتبوو، چووە سەر شە قامە دوو سایدە پانوبەرینەکەی (کوردستان)، ئەوەی لەیەکەم رۆژا، کە شاری لە ئامێزگرت، ناویان نا شەقامی ( شێتستمەتر) ی.

ئەگەرچی شەقامە قیرتاوەکە دوو سایدبووو، بەڵام ئەو بەیانییە یەک سایدی بە کارهاتبوو، تەنها رۆیشتن هە بوو، ئەگەرچی ئەو شەقامە بەرینە سەرەکییە، تە نها بۆ ئوتومبێل و لۆری و تراکتۆربوو، ئە و بە یانییە کەرو عارە بانە، عارە بانەی دە ستی، چوارپایەی نە خۆشخانە بە کانوونی ئاوو کیسە ی خوێنە وە، عارەبانەی چیمەنتۆ، شان بەکۆڵ، دەست بەکۆڵ، سەر بەکۆڵ، مل بەکۆڵ، پشت بەکۆڵ، دەرۆیشت، ئەو بەیانییە، شارو گوندو قەزاو ناحیەو گەڕەک و کۆڵان و کووچە و بازارو دووکان و دە ستفرۆش، دەرۆیشتن.

ئەو بە یانییە رۆژی حە شربوو، مە لائیکەتەکان دە ست بەدەفتەرەوە وەستابوون، ئە سحابەکان بۆ واستە و رزگارکردنی چەند موسلمانێک لەلایەن خوداو پێغمبەرەوە رەوانە کرابوون، لە دوورەوە چاویان لە میللەتەکەیان بێت، ئە و میللەتەی لە یەک رۆژ بە یەکەوە بار دە کات، بە یەکەوە زیزبوون، هە موو تووڕە ن، بەیەکەوە بووک و زاوا ، کرێکاری چیمە نتۆن و وە ستاکان دە ڕۆن، مامۆستاکان دە رگای قوتابخانە کانیان داخراوە و دە ڕۆن، ئە و بەیانییە، پیرو نە خۆشەکانیش بە ڕێوەن، یە کەم رۆژە کوێرو کەمئەندام و کەمدەرامەت وکەمخزمەم وکەممناڵ، دەڕۆن.

.....

هەموو دە رۆیشتن بە لام کە سیان نە یاندەزانی بۆ کێ دە ڕۆن، نازانن میوانی کام دیوە خانن، خۆشیان نازانن لە کام چێشتخانە ناندەخۆن، دەترسێن و نازانن لەکام مزگەوت روو لە قیبلەی خودا دەکەن، لە و بە یانییە فرۆکە جەنگییەکان ئاسمانی شار تە ی دەکات، کە س نییە ، ئاگر بە روویان بتە قێنێتەوە، کە س نە ماوە، دەست بە رزکاتەوە، هە موو بۆ ئاسمان دە ست و چاوو دوعا بەرزدەکەنەوە، لە و ئاسمانە ش تە نها عزائیل دیارە و بە رووحکێشان راناگات، شەهادەهێنانیش ناگاتە ئاسمان

ئەو بەیانییە هوشیار چاوی لێبوو، نان و ئاو، برنج و ساوە رو گۆشت، نانی تیری، نانی تە ندوور، دە رمان و حە ب و پلاستە رو بالیف و بە تانیەو مەلۆتکەو ژانی منالبوون، رە شانەوەی نەخۆش، مەڕو بە رخ و گاو گۆلک، قازو مراوی، هە موو لەسەر شە قامەکان دەرۆیشتن، بە لام کە سیان نە یاندەزانی بە رەو کێندە رێ دە ڕۆن، نازانن بەرەو ..

خەڵکی تێدابوو لە ( داقوق ) ەوە بەپێیان هاتبوو، لە گەڕەکی (رووناکی ) ناوشار، لە ئوردووگاکانی (قوشتپە) و لە ( پردێ)، لە (کوران) و (حی عسکری) و (عەردەکانی جیش شعبی)، لە (تووڕەق) و لە (مامزاوە)، لە (پیرداود) ەوە، هەمووی تێکەڵببوون، دەرۆیشتن، رۆژی حەشربوو. ژن دەگریاو جنێوی دەدا، گەنج کفری دەکردو رای

دەکرد، پیاوە و چە کەکەی سە رشۆرەو گلە یی دە کرد، رادیۆیە کان نوزەیان نەدەهات، درۆ زۆر دەکرا، پارانەوەو نووزانەوە ..

ئەوەی کەمێک رۆیشتبوو، ماندوو ببوو باری سووککردبوو، نیوەی بارەکەی لە ناوەندی شە قامەکە دادەگرت. ئەوەی نە خۆش بوو، بۆی نە دەکرا بڕوات، دە وەستاو بە جێدەما. ئەوەی لە ناو بۆدی لۆرییەکان، لە پشتی تراکتۆرە کان جێگای نە مابوو دە هێندرانەوە خوارەوە، کە س لە سەر کە س نە دەوەستا، تە رم بە تەنها مابووە ، بریندار دە ینالاند، نەخۆش دە یبووراند، پیاو دە یشیراند، منالٚ لە برسانا دەیزیراند.

...

من سەفەر ناکەم.. بەڵام شارەکەم جێدەهێلم، بەتەمای رۆیشتن و ئاوارەبوون نەبووم، وا بە تەوسەوە رادەکەم، نە پارەم پێیە، نە خوداحافیزم کردووە و دە ڕۆم، پاسپۆرتم لە گیرفاندا نییە ، لە راستییدا هە ر شێوە ی پاسپۆرتیشم نە دیوە، سە فەریش دە کەم و دەچمە سەر سنوور، سنووریش بە چەکدارەکان پارێزراوە ، بە بەفر گیراوە، بە ترس گە مارۆدراوە. من فێرم سە فەر دە کەم، بە ڵام دەگەرێمەوە، مە رجیش نییە ، من بێمە وە، برادە رەکەم بێتە وە، دایکم بێتە وە، باوکە هەناسەسوارەکەم بێتە وە، نە خۆشە نیوەمردووەکە بێتەوە، سە فەر دە کەین، زۆرمان سە فەرکردووە، بەبرسیەتی دەچین و بەبرسیەتی دەگەڕێنەوە.

هوشیار لەناو کەندە وشکەکە خۆی کردبووە ریوییەکی ترساوی ڕانراو، لە ترسانا، ئە و تامی ترسی کردبوو، ژانی هە ڵاتن و راکردنی دیبوو، شەوانەو چەند ساڵ لە ماڵی خەڵکی تر ماوەتەوە، نانیان بە جنێو پێداوە، ئاویان بە دلۆپە لەزاری وشکی کردووە ، ئەو باشی دە زانی، زۆرتر لە کەستەکەکانی کە ندەکە دەچووە ژوورەوە، لەگەڵ دڕەکە زەردەکە دەستلەملان دەبوو.

کە فرۆکەکان هاوارو خوێنیان لە ناو خە ڵکەکە چاند، کە رۆیشتن، هەڵسانەوەیان هەموویان بۆ زۆرتر رۆیشتن، پەلەیان کرد لە هەڵاتن، ئاگرە کە راوی شارێک و میللە تێکی دە نا، خوێن و قیژەی ژن و منداڵە بەستەزمانەکان، گەورەکانیش بەستەزمانبوون، چەکدارەکانیش بەستەزمانبوون، لەو شەڕە گەورەیەدا کەم خوێن رژا. لەو کودەتایە مەزنە کەم کەس گیرا، دوو کە س گیراو بیست هەزار کەس لەو شەڕە گەورەیە ئازادکرا. لەو شەڕە کۆنەدا، چوار کەس کوژراو چوارسەد هەزار کەس لێبووردنی بۆ دەرکرا.

فرۆکەکان بە رقەوە هاتنەوە، شارێک، لە ناو زوورگە کان لە و دەشتە قوونلەدرە خۆیان شاردە وە، خۆیان لە یەکتری شاردە وە، لەبەرچاوی کە سوکارەکانیان بزربوون، لە ناو ئاپوورە کە دیار نەمان، بە لام لە یەک ئە فسەر، بۆ یە ک لوولە ی شێستیرو مووشکهاوێژ دیاربوون . یەک فرۆکە وانی یە ک نجمە لە سەرشان، یەک ملیۆن کە سی دە بینی، یە ک ملیۆن کە سی دە ترساند. ئەو

ئەفسەرە دەستی دە گەیشتە هەموو رووحەکان، هەموو چاوەکان، هەموو خەونەکان.

فرۆکەکە وەک هەڵۆیەکی برسی، وەک قولابێک، بەشە گۆشتی خۆی لەسەر خوانەکە هەڵدەگرت و بەرز دەبۆوەو دوور دەکەوتەوە، یەک بووە قوربانی، دوو سێ .. کەس نازانێت، لە گەڵ مووشەکەکان، هەموو هاواریان لێهەڵسا، هەموو دەستیان بۆ جەستەیان درێژکرد، بۆ خوێن و شکان و پەڕاندن و لێبوونەوە، دەستیان درێژکرد، دەستیان لە چاویاندا، دەستیان بە سەریان داهێنا، کڵاوو جەمەدانیەکانیان هێنایەوە خوارەوە، سەری منداڵەکانیان پشکنینی.

ئەو کاروانە یەک ملێونەیە سەری لێرەیەو دەگاتە ناو ئیران، دەچنەوە ناو کەمپە کۆنەکان، ئیران خیوەتەکانی نەپێچاوەتەوە، لە ( زێوە) و لە (خوو) لە (سلماس) و لە (کرمان)، کەمپەکان ماون، ئەوەی لە گردی ( مەلا ئۆمەر) ئاودیوبوو، ناگەرێتەوە، هەتا ناو ئیران ناوەستن، کەس ئاوڕ ناداتەوە، هەموویان هەر دەڕۆن، دەڕۆن و کەم دەبنەوە، دەڕۆن منداڵەکان سەرماو رەشانەوەو سکچوون دەیانکوژێت، بۆ ناشتنیش زۆر ناوەستن، دوور ناکەنەوە، ناگانە گۆڕستانەکان، هەر لەسەر ڕێگاکان دەیانشارنەوە، بێکێل، بێ ئەلحەمد، بێ تەلقین مردووەکانیان شاردنەوە.

هوشیار بە هەمووانی وت:

من ناچمە وە ناو ئیران، جارێکی تر من ناگە ڕێمەوە، کە گەڕامەوە، وتیان:

دوا جارتە، نابی بگەڕێتەوە ناو خاکی ئیسلامی.!

من لەوێ زۆرم خواردووە، دەمەوێ ئەمجارە روو لە وڵاتێکی تر بکەم، ناچمەوە ئیران.

....

ئیسماعیل سە رشفتە هەرچی گووتبایە، زوو دە یانووت، ئە وە قسەی تۆ نییە، مامۆستا پە روین دە رسی داویت، ئە و لە ماڵەوە تەختەی ڕە شی بۆ داناویت، دە ستبەدار لە سەر سە رت رادەوەستێت، دە رسی مێژووت پێدە ڵێتەوە، دە رسی حیساب و ژمێریاریت پێدەڵێتەوە. لە دڵی خۆشییەوە دەیووت:

پەروین هەموو شتی منە، ئەفسەری تجنیدی منە، بەڵام گاڵتەی بە بوچۆنەکانم دێت، بڕوایان پێ ناکات، من سە دجار پێیدە ڵێم ئەو شە ڕە گرتنی شاری محمرە و گە مارۆی عبادان نییە ، چەکفرۆشتن و بڕیاری ئە نجومەنی ئاسایش نییە ، ئە و شە ڕە بۆ گێڕانەوەی دوورگەکانی (طنب الکبری) و (طنب الصغری) و ( آبو موسی) نییە، چونکە بە سنوورو بە نفوس و بە مێژوو و بە زمانیش پەیوەندییان بە وڵات و سە روەری عیراق نییە و نە بووە، (سیف سعد) و (زین القوس) ناوی تاشراون. شارەکانی نجف و کربلاء و

کوفەش نابێتە بەشێک لە ئیران، ناکرێ دەستنوێژ بگرن و بۆ نوێژ ەەزارەها کیلۆمە تر ببڕن، ناکرێ .. شەڕەکە لەجیاتی هە موو جیهانە، بۆ ئەمریکاو بۆ کەنداوو سوریاو بۆ صعیدی میسریشە، ئەو شەڕە بۆ تۆڵەی حسینی کوڕی علی و ئیمام سجادە ، ئەو شەڕە بۆ وەرگرتنی بە شێکە لە شط العرب، بۆ نرخی پترۆل و سەرمایەگوزارییە، بۆ بەشی داهاتی مەرقدە پیرۆزەکانی شیعەیە، بۆ لەناوبردنی بناخەو بەرنامەی ناوەکی و ئەتۆمی بەغدایە، ئەو شەڕە بۆ ئەوەیە ئیران بەیەکجاری دەستبەرداری کوردو شیعەکان بێت.

ئیسماعیل بە هوشیار گووت:

پەروین منی رزگارکردووە ، منی تسریحکردووە، ئا میر سرییەکەی تۆش پیاوانە و مە ردانە، مۆلە تی یە ک حە فتەیی تۆی تەوقیعکردووە، تۆی رزگارکردووە، ئەو سەیتەرانەی نێوان تاجی و هەولێر، بواریان داویت، تۆیان لەو کونەڕەشە دەرهێناوە، ئەوەیان دوا مۆلەتی تۆیە، ئەمجارە بچیتەوە، یان دە کوژرێت، یان لە سەر عارەبانەی کەمئەندامی بۆمان دێتە وە، کە تا ئێستا بوخچە کەت نەکراوەتەوەو ژنت نە هێناوە، کە معوق بوویت، تا دە مریت و دەرزێتەوە، بێ ژن و نە وە دەمینێتەوە، وە رە گوێ لە و قسە یەم راگرە، من زۆر لە پەروین فێربووم، دە زانم ئە وەت پێخۆشە ..! حەزت لە و بە زمەیە، من لە پەروین فێربووم، من باش دە زانم شوێنەکەی تۆم نەدیووە.

لە ئێوەم گوێ لێبووە لەناو ( هۆرە) کانی ( میسان) زمانتان بۆ ڕێگاو بواری چوونە پێشەوە دروستکردووە..!!

ئێوە دەڵێن، مدفعییەی ئیرانی زۆر باش خاڵەکان دەپێکێت..!!

ئێوە دەگێرنەوە، ئە وان بە لێشاو هێرش دە کەن، بە کلیلی بەهەشتەوە ناگەڕێنەوە..!!

ئێوە دەڵێن شەڕەکان گەرمە، بۆ تەقینەوەی مینەکانی پێشیان بەسەدان هێرش دە کەن و ناگە ڕێنەوە، لە کارەباو لە ئاوو چەمبەرو لە گوللە ناگەڕێنەوە.!

ئەمجارە بچیتەوە ناگەڕێیتەوە، جارێکی تر نموذجی مۆلە تی مانگانە لە گیرفانت نابینیتەوە.

( کە قسەی بۆ دەکرد، ئەو کەسە نەبوو لە پێش پەروین گچکە دەبیتەوە، ئە و کە سە نییە لە سەیتەرەکان دە تاوێتەوە، ئە و ئیسماعیلە نەبوو بۆ تە سریحبوونیش نەیدەیویست بچێتە تجنید، ئەوەی بەدیتنی سەربازێک بەڕەنگی زەیتونی ڕەنگی دەگۆڕا).

ئیسماعیل بە هوشیاری دەووت:

من مە سەلەکانم بە ترس و دڵە راوکێ و ژنانی و ترسنۆکی وەرگرتووە، مەسەلەکە لەوانە گەورەترە.

شەڕەکە لەو رووبە رە گچکەیە لە شەڕی دووە می جیهانی دژوارترە.!!

شەڕەکە ئاگری زۆری تێدا بەکاردێت..!!

شەڕەکە ناوچەیەکی زۆری کاولکردووە..!!

شەڕەکە دارخورماکانی باشووری هەموو بڕیوەتەوە، هۆرەکانی وشکردووە، گوندە کانی سە رسنووری خۆمانی چۆڵکردووە ، کانییەکانی تەقاندیتەوە، مزگەوتەکانی خاپوورکردووە..!!

شەڕەکە نێوان کۆمپانیە کانە، نێوان کێ زۆرترین چە ک بفرۆشێت، کێ پارە زۆرتر قە رز بکات، من دە زانم یەک مدرعە ، فرۆکەیەکی (سمتی) بەچەندین هە زار دۆلار کڕاوە، ئە و شە ڕە بەردەوام سامانی ئە و دوو وڵاتە هەڵدەمژێت، ئە و ئاگرە کارگەکانی چەک گەرم دەکات، ئەو چەکانە لەو رووبەرەو لەسەر سینگی ئێوە بەدەست و بەرنامەی سیاسەتی گەوج و پاوانخوازی و دەسەڵاتی فاشیەکانی ئەو دوو وڵاتە تاقیدەکرێتەوە.

ئیسماعیل لە هوشیار پاڕایە وە، تکای لێکرد، نە گەرێتەوە، پێیووت:

شەڕەکە بواری دە ربازبوونی کەمە، تۆ وا دە ربازبوویت، بەڵام بگەڕێیتەوە بەرەکە جارێکیتر ناگەڕێیتەوە.

هوشیاریش دەیووت:

بەڵێ، من لێرە سواردەبم، لە سەیتەرەی هە ولێر دە مانهێنە خوارەوە، ئینزاباتەکە یەک یەک پسولەکانمان پێ دە ردەهێنێت، باش وردبوونە وە لە پسولەی مۆلە تەکانمان، سە رسۆرەکە لە

بەروارەکەی مۆڵەتەکە دەکۆڵێتەوە، دە پرسی ماوەکە گونجاوە تا بگەرێتەوە وەحدەکەت، بە ش دە کات، لە کوێ .. بەڵێ لە وێ سواردەبینەوە، لە سەیتەری کە رکووک، دووبارە .. لە دووەم سەیتەرەی کەرکووک دووبارە لێپرسینەوەو لێکۆلینەوەمان لەگەڵ دەکەن، سواردەبینەوە، پێش ئەوەی بگەینە ( سلمان بگ ) ، پێش ئەوەی بگە ینە ( خالص )، پێش ئەوەی بگە ینە ( هبهب )، پێش ئەوەی بگە ینە ناو بە غدا، لە ناو بە غداش لە گەراجەکە، لە دەرچوونمان لە بەغدا .. تا دەگەینە ( عمارە ) ، بۆ ..

دەڕۆین تا بۆنی دووکەڵ و دە نگی تۆپ و کە وتنەوەی تۆپەکان، لێپرسینەوە هەیە، ئە و کاروانە دوورودرێژە، ئە و هە موو شەرمەزاری و ریسواکردنە بۆ ئەوەیە تا لەو شەڕە بکوژرێت، یا بکەویتە دەستی ئیرانیەکان، تا زۆرتر شارەکانیان کاول بکەیت، تا زۆرتر عبادان گەمارۆ بدەیت..!

.....

کە پەرۆکە سپییەکەی بۆ کفن وە ریانگرتبوو، بە رزکردەوەو دەوریانگیراو لیواکە، فرقەکە، سی چل هەزار سەرباز بەیەک رۆژ، کە ناوچەیەکی فراوانی ئیرانیە کان وە رگیرایەوە، هوشیار قسەکانی ئیسماعیلی بە بیرهاتەوە، زانی ئیسماعیل تە نها لە پەروین شتەکان فێرنەبووە، زانی ئەو پەروینیشی فێرکردووە.

ئیسماعیل دوور لە پەروین قسەی زۆر دە کرد، زۆریش گوێیان لێرادەگرت، تا ئەو تەواودەبوو، کەسیان قسەیان نەدەکرد، لەسەر مێزەکەی ئەو نزیک دە کەوتەوە، هە ردوو ئە نیشکیان دە گەیاندە تەنیشتی مێزە لاوازە شلۆقەکە، هە موو دە ستیان بە بەرداخەکانیانەوە دەگرت، ئەو دە مانەی کە ئەو قسەی دە کرد، زۆری دە ووت و زۆریشی لە بیردەچوو، بە پەنجەکانی نە خشەی ناوچەکانی شەڕەکەی دە کێشا، جاروبار بە پەنجەیەک تەقەی لە مێزەکە دەهێنا، مستی لە مێزەکە گیردەکرد. دەستی دەکەوتە ناو کاسە بچووکەکان، کە وچکەکانی پە رت و پە خشان دە کرد، کە رەوشەکەی شرۆڤە دەکرد، زۆریان سەریان لەگەڵ ئاوازو وشەکانی دەهەژاند، راستی و پێشهاتی زۆریان لەسەر مێزەکە دیبوو.

هوشیار دەست بەستراوو چاو بەستراو، دەیووت:

ئیسماعیل تۆ ئیسماعیل نەبوویت، تۆ ئیبراهیم بوویت، منت بۆ سەربڕین و قوربانی دانا، منت بە قوربانی ژمارد، بە منت وت، تۆ قوربانی، بەڵام قوربانی بۆ کە سانی جەللاد، بەڵام من بە قسەم نەکرد، بەس نەگەڕابوومایەوە، یەک جار ....

....

مەرۆ بۆ کێ دە چیت .. لەسەر سنوور، لە هەنگاوی ماڵئاوایی و ڕۆیشتن، لە چاوی کانیە ڕوونەکان، بەژنی دارە کان ببوونە پیتی پەیامێک، بە هوشیاریان دەووت:

هەموو کەسێک کە لەسەر ئەو خاکە لە دایکبووە دەبێ، بەشی ژیانی لە سەر خاکە کەش بژیت، وە فای خاکە کە بداتەوە، تۆ هەشت ساڵ لە ئیران مایتەوە، چوار پێنج ساڵیش بە منالی لە شارۆچکەیەکی خواروو ژیاویت، حە ڕامزادە دەبیت. دوو ساڵ لە بەغدا لە ( العطیفیە ) خوێندکاربوویت.

شەوو ڕۆژێک بوو لە ( دیانا ) بەرۆیشتن دوور کەوتبووە، باری سووک بوو، بەتەنهابوو، دەستی منال و کۆڵە پشتی پێنەبوو، کەسی نەخۆشی لە گەڵ نە بوو، دە ڕۆیشت و بیری دە کردە، ئە مجارە بەرەزامەندی خۆی دەڕوا بە قاچەکانی خۆی دەڕوا، بە چاوی خۆی و بە بڕیاری خۆی دەڕوات.

بۆیە حەز دە کەم ئاودیوبم، ئە و سە فەرەم بە ئارەزووی خۆمە، بڕیارەو داومە، دەڕۆم من ناچمە وە ناو خاکی ئیران، من ئە و دوو ساڵەی هاتبوومە ، تە نهابووم، نامۆبووم لە زمانی کە سیان نەدەگەیشتم، خواردنم وە ک ئە وان نە بوو، نوێژم دە کرد، پێیان دەووتم، سە یرکە چۆن گۆڕا، من نە گۆڕابووم من لە و نوێژە ڕاهاتبووم، من لە گەڵ پیاوان ژ یاوم، هە شت ساڵ من ژنم نە دی، هەشت ساڵ ژنمان نە دیت، زۆرمان بۆ ژنە کانمان، بۆ دەستگیرانەکانم بۆ کیژە کانی کۆلانە کانمان، بۆ ژنە کانی دائیرەکانمان دەگریان، هەشت ساڵ کەسمان یەک منالی نەبینی.

( هەشت ساڵ سی چل پیاو لە ناو یەک هۆل، کەسیان بۆنی ژن نەکەن، بۆنی مناڵ نە کەن، بە گریانی مناڵێک نە چەمێنەوە، ئەوانە چۆن مرۆڤن، پیاو بە ژنەوە پیاو، پیاو بە شێکی شیرینی جەستە مولْکی ژنانە ، ئە و هە موو پیاوانە هەشت ساڵ یە ک مناڵیان لە منداڵدانی ژنان نەچاند، کەسیان نازی ژنیان نەبینی، بێگەردی مناڵیان ماچ نە کرد، ئە وانە نەخۆشن، هە شت ساڵ خوێنیان لە دڵیان فشاریان نە کردووە، چاویان فرمێسکی نەرژاندووە، ئەو هەموو پیاوە هەشت ساڵ تۆیان ... نەرژاندووە. کێ دەڵێ ئەوانە مۆرالی مرۆڤیان مابوو).

تۆ ناتەوێ گەورەبوونی خۆت و سە رسپیبوونەکەش لەو وڵاتە تەواو بکەیت، ناتەوێ پیربوونی دایکت ببینێت، ئە و گەورەبوونی تۆ مەبەست بوو، تۆ بە تەنها هاتوویتە سەر ئەو سنوورەو کەسیش ناناسیت، کێ بناسیت، هە شت ساڵ لە ناو یەک هۆلدا ژیاویت، نمونەی کە سانی ناو رووبە ری نیو ملێون کیلومە تر دووج ای عیراقیان لەناو یەک هۆلی حەفتاو دوو مەتر دووجایان کۆکردبۆوە، لەو هۆلەدا سەربازی دیلی بە تەمەنتان لەگەڵ بوو، کوڕی گەنج، هەبوو هاواری لێهەڵدەستا کە برادەرەکەی دەیویست سواری بێت، کەسی واتان لە گەڵ بوو لە و ماوە یەدا دوو هە زار زۆرتریش ئەو

قورئانە گەورەی ختم کردبوو، سێ ملێون جار سورەتی فاتیحەی خوێندبوو، کە پاسەوانەکانیش بانگیان دەکرد، پێیان دەووت، تۆ دەبێ تۆبە بکەیت، تۆ ئیماندارنیت، ئەهلی ئەلبیت لە تۆو لە دوعاکانت رازی نین.

# بەشی شەشەم

دواجار من گیرام، تەقەی گەرم و تۆپبارانە چڕەکە نەماوبوو کە من گیرام، لە ناو دووکە ڵ و هە ڵگرتنەوەی تە رمەکان منیان هەڵگرتەوە، من لەگەڵ کۆکردنەوەی جەنازەکان دۆزرامەوە، تەنها من هە ناسەم دە هات، لە و ماوە یەی لە ناو رە بیە سەر بەجەمەلۆنەکاندا مامە وە چەندجار تا بە یانی، بۆ دوو رۆژیش لاشەی کوژراومان لەگەڵ ماوەتەوە، بەڵام ئەو جارە لەگەڵ کەرتە جەستەو سەری بڕاوو پارچە گۆشتی هاورێیەکانم چەند سەعاتێک ماومەتەوە.

کە من گیرابووم، لێبووردنی گشتی بۆ سە ربازە کوردەکانی ناو جەرگەی ش ەڕەکان دە رچوو، کە گیرام هە ناسەدانم منی ئاشکراکرد، من دە ستم نە دەجولا، چاوم قە پاتبوون، لووتم بۆنی نەدەکرد، خوێنی ئە وان هە تا نزیک دە مارەکانی منیش هاتبوو، کەمێکی مابوو دڵم ئە وانیش هەڵمژی، خوێنی هەموو بنیادەمەکان یەک ئاوێتەیەو دڵەکانیش یەک مارکەی ماشینێکە، بۆ یەک دەبن، یەکتری دەژێنن، بەڵام پێش ئەوەی جۆگەکە بگاتە نزیک سێوەکەی دڵم وشک ببوونە وە، ئە گەرنا دە مارەکانیان دە دۆزیەوە، ئە وە خوێنمژی نییە، ئەو هاوخوێنی و هاورەگەزییە.

....

هوشیارە بەو ژنە نازادارەکەی خۆی بەناوی (ئەنا ئەکسلسۆن) پێناساند، کە لێکۆلینەوەی یەکەم هاتن و گە یشتنی لەگەڵکردبوو، قسەی دەکرد. لە ژنەکەی پرسیبوو:

نازناوی منت دەویّ..؟

رۆژی لەدایکبوونی منت دەویّ ..؟

باسی خۆمت بۆ بکەم، ئەو چیرۆکە کەی تەواودەبیّ، کەی تەنها بە تۆو دەی وەک تۆش بە من رادەگەن...؟

هوشیار وتبووی:

من نازناوم نییە،

من رۆژی لە دایکبوونمان فە رمانبەرەکەی سە رژمێریەکە، هەموومانی لەناوەندە ساڵ داناوە،

دایکمان بەمەزندە ساڵەکەی داناوە ..

بە ژنەکەی وتبوو:

من قسەت بۆ بکە م ..!! دیارە کات و بە رنامەت زۆرە، دیارە دەتەویّ چەند فیلم و بەسەرهات بزانیت.

من کە لە دایکبووم لە دوو سیّ مانگی یەکەمی ژیانمدا، حەوت قوونێرو گریّ و دۆمەڵم لە مل هاتووە، دایکم هەمووی بە سوژن بۆ دەرهێناوم، هە موو بە ئاوی تاکە بیرەکەی گو ندەکە بۆ شووشتبومەوە.

دایکم دوو هە زارجار ئە نگووستە ئەستوورەکەی لە قوورگم راکردووە،

دوو هەزار جار بە هەردوو چۆکی پشتی قرناندوومەتەوە،

دووهەزار جار ملی لوولداوم و شانی شێلاوم گوایە سەرمام بووە، شیری لە چاو کردووم، گوایە چاوم کولە.

من لە منالْیەوە، یەک مانگ جارێک سە رم لە سەر بە رد لە چۆلی شۆردراوە،

من لەسەر خشتەی لێکدانی بیرکاری چوارسالْ داری شلکم لە پشتی دەست دراوە. من دە بەرۆژ بەپێیان هاتووم بۆ تورکیا.

من هەشت سالْ بێ دادگاو بێ لێپرسینەوەو لە خۆرایی گیراوم، لەو هەشت سالْە کەسی خۆم نە دییوە، کەسیش نەیزانیوە من لە کوێیم، کەسیان نەیانزانیوە لە ژیاندا ماوم.

هوشیار لە رۆژی یەکەمی تەحقیقەکەیدا وتبووی:

من ( کێس ) م نییە ، من سە د کێسم لە سەر دروست دە کرێ، کێسم دە لیل و پرسیاری ناوێت، هە شت سالْ لە زیندانەکانی کۆماری ئیرانی ئیسلامی وە ک سە ربازێکی کوردی سونی ماومەتەوە، ژمارەم هەیە، لە رەنگ و شێوەو رۆیشتن و راوە ستانم دیارە، لە ژمارەکەم دیارە.

من ...

( ئەنا ) .. تۆ بنووسە و مە گریێ، تۆ گوێم لێراگرە ، هە شت مانگ، شەوو رۆژ هەشت سەعات تۆپە قورسەکانی ئیران تۆپبارانی دەکردین، لەناو رەبیەکەش جنێوبارانیش دەکراین، من چوار مانگ خۆم نە گۆڕێ، من چوار رۆژ گووم نە کرد، میزم بە بەدلە

خاکییەکەم دادەکرد، تۆ بنووسە و مە رگرییێ.. من مافی پەناهەندەیی و پاسپۆرتم ناوێ .. من نامەوێ تۆ زامدار بکە م، ئەگەر چەرمەسەری ئەو هەشت ساڵەت بۆ بگێرمە وە هەتا ماوی بەگریانەوە دەژیت. لەناو ترێنی ڕێگای ماڵەوەت بۆ من دە گرێیت. لەسەر خوانی نانخواردنت، لە سەفەرە دوو هەفتەیەکانی وڵاتی تایلاندت. لەبەر من، خۆت بۆ مە ڵەوانی و تیشکی خۆر خۆت ناگۆڕیت. ئەگەر هەموو سەربردەکانی خۆمت بۆ بگێرمە وە، هەتا ماوی دەگرێیت، لەبەر من، واز لە ( یول _ جەژنەکانی لەدایکبوون و سەرەساڵ ) و ( مید سۆمەر _ ناوەندی هاوێن ) و جەژن و دیارییەکانی رۆژی لە دایکبوونی خۆت و دایک و باوک و تاقە خوشکەکەت دەهێنیت،

تامە خۆشەکانی ( ستودێند _ ئاهەنگ و بەرنامەو جلی نوێ و کڵاوی سپی و خواردنە وەو قۆل گرتنی کوڕی خە ون و سووڕانە وەی ناوشارت بە لۆری و ماشینی گەورەو کۆن ) ت لە بیر دەچێتەوە.

....

لەو فرمێسکە گەرمانەی خۆمدا، ناوێکم بۆ بدۆزەرەوە، کێسێکم بۆ دانێ.

_ تازە بڕیار دەرچووە، ناوچەکەتان ئارامەو ئاسمانەکەتان بۆ دەپارێزن ..؟؟!

ئاسمانی من تاریکە، وڵاتی من هەر دیل و ئەسیرە.

لە هەشت ساڵی تە مەن، بەشەوو رۆژەکانی بەرهەمم نەبووە، لەو هە شت ساڵە  دارێکم نە چاندووە، بە ردێکم لە سەر بە ردێک دانەناوە، لە و ماوە یەدا، مردوو بووین، بە  ڵام گۆڕە کەمان تۆزێ فراوانتر، مردوو یەکجار تەلقین دەردرێت، من رۆژانە چەندجاریش تەلقین دەدرام،  رۆژانە  هەر سێ ژە مەکە، لە  هەر پێنج نوێژە کە گۆڕەشار دەکرام.

تەماشاکە  ئێوە  بەردەوام لە سەرمێزەکانتان گوڵ میوانە  ، لە سەر رێگاکان گوڵ پێشوازە ، لە ناو گوڵەوەو بۆ ماڵی گوڵ، گوڵیش دەبەنەوە. من هەشت ساڵ چاوو روو و بۆنی گوڵم نە بینی، من لەو ماوەیەدا گوڵە بەرۆژەیەک نە هاتە  ناو دڵم، هە نار لە ناو دە ستم خەوی لێنەکەوت، چیمەن و گەڵا بالیفم نەبووە، قەدی دارێک تا لە ئامێزم بگرێت لقێکی سەوزو باریکی بەدوامدا نەنارد.

...

بڕیارەکە  دەرچووە، بە ڵام سە یرکە، دیارە  کەوا حکومە تێک و حزبێک چە ند دە ریاو کیشوە ر لێمان دوورە   ناڕازییە، کوبا ئە و وڵاتەی سەدان، هەزارەها زارۆکمان بە  ناوی سەرۆکەکەی کردووە، لە هاڤانا بەقەد کورد ناوی  ( کاسترۆ ) یان لە  منالەکان نەناوە، دیارە هێشتا رق گە ورەیە، ( زیمبابوی )  بۆ ناڕازییە، ( یەمەن ) چە  پەیوەندی بە   وڵاتەکەمان هە یە، ئە وانە  نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئاسایش بێ شەرمانە، بێ بەزەییانەو وتیانە:

کەس لەو وڵاتە ئاوارە نەبووە. شێخەکانیان، بە شافعیەکان و زیدییەکانی یەمەن، بەقورئان سوێندیان خواردووە، خەنجەرەکەی لە ناو قەدی کردیتەوەو ناڕازیی بووەو وتوویانە:

یەک کە س، یە ک گیانە وەر لە سەر ماڵ و لە سەر ئاگردان و لەناو زەنج و کۆڵیتی خۆی ئاوارە نەبووە.!!

ئەو سێ وڵاتە نوێنەرەکەیان لە ئەنجومەنی ئاسایش وتوویانە:

کوردەکان کەسیان ژیانیان لە مەترسیدا نەبووە.

یەمەن ئەو وڵاتەی لەسەر کەناری درێژی دەریا نوێژ دەکەن و لەسەرماو لە گەرماو لە برسانا خە و دە یانباتەوە. نوێنەرەکەیان درۆ دەکات، پێشنیارەکەی ئیران و تورکیاو فەرەنسا پەسند ناکات. یەمەنیەکان وادەزانن ئێمە بەنداوەکەی ( مأرب ) ی (سبئیەکان) انی ئە وانمان تە قاندیتەوە، ئێمە پاشاکانی ئە وانمان کوشتووە ، وڵاتەکەمان کردە دووبەش، دوو کە لتوورو دوو سوپا، ئێمە سوپای میسرییمان بە سەروەرکردن، ئێمە بووین یە ک ملێون کرێکاری یەمەنیمان لە ناو خاکی سعودیە دەکرد. وادەزانن ئە و میللە تە لەیەک رۆژو بەسەرماو بەپێیان نەگەیشتنە سەر سنووری ئیران و تورکیا.!

یەک ملیار کە سی چینی دوو ملیار چاو چینی، کە سیان لەسەر سنووری ئیران و تورکیا بە رووتی و بە برسیەتی نە یانبینوو،

فرۆکەی بەعس میللە تێک راو دە نێنت، بۆیە نوێنەرەکەیان لە ئەنجومەنی ئاسایش پێشنیاری پاراستنی میللە تێکی پە سند نەکردبوو.

.....

**بریاری 688 لە 5 ی ئەپریلی 1991**

نوێنەری تورکیاو فە رەنسا لە 3 و 4 ی ئە پریلی ساڵی 1991 دوو نامەیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو، هەروەها لە رۆژانی 3 و 4 ی ئە پریلی ساڵی 1991 دوو نامە لە نوێنەری کۆماری ئیسلامیش ئاراستەی هەمان کۆمەڵە کرابوو، کەوا لەدەست ستەم و سوپای عیراقی هاووڵاتیانی کورد لە باکووری عیراق هەڵاتوون و روویان لە وڵاتەکەی ئەوان کردووە، بۆیە داواکارە ئەو زولمە هەڵگرن و بواری دانوستان بکەنەوە بۆ بەرقراربوونی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکە، داواکاربوو بوار بسازێنێت کە رەستەو یارمەتیەکان بگاتە ئەو لێقەومانەو رێکخراوە خێرخوازەکان بگەنە ناوچەکانی سە رسنوورەکان، داواکارە هە موو پێویستە کان و کالاکانیان لە ناوچەکە بخرێتە بن دە ستیان، تا بتوانن زۆ رترین یارمەتی بگە یێنە خەڵکەکە بەتایبەتی کوردە کان، داواکاریشە وڵاتەکان هاوکاربن لە پێشکەشکردنی زۆرترین یارمە تی و کۆمە ک، حکومەتی عیراقیش ئە ستەنگ نە خاتە پێش ئە و رێکخراوانە ی کۆمەکیان پێیە.

لە دانیشتی ژمارە 2982 ، بە رەزامەندی 10 ئەندام و لاری هەر یەک لە ولآتانی یەمەن و زیمبابوی و کۆباو دەنگنەدانی چین و هیندیش، بڕیارەکە دەرچووە.

....

هوشیار لە سوید لە تەمەنی نزیک پەنجا ساڵی بۆ یەکەمجار ژنی هێنا، هە شت ساڵ ئە سیری ژنی نە بینی، چاوی ڕە شی ژنی نەبینی، روومەتی لیمۆی ژنی نەمژی، نە بەشەوو نە بەرۆژ قەدی بەقەدی ژنێک نەگرت، مرۆڤێک هەشت ساڵ ژن بۆنی نەکات، چۆن وشک نابێتەوە ..!!

چۆن جەستە نابێتە کەندەڵان..!

چۆن دە ستی خۆی لە بیرناچێتەوە، چۆن رۆیشتن و هە ناسە دەناسێتەوە...؟؟

ئەو خۆی هەستی دەکرد، ئەو پیاوێکە لەبەرد، ئەو لەچیمەنتۆو برۆنز دارێژراوە ، لە گەڵ دیوار کراوە بەدیواری قە لآتەکان و سەربازگاکان، ئەوە دەیووت:

من وشک بوومە تەوە، من هە شت ساڵ ئاو نە دراوم، نان نەدروام، بە خۆشی نە گریاوم، من پیاوی بە ردم، من لە دۆزەخی ئیسلامدا بووم، لە یەکەم رۆژدا ژنیان لێمان جیاکردە وە، رێزو ستایشیان لێمان دزی، نانیان بە رەقی لە پێش دانایین، بە گەرما ئاوی گە رمی سوێریان لە پێش دادە نایین، بە زستانان ئاوی شەختەیان پێمان دەشکاند، من پیاوی بەردم..!

وا لێرە بوومەتەوەو پیاوی گوڵ، پی اوی باوە شی ژن . کە من دەرۆیشتم دوو مەترو زۆرتریش لە ژنان دووردەکەوتمەوە، لە ژنان دەترسام، نە مدەزانی منیش وە ک ئە وان هە ستم هە یە، منیش دەزانم ماچ بکەم، دەرسی ماچم نەکردبوو، ئیملای ماچم نەکردبوو، نامەی دڵدارییم لە بەر فانوس نە نووسیبوو، لەبەر دووکە ڵ دووکەڵی چاوم نەکردبوو شیعر.

(ئەو هە شت ساڵ دوور لە چاوی ژن ژیاوە ، دوو ساڵ ئە بو خەلیلێکی درۆ هاربووە ، مردن ئە وی لە بیرنەمابوو، بە بریندارو کەمئەندام وهاندیکاپیان نووسیبوو . ئەو یە ک ساڵیش لە کونەتەیارە ژیاوە و شە وانە بە ئیستگەکە ئەفسانەی شکان و کەوتنی فرۆکە یان بە درۆ بۆ دە وتەوە، دوو ساڵ .. ئەو پیاوی بەردبووە.

دوو حکومەت و نیو غە دریان لێکردووە، دوو سوپاو دوو لە شکری گەورە بۆ کوشتنی کۆششیان کردووە ، یەک لەو سوپایە خۆی تێدا سەربازبووە، ئەو سوپایە بۆ بەکوشتندان و بۆ تۆڵە کردنەوەوو بۆ کەمکردنەوەی پیاوەکان، هەمووی رەوانەی جەنگ و دۆزەخ کردبوو، سوپای دووەمیش دە یزانی ئەو ئەبو خەلیلە کوردەکەو شیعەکەش بە نادڵی و لەترسان هاتبوونە شەڕەکە).

هوشیار به ( سازگار) ی ده‌ووت:

( سازگار ) من ژنی تۆمه ، من نازانم پیاوان چی له ژنان ده‌که‌ن، شه وانه چی ده که‌ن، من نازانم، تۆ به زه‌وقی خۆت، تۆ شاره‌زاییت، پێش من مێردت هه بووه، پێش من پیاوێکت ماچکردووه، پیاوێک تۆی ..

من له وه‌یان به ختم هه بووه ژنێکی به ئه‌زموونم هێناوه ، من مێردم به ژنێکی شاره زای پیاوکردووه ، ئه گه‌رنا من کۆڵه وارو نه‌شاره‌زا، منی به سته‌زمانی نه خوێنده‌وار له ئه‌ده‌بی ژنان، له مۆده‌ی ژنان، له بێنوێژی ژنان، من نه مده‌زانی ژنان چۆن جلی بنه‌وه‌یان له‌به‌رده‌که‌ن، مه‌مک بۆ ده سته، یان ده ست چۆن مه مک ده‌گرێت، بۆ له زه‌ت له بنگوێه ناسکه‌کان گه رم و زۆره ، من نه‌مده‌زانی ره نگی ژنان جیاوازه ، ئه وان ره نگی ساردو گه رم ده‌ناسن، ئه‌وان ده‌زانن خه‌و که‌ی خۆشه، من له به‌هه‌شتی سازگار مه‌لائیکه‌ت و فریشته‌و هه‌نگوین و هه‌رمانم دۆزیه‌وه، ئه‌و ژنه منی نۆ مانگ له سگی هه ڵگرت و به ژانێکی زه حمه‌ت منی دانا، نۆ مانگ، منی هه ڵگرت، ده مویست به قاچه دڕه‌کانم ورگی بدڕێنم و بێمه ده‌ره‌وه.

من به ختیاربووم ژنێکی شاره زام هێنا . ئه‌وه بێوه‌ژن نییه ، ئه‌وه شاهی ژنانه ، ئه وانه ئه‌زموونیان هه یه، منی مه لۆتکه گه‌وره‌کرد، من به سمێڵه سپییه‌که‌مه‌وه ده‌خۆات وه ک پاروویه ک

قووتم دە دات، بە دەستە لەرزۆکەکەمەوە فێری نۆ تەی شادومانی ژیانم دەکاتەوە، گاگۆڵەی پێرەوییم دەکاتەوە.

لە قەدەرو بە ختی سازگار دوو پیاو میوانی لاپە رەی ژیانی هاتبوون، یەکیان شەڕ کوشتی، دووەمیان بەزیندوویی هەشت ساڵ کوژرابوو، بریندار دە بووو فرمێسک و دە رمانی ئە شک بوون . ئەو پیاوەی هە ژدە مانگ پاش گە ڕانەوەی لە ئەسیری شە ڕێکیتر بۆ هەڵگیرسا، کە تێدا بارانی رەش و سووری تێدا باری، لە و شەڕەدا نەخشەو وڵاتانی تری گۆڕی.

ئەو شەڕە جیهانییە گەورەیەی، لە ناو خیوە تێکی گچکە بەئاسانی و بە شەرمەزاری کۆتایی هات، کە سوپا شکاوە کە میللەتەکەی خۆی لە وڵات دە رپەراند، بە هەشت رۆژ بە پیادەیی پیاوە کوژراوەکە، تە رمی کوژراوی خۆی لە شەڕی یە کەم لەسەرشان دانا، کە گەیشتە ئاوەدانی، لە و کاروانە شدا قە دەر لەبێ بەرنامەیی هزری، ئاوارەیی بۆ هەڵبژاردو دووری برد.

ئەو هە شت مانگ لە ناو تورکیا مایە وە، لەوێ بەشێوەیەکی تر ئەسیرو دیل بوو، سە موونێکی گەورەی تورکی ئە سیری کردبوو، بۆ ئاوی خواردە نەوە پەریشان بوو، بۆ نە وایەک عە وداڵ بوو، دە رگا دەرگای دە کرد، لە و هە شت مانگدا چە ندجار بارگە گچکەکەی دەگواستەوە، لە وێ رووی تاڵی ئازادی دۆزیە وە، لە وێ رووی شیرینی ئەسیری زانی. ئەسیرێک بوو بەپانایی شارێک دەگەڕاو لە ژوورێکی تەنگی ناشیرینی قەرەباڵغیش بەندو ئەسیربوو.

وای لێهات لەو وڵاتەدا بواری بوو، لە پەنایەک تەماشای ژنان بکات، لە هێلانەی نێوان دوو مەمکی سەرکراوە، سەری کۆترەکەی بخەوێنێت، لێرە ئەسیرەو شەوانە مەست دەبێت، بەدووری دەریا دەڕوات، لەگەڵ بەلەمەکان وەک نەورەسەکان بەدوایان دەکەوێت، ماسیگربوو قولابی دەهاویشتە ناو دەریاکەو چاوەروانی ماسییەکی ناسکی پەپوولە دەبوو، ئەسیرەو ناوی لە پۆلیس و لە تجنید نییە، بەڵام دووبارە گەڕابووە لای خاچی سووری نێونە تەوەیی، لەوێ پێیانی وتبوو، ناوی من لە یەکەم لاپەرەکانی ئێوەدا ناوم هەیە، لاپەرەکان زۆر مەگەڕێن، من ناوم لە پێشەوەیە.

بەڵام پۆلیسەکان خوێندەوار نەبوون، پیتەکانی سەر پسولەکەیان بە کلیلی پارە بۆ دەرکرایەوە، لەو شارەدا ماوەماوە لەکونجێکی کارگەی کارکردنەکەیدا دەریاندەهێنا، بەچەند هەزار لیرەیەک حکومەتی پۆلیس ئەسیرێکیان ئازاد دەکرد.

لەسەر پردە نەوییەکەی ناو ئاستانبۆل، لە تەنیشت ماسیگرەکان وەستابوو، بە ڕیزێکی درێژ چەند پیاوی تەمەن گەورەی ریشدرێژو گەنجی هەندام نارێک، قولابەکانیان دوور دەهاویشت، ماسی وردی ناسکیان وەک ئەستێرەی زیوین بە باڵەفڕە دەردەهێنا، وردە ماسییەکان ئەسیردەبوون، دەستەکان و قولابەکان توند دەیانگرتن، ماسییە وردە ئەستێرەییەکان بواری دەربازبوونیان نەبوو، برسیەتی و فێڵکردن ماسیەکانی بە قولابە تیژەکانەوە وەدەکرد.

هوشیار لە ئاستی قولابی یەکێکیان، منارەیەکی ( ئەیاسوفیا)ی لێوەدیاربوو، ئە و کە نیسە کۆنەی کریستیانە کان، کە کرابوو بەمزگەوت و منارە یان بۆ بە رزکردیتەوە، بیرکردنە وە لە زولمی قولابەکەو منارەکانی سەر ئەو کەنیسەیە، هوشیاری وەک بزمارە کۆنەکانی پردە کە گیرکرد، بە ردەوام دە ستەکان قولابە کانیان بەتووڕەییەوە بۆ ناو ئاوە کە فڕێدەدا، وە ستانیان نە بوو، رووحی ناسکی ماسییەکانیش لەترسی نەورەسەکانیش بەخێرایی لە جانتا شڕەکان ئەسیر دەکران.

هوشیار روو لە هەر گۆشە یەکی ئەو جیهانە دەکات، ئەسیری هەر هە یە، یان بۆ ئە و بوونە تە سێبەرو تارمایی، ئە گەرنا ئە و قاچی لە سەر بستێکی ئە وروپایە، هە وای ئە وروپا پیسایی ئارەقەکەی لە نیوچەوان و پشتی ملییە وە، وشک دە کاتەوە، ئە و لەو ئە وروپایەش ئە سیرە، چاوی بە ڕمی تیژی منارە کەی دەکەوێت، ترسی لێ دەنیشێت، ئەگەر دوێنی لە سەدەکانی پازدەو شازدە، ئە و منارانە بەرزکرانەوە، ئە گەر لە فەرموودەکانی پێغمبەری ئیسلام سە رپێچییان کردو کە نیسەیان کردە مزگەوت و ناوی هە ر چوار خە لیفەکەیان لە ناو گومبە تەکەو لە دیوارەکان نووسیبوو، لەتەنیشت وێنەکانی خاچی مەسیح، مەسیحیان دووبارە لە خاچێکیتر داوە تەوە، لە و رۆژگارە ش زولمە کە هەر ماوە و شانازییش بەهێرش و رزگارکردنی ئە و شارە بەدەستی گە نجێکی خەلیفەو سولتانی تە مەن بیست ساڵە (محمدی فاتیح) لە ساڵی 857 کۆچی دەکەن.

ئەو زولمە کۆنە هەرماوە، لە و ئە وروپایە ئەو چۆن بە دلەی ئەسیری لە بەردەکرێتەوەو ناسنامە کەی خاچی سووری نێونەتەوەیی لێوە ردەگرنەوەو ناسنامە یەکی رێزگرتن و شایستە ی دەدەنێ، وا سالّی 1412 ی کۆچییە ، لە و تە مەنە درێژە یەک ئەسیریان لە لایەو ئازادی ناکە ن، یە ک کە نیسەیان لە بن دەستماوەو لە کوژراوەکان، لە کەنیسە بریندارەکان، لە سەربڕاوەکان ئەو وا لێرە هەر ئەسیرەو منارەی پاسەوانی لەسەر وەستاوە، ئە و چۆن ئازاد دە بێ، ئە و چۆن لە و بە ندەری بوسفۆر دەپەڕێتەوە، قورئانەکی سەردەمی خەلیفەی سێیەم عثمانی کوری عفان، کە بەدەستخەتی کوفی نووسراو ەتەوە، لە ناو مۆزە خانەی (طوپقاپی) بەنازو بە گەورەیی لە ناو شووشە بەندی پاسە وان دانراوە، ئە و دە ستنووسە گوان و بە هادارەیان بۆ بە رزدەکاتەوە، ئەو رزگاربکە ن، کە نیسەکە رزگاربکەن چواردە ورەی گومبە تەکە بکەنەوە، با هەناسەی ئازادی وەرگرێت.

....

مام جۆرجی شە قاوگەورە لە کۆلانێکی تە سکی سە رووی تەکیەکەو تەنیشت مالّەکەی همینەکۆری دەمبلورو مالّی عیسمەتی جلّشۆرو عە ریف مهدی وێنە گرو حسۆی حمبالّ و سمکۆی حە سارو دادە نارنجی بە ختزان و سێوە ی سە رشۆرو گلّە سەرفرۆش، ئە وەی کە بە سەرشۆری و خاوێنکردنی حە مامی میللی گە ڕەکەیان

کوڕیکی کردە ئەندازیارو یە کێکی بووە نیگارکێش و لە سەر کەنارەکانی ( ڤالێتا ) و ( گۆزۆ) ی دوورگەی ماڵتا تابلۆی بۆ ژنە رووتەکانی بەر تیشکی گەرمی خۆر دەکێشێت، شەوانەش پارەکەی بە پیزایەک و دوو بیرە دەدات. ئەو کوڕەیان لەوێ چاوەروانەو لەو دوورگەیە گەمارۆدراوە، نە مەڵەوانەو نە پاپۆروانیشە، دەربازبوونی زە حمەتە. کە نامەی بۆ هاوڕێیە کانی دە ناردەوە، باسی ئەو شارەی بۆ دە کردن، باسی کەنارە گەرمە خۆشەکانی بۆ دەرکردن، بۆ خوێندنە وەی نامە کان دە ستە دەستە گەنجەکان کۆدەبوونەوەو بە حەسرەت بە سوتانەوە، دێر دێریان لە بەردەکرد، بۆی دەنووسین:

ئەو شارە لە زستاندا هاوینێکی خۆشە..!

ئەو شارە ئەوەندە دەریا بەشەپۆلە شێتەکان و عوسمانیەکان بەشەڕو جە نگە دووردرێژەکانی کە نارەکان کە لۆس و هەلابەهەلاکردووە، بۆیە ئیمرۆ وا خۆی رووتکردیتە وەو مە مکی کردیتە گوڵەبەرۆژەو چاوەکانی وەک بەرداخە بیرە روونن.

بۆی دەنووسین:

زمانەکەیان تێکە ڵی زمانی عە رەبی و تورکی و ئینگلیزی و ئیتالییە، بۆیە ش شە وانە لە مەیخانە تاریکەکان، هە موو میللەتێک بۆ مەستبوون جێگایان دەبێتەوە، بەماچ لێوە کانیان بۆ تێکگەیشتن دەجولێنن.

لە نامە درێژەکانیدا ( نوزاد ) بۆی دەنووسین:

شەوانە بە ( خەزێمە ) ەکەی دە رگا دارە کان، کە دوو جار لەدەرگا دەدەم، لە پەنجەرەی سەرشەقامەکە من دەبینن و دەرگام بۆ دەکەنەوە، ئەو نازو سۆزەی لە ژوورە گچکانە دەیانبینم، فلچەو رەنگەکانم لێ ھاردە کات، تابلۆو چوارچیوە بەشم ناکات، بە یانی زوو چە ندین چاو سە ر لە تابلۆیەکانم دە دەن، بۆ ھێنانە وەی پەپوولەکانیان تابلۆکانم دە کڕن، بۆ ھاتنە ژوورەوەی مانگ و سەمای گە لا مێوە کان تابلۆیە کانم دە بەنەوە، ئەوەی من بە چاوو بەھەست و لە سەر سە رینەکان دە یانبینم، ئەوانە دەکەمە تابلۆ، چونکە شارەزام و دە زانم رە نگەکان بێ شە وچەرەو مە ستی تاوانەوە ناچنە سەر فلچەکەم.

لەو گە ڕەکەدا کە تانی شکە راتفرۆش لە گەرماوەکەو مام ئیسماعیلی شکاک و سە رووی ماڵی بایزی کارمە ند لە ئیستگەی شەمەندەفەر، لە و کۆلانە دا مام جۆرج زۆر بە ئاسایی عە رەقی دیانای دە فرۆشت، بە رەێوبەری پۆلیسی سوارە و کاتب نفوسی یەکەم و مولاحیزی تاپۆ، ئێواران زۆر سە ربەستانە دەھاتن و لە دەرگایەکەیان دەدا، دەست بەشووشەی عەرەقەوە دەچوونەوە. مام جۆرج ئوتوی جلە کانیشی بۆ دە کردن و عە رەقیشی پێ دە فرۆشتن، نەدەزاندرا ئە وانە بۆ عە رەقەکە دەھاتن یان بۆ ئوتوکردنی جلەکانیان.

مام جۆرج دەستە جلێکی کارمەندانی ئیستگەی شەمەندەفەری لەبەردەکرد، کە بایز بۆی هێنابوو، لە ناو حەوشە گچکەیان بەرووبەری یە کمەتر دووجا باخچە یەکی رازاندبووە ، قە دی دارمێوەکەیان تا نهۆمی سە رووی باڵەخانەکە رۆیشتبوو، پیرۆزی مێوی لە تامی خۆشی شەرابەکان دەدۆزیەوە، بۆیە لقە باریکەکەی بەرزی ئاسمان و ناو مانگی کردبوو.

ئەوان لە نهۆمی یەکەم دانیشتبوون، سەرەوەیان بەکرێدابووە، ماڵی جۆرج ئە کتەرەکانی هە مەرەنگ بوون، هاوینان ژنە کەی و کیژەکەی بەقۆڵی رووتەوە لە حەوشەکە دەسوورانەوە، خۆشی لە پەنایەک چە ند شووشە ی رێزکردبوو . کڕیارەکانی دیاربوون کەسیان دوا نەکەوتن، کەسیان زۆرتر یان کەمتریان نەدەویست.

ئەو عارەقی نەدەفرۆشتە هەموو کەس، نەیدەویست، بڵێن جۆرج فلانە کەسی سەرخۆشکردووەو لە گۆمەکەکان نزیک ( کەندەکۆخ ) چەند کەسێکی مەجبوور بە عەرەقەکەی ئەو پەلاواژبووینەوە، یان یەکێک بەرووتی لە حەمام هاتووتەدەرو عارەقەکەی ئەو مەستی کردووە.

مام جۆرج بە کڕیاری نوێی خۆی دەووت:

لەمێژە دەخۆیتەوە..؟

لەلای کێ یەکەمجار عەرەقت کڕیوە ..؟

کە دەخوێتەوە مەزەکەت چییە ..؟

هەموو عارەقخۆرەكانی دەناسی، بۆیە دەیپرسی،
لەگەڵ كێ دەخۆیتەوە ..؟
شوێنی عەرەقخۆرەكانی پێدەزانی، بۆیە دەیپرسی:
لە كێ دەخۆیتەوە ..؟؟
دەیپرسی:
لە داخی عیشق و دووری دەخۆیتەوە..؟!
دەیپرسی:
یان بۆ ئەگلەنجەی شەوانە، كێ بەزاوا دەبێت..؟
دەیپرسی:
كە دەخۆیتەوە خۆ كەس نابیتە ناو ناعورو باخچەكان ...!

جۆرج پرسیاری زۆری لە كڕیارەكە دەكرد، ئەگەر دڵنیانەبووایە سەرخۆش نابێت، عە رەقەكەی پێ نە دەفرۆشت، ئە و بۆ پارە عەرەقی نەدەفرۆشت، ئەو هەموو كڕیارەكانی بەئەندامی حزبێک دەزانی، هە موویان بە ردەوام ئابوونە یان دە دا، راپۆرتیان بۆ دەنووسی، بۆیان دەنووسی چۆنی خواردیتەوە، بەیانی كەی بەئاگا هاتووە، مەزەی چی بووە . ئەو هەموو ئەندامەكانی دەناسی، كە وەردەگیران، بۆ جاری یەكەم ناسیارێكیان لەگەڵ خۆیان هێنا وە، ناوی سێیانی هە موویانی دە زانی، ناوی ژنە كانی هە موو كڕیارەكانی دە زانی، ناوی دایک و باوكی هە موویانی دە زانی، دەیزانی لە كێ كاردە كەن، ڕێزی شووشە كەی دە گرت، ڕێزی

بۆنەکەی دەزانن، دەیزانی بەکوڵانی چەند سەعات لەسەر ئاگردان دروستبووە...

ئەو عەرەقی بۆ زەوق و ئەگلنجەو نووستنی خۆش و دانیشتنی سەر سیسە مە دوو نە فەرەیە پانەکان، بۆ بە زمی شە وانەی برادەران دەفرۆشت.

...

مام جۆرج کورە کانی گە یاندبووە زانکۆ، کیژە کەشی کردبووە سستەر، ژنە کەی مامانی گە ڕەکەبوو، خۆشی عە رەقفرۆش و ئوتوچی و خوێندەواری نامەکانیان بوو.

کە شۆرش هەڵگیرساو پۆلیسەکانی ( دەربەندی رایات) گیران و تفەنگەکانیان کەوتە دەست پێشمەرگە. کە لە قشڵەش (عەریف سەمەد) و (عەریف عە لی) و (عەریف عوسمان ) و (باشچاوش سلێمان) و مشجبە کەیان بردو چە ند بارە تفەنگی ئینگلیزی و کەندی فیشەکانیان بردو رۆیشتن، مام جۆرج سەبر سەبر، ماڵەکەی کۆکردەوە، کرپیارە کانی دە رەواندەوە، تا رۆژێکیان ماڵئاوایی لە ئوتوییەکەو شووشەکان و کۆڵانە کەکرد، کە باریکرد، باری نە کرد، چونکە ماڵەکەی نەبرد، مناڵەکانی برد، هەموو بۆی گریان.

.....

ئەوەی لە دەزگای یوئێن لە ئەنقەرە ترجمەو تحقیقی بۆ هوشیارکرد کوڕی ئە و جۆرجە بوو، ئەندریاس جۆرج بە هوشیاری وتبوو، باوکم زۆر ناوی بە تەسبێحەکەی بۆ دە ژماردین، هەمووی لەبیرمابوو، ناوی باوکی تۆ، ناوی دایکی تۆش لە قلە تەسبێحەکەی ئە ودا هە بوون. ئەوانەی لە و کۆڵانە دا ژیاون کەسایەتی سە یربوون، باوکم بۆ عە رەبەکانی بە یروتی دەگێرایەوە، کە لە بەیروتیش رامانکرد، هاتینە کەنەداش لەوێش ناوی ژنەکان و پیاوەکانی دەگووتەوە.

سەدجار باوکم وتوویەتی:

عەرەق ئە و عە رەقەبوو کە من دە مفرۆشتە گەورە پیاوەکان، ئاغاکان، ئەفسەرە پلەدارەکان، لەبەر ئەو عەرەقە خاوێنە رێزی منیان دە گرت، ئەوان بۆ دە رمان دە هاتنە پێش دە رگای ماڵەکەم، ئەوان بۆ چارە سەری هەموو نەخۆشییەکانیان دەهاتن، بۆ مەستی و ڕە شانەوە نەدەهاتن، دە هاتن چونکە بە پێکەکانی عە رەقە سیحراوییەکەی من هەوستیان هەڵدەستا.

هەموویان خۆیان سوێندیان بۆ باوکم خواردبوو، ئە و شەوانەی دوو پێکەکە دەخۆنەوە، وەک بەرازیان لێدێت، وەک ئەسپ دەپەڕن، یەکێکیان ئاغایەکی زۆردارو دەسەڵاتداریش بوو، بە باوکمی وتبوو:

من بە عارەقەکەی تۆ دەبمە نێرەکەر.!

ئەویش نەدەوێرا گوێ لەو قسەیە بووایە، بۆیە پێیوتووە:

نا نا ئاغا دوور لە تۆ .. تۆ نێرەکەرنیت ..

ئەویش بەپێکەنینەوە وڵامی باوکمی داوەتەوە:

ئەدی خۆ ماکە ریش نیم، شوان و گاوانە کانی گوندە کەمان پێمان فێربن ..!

من کە لەو کۆڵانە داعەرەقم دە فرۆشت کە س بە چاوی سووک تەماشای نەدەکردم، مۆڵەت و دوکان و جامخانە م نەبوو. ئەوانەی دەهاتن، بە دزی و بندیوارو بندیوار نە دەهاتن، سە ربەرزانە دەهاتن، کە س ئاگری بۆ نە دەکردنەوە، کە س بە ژنەکانیان نەدەووت، پیاوە کەت بە عەرەقی مام جۆرجی نە بێت، شە وانە زەوقی هە ڵناستێت، ئەو منالانە ت بە زەوقی عە رەق پە یدابووینە، ئەو رە نگە خۆشەت، ئە و کە زی و بسکت بۆ عە رەقی شە وانە وا لووس لە خەنە دەنێیت.

.....

باوکم لە و بە یروتە گەورەیەدا، کۆڵانیکی وە ک کۆڵانە کەی جارانی نە دۆزیەوە، کە سە پاکەکانی لە و شارە گەورەیەدا نەدۆزیەوە، ژنە بەشەرەفەکانی نەدۆزیەوە، یەکماڵی و یەکخوانی و یەکخۆشی و ناخۆشی لەو شارە گەورەیەدا نەدۆزیەوە.

تا شاری بە یروت و وڵاتی لوبنان ئارام و جوان و کتێبخانە و نووسین و قە ڵەم بوو، ئێمە ش خۆخمان هە بوو، شە وان جریوە ی ئەستێرەکان لە پەنجەرەیان دە داین، دە ریاش بە چارۆگەکان

ماسی ره وانەی کە نارەکان دە کرد، تا لە موزیکلو سە ما نزیک ببنەوە.

ئێمە لە بیروت بوین کە ( شێخ بییر جمیل ) سەرکردەی (کتائیبەکان) لە (عین الرمانە ) لە کەنیسە دەردەهات تە قەی لێکرا، بازنە و حزب و کە سایەتیەکانی ناو شە ڕەکە باشتر دەرکەوتن، کە 27 هاوولاتی فەلەستینی لەناو پاسێکدا لە ( تل الزعتر) بەدەستی کتائیبەکان لە بۆسەیەکدا کوژران، لەو رۆژەوەو ساڵی 1975 تەقەی شەڕەکە لە چەندین قۆلەوە دەستی پێکرد.

مارۆنییەکان و دروزییەکان و کریستیانەکان و شیعەو سونەکان، و سوپای بەهێزی سوریاو چەک و میلیشیا دڕەکەی یاسر عەرەفات و رێکخراوە دەرکراوە فەلەستینەکانی ناو ئوردن و ناو سوریاو ناو لوبنان، دۆڕاوو پاڵە وان و قوربانی شە ڕەکە بوون. شەڕەکە سەرەداوو پلان و ولاتانی زۆری پێوە بەسترابوو، بۆیە لە یەکەم تەقەدا باوکم، بەرنامەی هەڵگرتنی دەریای لە باخەڵ نا، سواری پشتی پاپۆرە شڕەکان بووین، دە ریا زۆر دووری بردین، شە پۆلی شاناز بە باهۆزو لێشاوە کانی زۆری ترساندین، پارە ی زۆرمان بە سەولی بە لەمەکان و دووکە ڵی پاپۆرە کاندا، چە ند دوورگە مان بەسەرکردەوە، لەترسی شەڕ، ئێمە بەردەوام لەسەرشان و پشت و دڵ و گۆزەی سەرشان بووین.

ڕۆیشتین و کۆچ بۆ وڵاتێک، وڵاتێک تێدا خه ڵکەکەی لە دوا ناشتنی تەرمی مردووەکانیان، هەموو بەیەکەوە پیرو گەنجەکان، سیاسییەکان و پیاوانی ئاینییان لە تەنیشت قوربانیەکانی شەڕە دژوارە ناوخۆییەکان بەیەکەوە چەکەکانیان ناشتبێت. لەو عەقلەو لەو وڵاتەدا، کۆنە تۆپەکانیان، لوولە ڕەشەکانیان، بۆ جوانی لە مۆزەخانەکانیان بە ژمارەو بە مێژووەوە دانابێت. کۆچ بۆ وڵاتێک قەڵاتە بەرزەکانی کوشتن و ژێرزە مینە تاریک و پەنچەرە باریک شیشبەندو نە وییەکانیان، بە ندینخانە دیوار ئە ستوورەکانیان کردبیتە بارو مەیخانە.

لەجیاتی زۆرە ملێ و زۆرانبازی بردنە وەو پشت شکاندن و ملشکاندن، شە وانە تا ئە ستێرەکان دە چنەوە ماڵەکانیان و ماچەکان کۆدەکەنەوە، تا لە ڕۆژە درێژەکان سێبووری خۆیان پێ بدەنەوە، هەموویان لە شوێنە تاریکەکان و لە سێبەرەکانی خەوتن و گۆڕە پانەکانی ململانێیان و ماچە کان بفرۆشنەوە، بژمێرنەوە، ئەستێرە بەبارە ماچەوە دەرۆیشتنەوەو بە خوناوی گە رمی پاش سەمای سوتانە وە بەپەلە دەرۆیشتنەوە، تێدا سە ماکەرەکان و شەیدایانی ژووان یەکتری بەسۆزەوە دەسوڕێنن و بەگەرمی باوەش لە یەکتری دەگرن.

کە شەڕەکە لە بەیروت و خواروی لوبنان هە ڵگیرساو، ئێمە سواری دە ریابووین و گە یشتینە دوورگەی ماڵتا، لە و سە فەرەدا باوکم هیچ خەمی بۆ هەوارەکە نەخوارد، باوکم بۆ شە قامەکانی

بەیروت نەگریا، بۆ دووکانە بە هەڕمێنەکەی نەگریا، پارەو بلۆک و جامخانەو سیسەم و دارو بە ردی لە وێ جێهێشتبوو، خە میشی لەوانە نەخوارد. باوکم بۆنی شەڕی دەرکرد، باوکم دەیزانی چەک کۆدەکرێتەوە، هەستی دەکرد شەڕەکە گەرم دەبێت، بۆنی شەڕی دەکرد، بۆیە زوو دیسان بە شەوو بەدەلیلی مانگ و باو ترس و دڵەرواکێ رۆیشتین.

...

ئەندریاس بۆ ( هوشیار) ی گێراوەتەوە کەوا ئەوان لە ماڵتا، لە کۆڵانە باریکانی ڤالێتاو لە سەرکە ناری (سلیمیە)، زۆرجار (نوزاد)ی پلە سێوەی سەرشۆرو گلەسەرفرۆشی حەمامەکەی نزیک خۆیانەوە بینیوە، بەردەوام تابلۆی هونە ری کردە وە، پۆترێتی گەشتیارەکانی کردووە ، بەردەوام هونەرمەندە گەنجەکەی دیوە ، فلچەکەی بووە بەپەنجەی شەشەمی، رەنگەکانی سێوێی دایکی و پوورە نارنجی در اوسێیانی تێدا دە بینرا، تا رۆژێکیان یە کێک بەپەنجە ئیشارەتی بۆ دەکات، پێیدەڵێت:

ئەو هونەرەمەندە ناوی نوزادە، دەڵێ من کوردم .. وابزانم ناوی شارەکەی ئێوەشم لێبیستووە، وا بزانم ..!!!

ئەندریاسی مام جۆرج کە لەو نزیک دە بێتەوە، کە چاوی بۆ تابلۆکەی پێشی نزیک دەکاتەوە، دەبینی، وا نوزاد وێنەی دەرگای ( ئەحمدییە ) ی قەڵاتی هەولێر رەنگ دەکات، وا خەریکە ستارەو

مێردرەوەکانی خانووە کان کە رپووچرێژ دە کات، وا خە ریکە گەرماوەکەی ناوەندەی قەڵات کەسک دەکات، نەرم نەرم فرمێسک و رە نگ و هیوا لە گەڵ هێلەکان کاروانی گە یشتن بە خەونەکەی دەکێشێت.

نوزاد لەسەر کەناری سلیمیەی ماڵتا، رەنگی کردووتە فرمێسک و یادی غوربەت و دوورییەکەی دەکاتە تابلۆ.

( ناپلیۆن ) بەفێل و بۆ ئاو خواردە نەوەیەک، دوورگە کەی گرتبوو، زۆر لەو دوورگە یە وەک داگیرکە ر ماوە تەوە، سوپا گەورەکەی لەو وڵاتە تێر نان و ئاوو شە راب کردبوو، ئەو سوپایە هەرچی شوێنە واری عوسمانیە کان و فاتیمە کانی تێدا مابوو، هەڵوەشاند، ئەو شوێنە واری ئیسلامییە کان لە و دوورگە یە مابوو هەڵوەران و چاکیان نەکردنەوە.

جۆرج و ژنەکەی و کیژەکەی و کورەکەی لە ماڵتا مایەوە، ئەو بۆ نوێژی کە نیسەکان، بۆ خاوێنی دڵە گەورەی کاسۆلیکیەکەیان، لەدەرگایەکی داری گچکە چووە ژوورەوە، لە پەنجەرە بە نەخشەکانەی تە ماشای ئارامی کۆلانە باریکەکەی دە کرد، جۆرج لەو وڵاتە گچکەیە بەدڵخۆشی مایەوە، ئەو دەیووت:

ئەو وڵاتە ئەوندە گچکەیە، ئەگەر ماوە یەکی زۆر بمینێمە وە، رەنگە شێست حە فتا پە رلەمانتارەکەیان یە کەیەکە ناسبکەم، ئەگەر زۆرتر بمینێمە وە هەموویان دە ناسم، سە رژمێریەیان کە مە، زۆری ناوێت هاووڵاتیانی وڵاتێک بناسیت، زوو زانیم ماڵی گە ورە

بەرپرسەكانیان لەسەر كام گردە ، قەشەكانی ئەو دوورگەیە وەک ترێی سەركەنارەكان شیرینن.

جۆرج دەیووت:

بۆیە لەو شارە دەتوانم بژیم، یە كەم میللە تی سامیین زوو تێگەیشتن پیتی لاتینی خوێندە وارییان زۆرتر دە كات، زوو زانیان ئیتالییەكان زۆریان ماندوو كردوون، زۆریان زیندانی كردوون، گەنم و گەنمەشامی و میوەكانیان زۆر خواردوون، بۆیە دەستیان بۆ ئینگلیز درێژكرد، زۆرتر لە 150 ساڵ لەژێر حكومی ئینگلیزە كان مانەوە، شە قامیان بۆ كردنە وە، شوێنە واریان هە ڵگرتنەوە، تونیلیان بۆ بڕین، لەو ماوەیەدا، خوێندەواریان زۆرتر كردن.

جۆرج دەیووت:

من لە و سیلمیە ، لە و رباتە ، لە ڤاڵیتا كۆڵانە كانی خۆمان دەبینمەوە، لێرە سێوەو پوور نازنج و حسكۆو ناسیحە فەندی و كاكلەشەل دەبینمەوە.

جۆرج دەیووت:

جەنگەكانی ئێرە پەڕیوەتەوە لای خۆمان، ئە وان دە ستیان لە شەڕەكان هە ڵگرت و كلیلە كانیان داوە تە دەست بە یروتیەكان، ئەوانیش بە شانازییەوە كلیلەكانیان لە باخەڵ داناوە ، لە مل

کردووە، کارو بەرنامەیان بۆ دڕشت. لێرە ئیتالیاکان رۆیشتوون، لە بەیروت فە لەستینەکان بۆ شە ڕکردن و سوتاندن و غافلکوژی گەیشتنە بەیروت، بە یروتی قە ڵەم و سە ماو کە نیسەکانی کە هەزارەها خوێندکاری بەزانستەوە پێگەیاند، قەشەکانی ئەو وڵاتە سەدان رۆژنامەو رۆمان و شیعرو فە رهەنگیان چاپکرد، ئەوانی تر بەیروتەیان کردە کەلاوەو وشە کانیان لە فەرهەنگە کۆنەکە دەرپەڕاندو لە شارێکی مەستی سەر دەریا کردوویان بە تابلۆیەکی ترسناک.

......

ئەندریاس دووجار لەگەڵ هوشیار لە ئاستنبۆل دیمانەیان بوو، رۆژێکیان فیلمی بەیەکگەیشتنەوەی جۆرجی باوک و نوزادی نیگارکێشی لە ماڵتای بۆ گێرایە وە. لەو دیمانە یە خیراو سەرپێییەدا جۆرج وتبووی:

کوڕم نەوزاد کە من لە هەولێر دەرچووم، کە چوومە بەیروت، دەریاکە بە فرمێسکی من شە پۆلی شێتتربوو، بەئەشکی چاوی من بەردەکانی ماڵتا وا رەنگیان نەماوەو سپی هەڵگەڕاون.

نەوزادیش بە جۆرجی وتبوو:

دیارە منیش سوتان و تە نهاییەکەم بە و تابلۆیانە وە داوە، رازەکانم دە کەمەوە نامەو بۆ کۆلانە کەمانی دە نێرمەوە، بۆ

هاوڕێیەکانمی دەنێرمەوە، بۆ خەباتی دایکم کە بەتەنهاو بێ پیاو ئێمەی گەورەکرد.

جۆرج پێیوتبوو:

کەواتە تۆ لەومەدوا لەبنەوەی تابلۆکاندا بنووسە (نوزاد سێوە).

جاری دووە میش ئە ندریاس بە هوشیاری وتبوو، لە و هە فتەیە ناوت بۆ وڵاتی سوید گە ڕاوەتەوە، لەوێ شوقەیەکی یەک ژووریت لە شارێکی گچکە ی خواررووی سوید بۆ گیراوە ، ناوت گە یشتووتە دەزگای تایبە تی تۆماری نیشتە جێی و تە ندروستی و پۆست و پۆلیس و خوێندنی زمان بۆ پە ناهەندەکان، ناوت لەوێ هەیە، لەو رۆژەوە مووچەت دیارکراوە ، ئە و لایە ن و دە زگایانە دەزانن، تۆ کەی لە فرۆکەخانەی ( ئارلاندە) ی ستۆکهۆلم دادە بەزیت، بە ترێنی کام سەعات و کام رۆژیش دەگەیتە شارەکە.

ئەوەی ئە ندریاس بە هوشیاری گوتبوو، ئە گەرچی بڕوای پێدەکرد، بەڵام وردەکارییەکانی پێ وەرنەدەگیرا، هەموو قسەکانی کە بەهوشیاری راگەیاندبوو، بەپۆست لە سویدەوە بۆیان هاتبوو، هەموو قسەکانیشی راست دەرچوو.

# بەشی حەوتەم

لە ماڵتا هە موو پێویستیە کانی ئاسان دە ستدەکەوت. ماوە ماوەش لە گەڵ مام جۆرج لە سەر کە نارە دوورو درێژە کەی پیاسەیەکیان دە کرد، لە قسەکانی ئە وو یادگارە کانی و باڵی نەورەسەکان و کەڤەرە سپییەکانی ناو زۆرانبازی و دەستلەملانێی شەپۆلەکانیش کە رەستەی بۆ باڵاو چاوو خۆخی تابلۆکانی دەبردەوە، بە ناز بە سەر پە یژەکانی ژوورە گچکەکەی دە کەوت، دەیووت:

من زۆر نامە وێ ئەو دیوارو دە رگاو پەنجەرەکانی ئەو کۆڵانە، ئەو گەڕەکە، هەموو شارەکەش ماندووبکەم، ئەو شارەی لە باڵی تابلۆیەک دەکات، نابێ ماندوو بکرێت.

بە تابلۆکانی دەووت، بۆ چاوی رەنگەکان قسەی دەکرد:

وەرن بگە نە ناو ئە و دیمە نانەی من لە گەڵ مام جۆرج کۆمکردیتەوە، ئێمە بەیەکەوە رۆیشتووینەتە دوورنەی دیمە نە دەنگدارەکان، چاوی ماسیمان دۆزیوە تەوە، گوڵە بەرۆژەمان هێناوەتەوە، ناو لە پمان بوویتە گەڵا مێوی شە رمنی بەنازی سەر پەرژینە ئەستوورە کەڵکەبەردینە نەوییەکان، بێ ئە وەی سواری پشتی پە رژین و بە ژنی جۆگە لە بین، بێ ئە وەی لە تیشکی خۆر ترسمان هەبێ، ئەستێرە نووستوەکانیشمان بەئاگا نەهێناوە.

من هونە رمەندێکی ناسک، ئە ویش وە ک عە رەق مە ییوو رۆیشتووین، خەرمانەمان پێیە، من هە موو ئەوانە دەکەمە تابلۆ. ئەویش لە دوا رۆژەکانی پێش سەفەری بۆ کەندا، زۆر داوی نهێنی بۆ من کردە وە، ئە و دە ترسا لە وێ کە سێ نە دۆزێتەوە، باسی کتێبەکەی خۆی بۆ بکات، دە ترسا نە وەکانی زمانە کەی ئە و فێرنەبن، گوێی بۆ راگرن . دەترسا ئەوان هەستیان، تام لە گۆزەی کۆن و شیرین و فێنکی ئەو وەرنەگرن.

تۆ هەر دەنووسیت، ئاگات لە چایە گەرمەکەی پێشت نامینێت، ئاگات لە بەفری ناو دەریای شەرابت نامینێت، مام جۆرج و نەوزاد دوو سە ربردەو دوو سێبە ریان هە بوو، دە ست و پە نجەکانی مام جۆرج عە رەقی تیژ وە ک تیزاب پە نجەکانی ئە ستوورو شە قار کردبوو، عەرەق تیزابەو جەرگ و لوولەکانی خوێن و دە ماری چاوو دیتن دادەخات.

دەستی نە وزادیش فلچە و گە ڕان بە دوای کە رەستەی تابلۆ ماندووی کردووە، بۆ هێلێک لەسەر دیواری بەدڕکەزەردەو بەکارەبا هەڵشاخاوە، بۆ زانینی رە نگی روومە تێک زۆر لە ماچ قووڵ بوویتەوەو باجی عوسمانی زۆری داوە، ئاغاکان داخیان کردووە، بۆ زانینی بازنە یی و شێوە ی سێوو هە رمێی مە مک، بە بەژنی دارسێدارە چووە.

...

تۆ زوو لە کۆڵ ژیان دە بوویتەوە، دە مردیت و رە نگەکانیش دەبوونە رەنگی قوماش و رە نگی کاشی و رە نگی لێوەکانی پێش ژووانە چاوەڕوانەکان، دە مردی ئە گەر ئامیر سرییە کەت، وە ک ئەوەی داوای جگەرەیەک لێبکات، یان پێت بڵێت، لە پشت سەرت لەسەر یاتاخەکەت، شەکرت هەیە، زەرفی نامەت ماوە، یان پێت بڵێ، وە رە ئەبو خە لیل دە ستێک لە گەڵ ئە بو خە لیلە بگرەو مەنجەڵە گەورەکەی خواردنەکە لەسەر ( ئیڤا ) کە داگرە.

ئەو زۆر بەئاسایی پێیووتی:

کاکە .. تۆ خەڵکی هەولێریت .. وایە.؟؟!

تۆش بە بەڵێ، وڵامت داوەتەوە.

ئەویش دووبارە بەسادەیی، وتوویەتی:

جندی ئیحتیات ( یوسف علی مجید ) دوێنی شەو شەهیدبوو، وتیان برادە رت بوو، خە ڵکی یە ک شارن، تۆ تە رمەکەی بە رەوە، لەگەڵ ئیڤاکەی ئەرزاق دابەزەو لەوێ مۆڵەتیشت بۆ دەکەن و سێ رۆژیش من یارمەتیت دەدەم، تەرمەکە لە نەخۆشخانەیە.

شەو ئەستێرەیەک رژا، یان سەربازێک کوژرا.

سەربازێک کوژرا، یان ناوێک لە ژمارەی وحدەکەو لە ژمارەی مەنجەڵ و سەرژمێری کەم کرایەوە.

...

مردنی مرۆڤێک لە لای ئەوانە، وەک پسانی داوی تە زبێحێکە، شکانی جامی کاتژمێرەکەی دەستیانە، زۆر بەسادەیی ئەو وتبووی:

ئەو کوژرا، تۆش جەنازەکە وەرگرەوە.

ئامیرەکە زۆر بەساردی هەواڵی کوژرانی،

کوڕی دایکێک،

مێردی ژنیک،

باوکی چەند منالێک،

سەری چەند خەونێک،

چاوی چەند دیمەنێکی پێوتبوو.

(تۆش جە ستەیەکی پارچە پارچەکراو ببە رەوە، تۆش لە پێشەوەی سوپە رەکە دانیشەو ئیجازە کەو وە فاتنامەکەت لە گیرفانە، پارەی سێ ژەمی خواردنی رێگاشت دە دەنێ، تۆ دانیشەو تەرمەکەش دە ڕوا، تۆ بگە رێوەو مردووە کەش بۆ ماڵە کەیان ببەرەوە، تە رمەکە بۆ کۆرپە کانی، بۆ ب اوکە چاوەڕوانەکە ببەرەوە).

نەوزادی هونەرمەندی نیگارکێش، لە پێشەوەی ئۆتومبێلێک لە رۆخ شوفێرێکی عە گال لە سەر دانیشێت، لە سەر چە نچییەکەی سەرەوەش جە نازەیەک لە بەر ئازارە کانی خە وی لێناکە وێت، لەبەر نە هاتنی دە ستێکی لە گەڕانەوەی زۆر پە شیمانە، لەترسی نەخۆشییەکەی دایکی بۆ گەڕانەوەکە حەقیەتی کە دوودڵە.

ئەو جە نازەیە بباتەوە کۆڵانێکی گە ڕەکی (موفتی)، بە شوفێرەکە بڵێ:

( یابە ) لەلای یاریگاکە دەستەڕاست بگرە.!

پاش کە مێک لە چوارڕیانەکەی ئیسکان، جە نازەکە رێگاکە دەناسێتەوە، دڵۆپە خوێنێک دە نێریتە ژوورەوەی تاکسییە کە، هێڵێکی راستیان بۆ دە کێشێت، تا دە گەنە پێش مە خفەرەکەی ئیسکان، ئوتومبێلە کە بەسەر شۆستە کە دەکەوێت، پۆلیسە کە بانگی پۆلیسە ئیشگگرەکانی تر دە کات، هەر چواریان هە ندامیان رێکدەخەن، بێرییە ڕەشەکانیان راستدەکەن، لەرێز یەک دەوەستن، بۆ جە نازەکە قیت دە وەستن، تفە نگە سمینۆفەکانیان لە پێش دەموچاویان بەکرِی رادەگرن، سەلاوێکی سەربازیشی بۆ دەکەن، بە تەپەی پۆستاڵی هە ر چوار پۆلیسە کە، مردووە کە بەئاگادێ، مردووەکە وادەزانی بەیانییەو ریشی نەتاشیوەو پۆستاڵەکەی ڕەش نەکردیتەوە، لە ترسی ئامیرە کە خۆی لە ناو سە ندووقەکە دەپەستێتەوە.

نەوزاد دادە بەزێت، پۆلیسە کانیش حالە تی وریابوونە کە دەگۆڕن، بە پشوودان، دە چێتە ژوورەوە، موختاری گە ڕەکەکە بەپەلەپەل، دەگاتە ژوورە شڕەکەی ( مەفەوەزە ) تەختەرەش لە سەرشانەکە.

نه‌وزادو موختارو ره‌فیقێکی حزبی فرقه‌که‌، ته‌رمه‌که ده‌به‌نه‌وه پێش ده‌رگاکه‌، جاری یه‌که‌م به‌هه‌له له‌پێش ماڵێکی تر راده گرن، له ده‌رگای ماڵه‌که ده‌ده‌ن، هه‌موو به فیغان و به گریانه‌وه‌، به سه‌روقژ رووتانه‌وه ده‌ستیان بۆ سه‌ندووقه‌که به‌رزده‌که‌نه‌وه‌، به‌ڵام یوسفی به غه‌در کوژراو، پارچه کانی سه ربازه‌که‌ی ناو سه‌ندووقه‌که‌، ده‌زانی گریانه‌که نووزه‌ی دایکی ئه‌و نییه‌، ده‌زانی ژنه‌که‌ی ئه‌و نییه‌، ده‌زانی له پێش ماڵێکی تر وه‌ستێنراوه‌.

...

ئه‌گه‌ر ئه‌و به ئامیره‌که بڵێت، م ن ناتوانم ئه و جه نازه‌یه ببمه‌وه‌، من وه فاتنامه‌ی که‌س له گیرفانم نانێم، من ناتوانم .. ناکرێ .. ئه‌وه‌یان ناتوانێ بڵێت، چونکه به ترسنۆک ( جبان ) ی له قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن.!

به‌ڵام ده‌کرێ بڵێ ..

من ناخازم به‌ره‌که چۆڵ بکه‌م،

من نامه وێ بگه ڕێمه‌وه‌، ه ێشتا شه ڕه‌که گه‌رمه زۆر ماون به‌کلیله‌وه ره‌وانه‌ی دۆزه خیان بکه ین، مین زۆر ماوه ئێمه بیانته‌قێنینه‌وه‌،

من ئێوه جێناهێلم، یه‌کێکی نه‌خۆش بنێره‌، ناکرێ چونکه له‌و وحده‌یه ته‌نها دوو سێ سه ربازی کورد مابوون . زۆریان یان له خرمشهرو کاروان و بسێتین گیران، یان هاوڕێیه کانیان

جەنازەکانیان بردنە وە، ئە وانی تر زوو لە مۆلەتەکانیان نەدەگەڕانەوە، کورد نەمابوو ..!

باشترین بوارە تا لەو دۆزەخە دەربازت بێت، تازە یوسف کوژرا، خوێنەکەی ئەو، تۆ دەرباز دەکات، ئەوان لە ناردنەوەی جەنازەکە پەلەیان نییە، ماوەیەکی زۆر لە سەلاجە گەورەکانی نەخۆشخانە زۆر جە نازەی نە ناسراوو پارچە پارچەبوو ماوە تەوە، لە گەڵ ژانەکان و برینەکان و ساچمەکان، زەنجیرەکانی ملیشیان نەماوەو ناناسرێنەوە.

بڕۆ، نەوزاد رەنگەکان چاوەڕوانت دەکەن، زۆرت بینیوە، زۆرت تارمایی دووکەڵت ناسی، زۆرت بینی چۆن داری خورما بوونە تە سێدارە، بڕۆ بە کوشتنی ئە و ژی ان بۆ تۆ نووسراوە تەوە، زوو (تحییەیەک) بۆ ئامیرەکەت بکەو بڵێ:

بەڵێ، منماڵەکەیان دەناسم،

من دەزانم ... من کەسوکارەکەی دەناسم..!

بڕۆ ئەو بووە قوربانی تۆ، گوللە تۆپەکەی بەو شەش سەربازە کەوت، شەشی کەسی کوشت یەک کەس دەرباز دەکات، داوی پێت بکەرەوە، وا بە دەستی خۆیان گرێی پێیە کانت دەکەنەوە، خۆیان بەرەسمی فیرار بە تۆ دەکەن.

تۆ باش دە زانی (هۆشمند) لەگەڵ ئێوە بوو، فیراریکرد، گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆیان، وا لە (خۆشناوەتی) پاشایانە دەژی، تۆش بە پیکەبەکەی مامی ئەو، پاش نیوەرۆی یەکەم رۆژی گەڕانەوەت سواری پشتی پیکە بە سوورەکە بە، ئەو دەتباتە ئەو دۆڵە، چەند گوندی ئازادی لێیە، ئەو گوندانە هەموو ماڵێک چەند فیراری تێدایە، زوو دوودڵ مەبە. تەرمەکەو ئیجازەکەو خوێنەکەو یارمەتیەکە لە گیرفان بنێ و برۆ ..!

نەوزاد بە دکتۆرەکەی وتبوو:

(دەکرێ تە ماشای ناسینە وەی ت ەرمەی ئە و شە هیدەمان بکەین..؟ ).

دکتۆرەکەش کوڕێکی گەنجی راستگۆبووە، بە نەوزادی وتبوو:

(ئەبو خەلیل، ئەوانەی لەو چەند زۆرە شەهیدبوون، هیچیان ناناسرێنەوە ..؟ ).

شوفێری تاکسی ژمارە 38 کرێ میسان، لە یەکەم رێستوارنتی پێشیان لە تەنیشت تاکسییە جەنازە لەسەرەکان راوەستا، یەک یەک دوو دوو دەرۆیشتن، دوو دووش دە هاتن، هەموویان بە ئاڵای عیراقی پێچرابوون. ئەو شوفێرانە دەستەیەک بوون بەردەوام لەو رێگایەبوون، جەنازەیان دەبردەوە، شارە گەورەکان، کۆڵانە تەسکە قوڕاویانەکانی (حیانیە) ی بە سرا، دە چوونە ناو ئە هوارەکان، شوفێری هەموو هێلەکانیان هەبوو، شارەزای هەموو شارەکانیان لەگەڵ بوو. یەکێک وتی:

من بە   یەک هە فتە، دە   جەنازەم بردیتە وە. من دە   ماڵم کاولکردووە، من بلدۆزە رم، من جلی رە  ش و دە ریای فرمێسک و پسولەی بێوەژنی و هە تیمی منالان لە و شارانە دابەشدەکەم. من وەستانم نییە، سەرەتا زۆر بۆیان دەگریام، خەمم بۆیان دەخوارد، تا وای لێهات گریانم نە   ما، سۆزم کە متربوو، هێدی هێدی لە  و رێگایە دوورانەدا رادیۆکەشم دەکردەوە، وای لێهات، یەک دوو پێک عەرەقیشم دەخواردەوە، لام بوویتە ئاسایی، بەو کاسبییە دەژیم، جەنازەی نە خۆشخانەکان دە بەمەوە، منیش وە  ک مردووە کانم لێهاتووە، میللە تەکە هەموو بە مردوو و کوژراو دە   ژمێردرێت، ولاتەکە گۆڕستانێکی گەورەیە، خانووە کان وە ک گۆڕی لێهاتووە و دیوارەکانیش بوونەتە کێل.

نەوزاد تەرمەکەی هەڵگوت و گەیشتە گوندی ( زیارەت)، لەوێ چەند رۆژێک  مایەوە، لە  شاخی (هەورێ) ئاودیو بوو، گە یشتە شەڕە گەرمەکانی دیموکرات و پاسداران، لەوێ نەوەستا، لە تاران شەوانە  لە  ترسی مووشە کانی عیراقی هە  راسان ببوو . ئەبو خەلیلێکی  فرقە ی 3 ی فە یلەقی یەکی سوپای عیراقی، گە یشتە ناو ئیران، ترسی ئە  وەشی گە یشتێ، بە ر مووشە کانی حسین و العباس بکەوێت، دەرزێکی زۆر باریکی دۆزییەوە، گەیشتە قوبرس، لەوێش جە نازەکەی لە سەرشان بوو، لە  ویش دووکە ڵی شە ڕو ناکۆکییەکان سێ پێی تابلۆکانی دە   هەژاند، تە مێکی ناشیرین لەسەر ئاسۆ هە  بوو، رە نگەکان روون و دیار نە   بوون، سواری پاپۆرێک بوو لە  دورگەی گچکە ی ماڵتای ناو دە ریای ناوەراست

گیرسایەوە، شەوانی فێنک، رۆژە کانیشی برینی رووت نە بوون، لە ماڵتا دەریا دەستی گرت و فلچە یەکی لە هونەرستانی ئیتالیا بۆ هێنا، رەنگی لە زەیتونستانی گریس بۆ هێنا، چوارچیوەی داری لە دارە ( ئێک ) ەکانی باکووری سوید بۆ هێنا.

ئەبوخەلیلە نیگارکێشەکە ترسی ئینزباتی لە سەرنییەو کەرەستەی تە واوە. بەرۆژ چاوی گە رمی خۆر ژنە کانی بۆ رووت دەکاتەوە، بە یانیەکان چا کێتەکانیان پێداکە نێت، هێدی هێدی شەرمیان لە خۆرەکە دەشکێت، پە رۆکە تەنکە نەرمەکانی سە ر سینەیان بە نەرمی لە تەنیشت خۆیان پێ دادە نێن، ئازاتردە بن، بەنازەوە بەگەرمی بە خۆر دە ڵێن، تیشکە کانت رە وانەی دە رزی مەمکمان بکە، گە رمایمان بۆ کەفەڵ و سمتمان بنێرە ، مە نەتمان بە چاوو گەرما نەماوە، بۆت رووت دەبینەوە.

دە ئازا بە نە وزاد تەرمەکەی سە ر شانت لە سێبەری کەنیسەیەک دانێ، لە ناو گوڵزاری گۆڕە ستانەکانی ئە وان لە تەنیشت پیرە ژنێکی تە مەن سە رووی هە شتا ساڵان، بە ئەمانەت بۆی جێبهێڵە ، با پیرە ژنەکە باسی سە فەرەکانی تایلاندو کوباو سامۆسی یونان ( گریس) ی بۆ بکات، با ئەویش سەفەری جەنازەی خۆی بۆ بگێرێتەوە.

نەوزاد کە شەرمینیەکەی نەمابوو، بە ژنێکی وتبوو:

تۆ تابلۆیەک لە من دەکڕیت، تۆ بە هەمان پارەو هەرزانتریش، من بکرە ، ماڵەکەت بۆ دە کەمە پێشانگا، ژوورەکەت بۆ پە مبە دەکەم، پە نجەرە جوانە گچکەکەی سە رکۆڵانەکەت بۆ بۆیە دەکەمەوە، گوڵەکانت بۆ رەنگ دەکەمەوە، چاوت رەنگ دەکەمەوە، روومەتت رەنگ دەکەمەوە.

راستە من لەناو گۆڕستانەوە هاتوومەتەوە، من مردوویەک خۆی بۆ من بە کوشتنداوەو منی دە ربازکردووە، دیارە رووحی ئە و دەیزانی تۆ تابلۆی من بۆ ژوورە کەت هەڵدەبژێریت، لەبەر نازی تۆیە منی رزگارکردووە، لە شەرمی سێبەرەکەت، منی دەربازکرد.

مردووەکە بە منی وتبوو:

بڕۆ لە کوێ جوانی و ناز هەیە، لەوێ تابلۆ دروست بکە، مانگ و سێوو یاری مناڵان رەنگ بکە.

ئەو منی ناردو خۆشی لە گۆڕستانی (باداوە) زۆر نزیک لە ماڵەکەیان تەنهاو ترساو مایەوە، ئەوەندە لە ماڵەکەیان نزیک بوو بۆنی دایکی دەگەیشتە گۆڕەکەی، تەپەتەپی ساپساپانێ کیژە چاو کەسکەکەی گوێ لێدە بوو، خە وی لێکە وت. کێلەکەی بە رزە دیارەکان، لە دەرزی ستارەی خانووەکانی چواردەورەکەی دەبینرا، شەوانی هاوینە کە، دایکی رووی نوێژە کەی لە کێلەکە دەکرد، مناڵەکانی گەورەبوون و ئێوارانی رۆژانی پێنجشەممەوان نووسینی سەر کێلی باوکیان حنجە دەکردەوە.

لەسەر چەنچەی تاکسی پیاوە عەرەبەکە، شەهیدەکە هاوارو فیغانەکەی ماڵە دراوسێیەکەیانی بێدەنگ کرد، پارچە گۆشتەکانی ناو سەندووقەکە بەشی ئەوەیان کرد، ببێتە پارچە زمانێک، ببێتە لێوێک، ببێتە زارو بڵێت:

نەوزاد، یابە، موختارو پیاوانی مە نەزەمەی حزب، ئەوە ماڵی ئێمە نییە، ئەوە ماڵی هاوسێیەکەمانە، لەگەڵ ئەوانە یەک ماڵین، لەگەڵ ئە وانە سەدان جار خواردنی گە رمی ئێوارانمان گۆڕیوەتەوە، بەڵام تەرم و جەنازەمان نەگۆڕیوەتەوە، چاوو دەست و کە للەسەرمان نە گۆڕیوەتەوە، من مناڵ بووم دایکم منی بۆ سەڵکە پیازێک، بۆ چە قوتیژکەرێک، بۆ خاکە ناسەکەیان... منی ناردووە، زۆرمان لەیەک وەرگرتووە، زۆرمان بۆ یەکتری بردیتەوە، بەڵام مردن و تەرم و پرسە مان بۆ بە ردەرگاو ناو حە وشەکەیان نەبردیتەوە، فرمێسکمان بۆ چاوان، دە ستمان بۆ سینگ کوتان نەبردیتەوە. بەچرپە بە گوێیەکانی نەوزادیشی وتبوو:

نەوزاد، من تازە رۆیشتم، تۆ مەگەڕێوە..

من دەزانم مردن چەند ترسناکە، من تێگە یشتم ساچمەی خاک داگیرکراو، وڵات تاڵانکراو چەند گەرمە،

من دەزانم ئەوانەی ئەلبومی ژنەکانیان لە خرمشهرو قەسری شیرین و نسێبین و خفاجیە و نوسودو گوندو شارۆچکە کانی دزران، چەند تووڕەن، چەند داخدارن. مەگەڕێوە،

من چاوی دایكم دەبینم، من پشتی باوكم دەبینیم،
من دەزانم چەند چاو لەسەر ژنەكەم دەبێت،
من دە زانم ئە و دوو سێ دە قەی پێش گیان دە رچوون هیوای دەربازبوون چەند شیرین و پیرۆزە.!

.....

نەوزاد برۆ (لەتیف فە رەج مە ردان) لە قەرەداخ بدۆزە رەوە، سوێندت بۆی خواردبوو سە ردانی بكەیت، حەقی پێكەنینی بەزمە قۆڕەكانی بدیتەوە ..!! پێش هاتنەكەی بۆ عە سكەری ئەو سێوەی كە لەناو كادینەكەیان شاردبوویەوە، كە گەڕایەوە سێوەكە وەك خۆی مابوو، سێوەكەی خواردبوو، یان رزیو ببوو، كیژەكە سێوی تری بۆ هێنابوو، هە رمێی گە ییووی بۆ ناردبوو، بەیەكەوە سەربانیان گێرابوو، كیژە كە شووی پێكردووە ...؟! برۆ سە ردانی بكە ، تۆ شەوانە تا درە نگ بە سەرهاتە نامۆو سە یرەكانت پێ دووبارە دەكردەوە، تە نكەیەكت بۆ دادە نا، بە ردێكت بۆ دادە نا، پێدە ووت، دەی ( لەتۆ ) لاساییمان بۆ بكە رەوە چۆن بەردەوام دە چوویتە گژ ماكەرەكەتان، چۆن بۆت رادە وەستا، تا زە وقت بۆی هە ڵبستێت، كلكیت لە ناو شە رواڵەكەت دە نا، دوایی كلكە كەت لە سەر شانی خۆت دادەنا...!

چۆن بازە نێرەكەت لە بێچووەییەوە گەورەكردو هۆگری خۆت كردبوو، چۆن لەناو هەموو كۆنە لەودەو كادین و بندیوارەكان فاقت

بۆ دادەنانەوەو مشکت بۆ دە گرت، دوو مە تر زە ویت بۆ دە کۆڵی و کرم و زیندەوەرت بۆی دەردەهێنا، بەیانیان ماڵ بە ماڵ سەرت لە فاقە یەک چاوە کان و دوو و سێ چاوە کانت دە دا، تا بزانی بۆ بازەکەت مشکیان بۆ گرتووە، خزمەتی بازەکەت کرد، گۆشتت زۆر دەرخواردا، تا بازەکە بووە فڕۆکەو چاودێری ئاسمانی قەرەداخی بۆ دەکردی، ئێوارانیش دەهاتەوە، کەروێشک و مامزو کەوو پاساری ساغی بۆ دەهێنایەوە. با لەتیف بۆت بگێڕێتەوە، بزانە شێخەکە بازەکەی لەو وە رگرتبوو بازە کەی وە ک ئە و چاودێری و خزمە ت کردبوو، یان پاش لە تیف بازە کە نەهاتووتەوە کۆشکە گەورەکەی شێخەکەیان.

ئەو دە یووت بازە کەی من لە شاخی حە مرینەوە بە بێچوویی هێنابووم، کە هێنام، دوو باڵی گچکە و دە نووکێکی لاوازو سینگی وەک سینگی کەوێک دەبوو، من کردمە فرۆکە، من ئەو تەیرەم کردە تەیرخۆر، پیاوخۆر، سەگخۆر، ئەو ئاژەلی مرداری نەدەخوارد، ئەو بە دەست و دە ندووک و باڵە کانی ئازابوو، سینگی بە قەد سینگی من پان دە بوو، باڵەکانی وەک دە ستی من درێژببوون . کە بەرەڵام دەکرد، بێ نێچیر نە دەهاتەوە، تێنووی نە دەبوو، هە ستی بەبرسیەتی نەدەکرد، تووڕە ش نەبوو. ساڵ بە ساڵ کە پەڕەکانی دەوەرین پەڕی جوانتری لێدەهاتەوە، پەڕەمووچەکان درێژو رەنگین و بە هێزبوون، رە نگەکانی لە ئاسمانەوە بەبێ باران کۆڵکەزێڕینەی لە ئاسمانی گوندەکەمان و لوتکەو دۆندی شاخەکان

دەنوواند، بە باران نە دەکەوت، گە ردەلوول نە یدەبرد، زریان نەیدەشێواند.

.....

هەر ئەو رۆژە هێشتا بۆنی خوێن و مردنت لێدە هات، بڕیاریدا نەچێتەوەو لە ماوەی مۆلە تەکەی کە س نە بینێت، نە چێتەوە ماڵەوە. کە جەنازەکەت رادە ستی ماڵە کەکردەوە، بۆ بردنە وەی جەنازەیەکی نە خۆشخانەی سە ربازی هە ولێر بۆ عمارە ، شوفێرەکەت بەرێکرد.

شوفێرەکەش لە و هێلە وەستانی نە بوو، جە نازەکانی نەخۆشخانەی عیمارە ی سە ربازییان دە گەیاندەوە شارەکانی هەولێرو کە رکووک و سلێمانی و موسل و .. لە نەخۆشخانە سەربازییەکانی هە ولێرو سلێمانیش جە نازەکانی پێنجوین و گردمندیل و حاجی ئۆمە رانی دە گەیاندەوە شارەکانی خوارووی عیراق.

ئەو بە یانیان و بە فێنکی لە پێش نە خۆشخانەکانەوە دەردەچوو، تا بە دەوامی مە خفەری پۆلیسی گە ڕەکی کوژراوە کە رابگات، بە خێرایی سە رووی سە دو بیست کیلۆمە تر لە یەک سەعاتدا دە رۆیشت، بە ردەوام پیادە و نە فەرەکانی ناو ئوتومبێلەکانی پێش و پاش خۆی، سڵاویان لە جەنازەکان دەکرد، بەڵام جەنازەکان لەمێژبوو خەوی قوولیان لێکەوتبوو، سڵاوەکانیان

پێوەرنەدەگیراوە، لەبەر ژانەکانیان، لە ترسی باوکە پیرەکانیان، دایکە داماوەکانیان، منداڵەکانیان ... خەوی قوولیان لێکەوتبوو..!

نەوزاد نەگەڕایەوە ماڵی خۆیان، سە ری لە دایکی نە دا، تا کەس لە کۆڵانەکەی خۆیان نەیبینێت، شەوەکەی لە ماڵی خزمێکی مایەوەو دایکی سە ردانی کرد، بە یانی دە ستەیەک جل و پێڵاوو جەمەدانیان بۆ بردو نیوە ڕۆیەکەی لە تەنیشت مزگە وتەکەی (سەید غە ریب) لە گەڕەکی (سێتاقان)، خۆی بە مامی هۆشمند ناساندو لەگەڵ گوندیەکان سواری پشتەوەی پیکەبە سوورەکەبوو، ئەو پیکەبە شڕەی، نامەو نانی دەگەیاند، تاکە هۆکاری پەیوەندی بوو، هێڵی ئاسایی و هایویی و کەنداوی نێوان دوو مەملەکەت بوو.

...

نەوزاد لە و ڕۆژە ی مردووە کە ئامۆژگاری کرد، لە و دە مەی فرمێسکی چاوا نی دایکی مردووە کەی بینی، کە زانی ژمارە ی ئە و تاکسییانەی کوژراوە کانی ئە و شە ڕە دەگوازنەوە چەند زۆرن، سەلاجەکانی سەربازە کوژراوەکان چەند گەورەن، چەند دەرگایان هەیە، دکتۆرە کان و ناونووسە کان چە ند سە رقاڵن، کە زانی دۆسیەکان قەبەو گەورەن، شەهیدە بێناوەکان، کوژراوەکان ناکرێ ژمارەیان بزاندرێت.

لەو ڕۆژەوە نەوزاد بڕیاریدا، لەسەر پشتی پیکەبە سوورەکەی مامی هۆشمند، ببێتە (ماجلان) ی ئە سپانی، ئە و دە ریاوانەی

بەتاوانی دزی لە کۆشکی پاشایەتی وڵاتی پرتگال دەرکراوو لە کۆشکی پاشایەتی ئەسپانی، گیرسایەوە. ئەو بڕیاریدا لە تۆڵەی بوختانەکەی بۆیان هەڵبەستابوو، دونیایەکی تر بدۆزێتەوە.

نەوزاد بریاریدا لە ئەبو خەلیلێکی ترساو، لە هونەرمەندێکی رانراو، بەدوای کیشوەرێکی تر بگەڕێت، تا لە رەبیەکی تەسکی نەوی تاریکی سەرسنوور نەکوژرێت، بە پشتی پیکە بە کۆنەکە، بەرەو ژیان لە و دونیا گەورەی سەر نەخشەکان بڕوات، بێ ناونیشان بڕوات، وەک چۆن ئەو بە چوارکەشتی و چەند پاڵەوانێکی ناو دەریا بە ڕێکەوت و خڕی گوێزەوی سەلماند، دونیای ترو ئاینی ترو رەنگی ترو شیرو تیرو ئاکاری نوێی دۆزیەوە، لە تەنگەیەکی سەختی ساردی ناو کیشوەری نەدۆزراوەدا، دەریاچەو کەنارو رووبارو گۆم و دەریاچەو بەردەڵانی بڕی، بە تەنگەی مردن، لە ناو ئاگری گەشی هیندە سوورەکانی سەرگردەکان، بواری مردنی بڕی، پاش ئەو کاروانە ترسناکە رێگاکەی کردە بواری هەزارەها پاپۆری گەورەی بازرگانی.

ئەو لە ساڵی 1519 بۆ دۆزینەوی بهارات و سامانی رووەکی ئەو دوورگانەی درێژبووی ناو ئوقیانووسی ئەتلەسی بڕی، کە لە بوارە تەسکەکەدا توانی دەربازی بێت، لە بەر شایستەی ئەوو نەخشەکەی ناویان لە تەنگەکە ناو تەنگەی ماجلان.

چاوی ماجلان ئوقیانوسێکی ئارام و هێمنی بینی، لە بەر یەکەم دیتن و ماچی گەیشتنیان بە ئاوێکی بێسنووری تر، ناویان

لە ئوقیانووسەکە نا، ئوقیانوسی ئارام. ماجلان بۆ ئەسپانیەکان تا شکانیان لە شەڕەکەی ساڵی 1898 بە رووی ئە مریکییەکان، چەندین مەملەکەت و نەتەوەو ئاین و سەرمایەو مێژووی دۆزیەوە، ئاینی کریستیانی دوورتر برد، زمانی ئە سپانی گەیاندە ناو ئاوو دوورگەکان.

...

نەوزاد زانی ئەو پیکەبە سوورە دەیپەرێنێتەوە، زوو پیرە ژنێک پێیوتبوو:

کوڕم مە ترسێ، من لە سەیتەرەکەی (دەربەندی کۆمسپان )، دەڵێم ئەوە کوڕمە، مەترسێ.!

پیاوێکیش دە یزانی، دە بێ بڵێ ئە و کوڕە گەنجە خەڵکی گوندییە، بۆیە ئەویش وتبووی:

من دەڵێم برازامە ..!

لەناو پیکە بەکەو لە سەر تایە گەورەکەی ناو بۆدییە کە دانیشت، باری پیکە بەکەو گیرفانی گە ورەو قووڵە کانی کورتە کی ژنەکان و باخە ڵی پیاوە کان، پۆست و زە خیرەو دە رمان و پارە و سڵاوو هیوای تێدابوو.

پیکەبەکە لە سێتاقانی هەولێرەوە نەفەرێکی گەیاندە وەرتێ و بناری قە ندیل و تاران، لە وێشەوە نەفەرەکەی پشتی پیکە بە سوورەکە گەیشتە مالتا، گە یشتە پۆلۆنیا، لە گەڵ خوێندکارە کوردەکان، بە ناو دارستانە کانی سە رسنووری پۆلۆنیا ـ ئە لمانیا

گەیشتە ناو خاکی ئە لمانیا لە  شاری (لایبزیک)، سواری ترێنی ئاپوورەی ئەلمانی بوو، پیکەبەکە نەوزادی بێ پاسپۆرت و بێ ڤیزا گەیاندە سوید.

ئەو پیکەبە چۆن ناگاتە مالتا، چۆن سەربازی فیرار ناگەێنێتە پۆلۆنیا، هەر ئەو پیکەبە تاقانە نەبوو، بەیانیان زوو چەند قوونکە فەردەی هە ڵدەگرت، نامە ی مە ڵبەندو هە رێم دە هێنا، تفە نگی شکاوی  بۆ چاککردنە وە  دەهێنا، هە ڕەشەی توندی دە  گەیاندە موختارەکانی سە  یداوەو تە  یراوەو خانقاە  .  نامەی یارمە  تی دەگەیاندە  دەوڵەمەندەکان، بریندار‌ی دە هێنایەوە  شار، هە ر ئە و پیکەبە، بووکی بۆ زاوا دە   برد، حە سیری بۆ کە  پرەکان دە هێنا، بنزینیشی بۆ ئە و چە ند ئوتومبێلانە  دابیندەکرد، کە  بۆیان نەبوو لە دەربەندەکە بپەڕنەوە.

ماجلان پیاوێکی ریشداری سە ر زلی چە ناگە  باریکی شەلەبوو، لە  وڵاتەکەی دە رکرابوو، بە ئازایەتی خۆی یە کەم کە س بوو لە ئوقیانوسی ئە تلەسی پە ڕییەوەو ئوقیانوسێکی هێمن و مە   ندی دۆزییەوە. پاش چوار سە  دە  لە  مێژوو و شە  ڕو دروستبوون و بەهێزبوونی ئە مریکاو سە رهەڵدانی پرۆتستانیە ت و دۆزینە  وەی هەڵم و کاملبوونی هۆشی مرۆڤ، بە  رێگاکەی ئەو، بە  شوێنەواری ناو ئاوە  کەی ئە  و،  (کەنالی بە  نەما)  یان هە  ڵکۆلی، کە فەرەنسیەکان ویستیان ئە    و پرۆژە  یە  بکەن، بۆیان نە  کرا، ئەمریکییەکان بیرۆکە  کەیان لە       فەرەنسییەکان کڕییوە   ،

بەگەورەترین پرۆژە و نە خشەی ئە ندازیاری لە هەموو جیهان دەناسرا، شوێنە وارەکەی ماجلانیان کردە وە، بوارێکی ئاوی زۆر گرینگ، ڕێگای نێوان خۆرهە ڵات و خۆرئاوای ئە مریکای زۆر کورتکردووە، بە هەشتا کیلۆمە تری بوارو کە نال جیهانیان بەیەکەوە بەستایەوە.

پیکەبەکەی مام باپیریش دوو کیشوە رو دوو جیهان و دوو بەرنامەی بە یەک دە گەیاند، کوڕانی بۆ شۆرشی نوێ دە هێنا، بووکی بۆ زاواکان بەبۆن و تاس و لووسەوە دەهێنا، بەیانیان کالای ئاشکراو نهێنی تایبە تی دە بردو ئێواران کالای زۆر نهێنیترو زۆر تایبەتی تری دەگەیاند.

....

ئەو بە یەکەم ئیشارە تی سە ربازە شەهیدەکە تێگەیشت، لە پیرۆزی و باندۆری مردنە کە زانی گە ڕانەوەی بۆ وە حدەکەی ترسناکە، مردنی مسۆگەری لە پێشە، ئەو لە قسەو ئامۆژگای ئەو دەرنەچوو، بۆیە بە گەشتێکی تراژیدی و هونە ری و خۆش و گەریدەیی، لەکاروانێکی درێژ بەشیرینی و بەتاڵی، گەیشتە وڵاتی سوید.

بەڵام هوشیار بە ئامۆژگارییەکانی ئیسماعیل ژنانی و فیرارەکەی لای پەروینی هاوسەری نەکرد، ئەو شەوەکەی لە پێکی دووەمیەوە، دابە زیبووە سەری، نمونە ی زۆری بۆ باسکردبوو، پێیوتبوو:

ئەمجارە دوا جارتە هاتوویتەوە، مەگەرێیوە، خەڵک شاخ و شۆرش و میللەتی لەپشت بێ، چۆن لە و شەڕەدا خۆی بە کوشتن دەدا، پێش تۆو بۆ منیش دە زگایەکی ساز هە یە، بۆ پاراستنمان کاریکردووە، با بچینە بن ئەو خیوەتە، بەشداریش نەبین، دەکرێ لەبەر ئەوانەوە ژیانمان بپارێزین.!

جەنازەکەی یوسف و شیوەنی پێشوازییەکەو سەربردەی شوفێری تاکسییەکەو مۆلە تە دە رۆژییەکەی، نە وزادی هە ژاند، زۆر بەخێرایی بڕیاریدا، بە پشتی پیکەبەکە لە هەولێر بڕوات، دوور بکەوێتەوەو بڕوات و تا دوازدە ساڵ نەگەڕێتەوە.

ئەو چە ند مانگە ی نە وزاد سە ربازی لاسلکی بوو، بە ردەوام راکالەکەی پشتی و پاترییە گرانەکان، مۆرسی مردنیان بۆ دەهێنا، مردن لە تەنیشتی بوو، لە ناو لەپی بوو، دە یگرت و هە ستیشی پێدەکرد، لەناو رەبیەکەیان مردن سەری لێدەدان، دەستی یەکێکی دەبرد، چاوی نائیب عە ریفێکی دەبرد، قاچێکی دەپەراند، مردووی زیندووبوون، ئەوەی بیریان لێنە دەکردەوە، ژیان بوو، بە رنامەیان نەمابوو، هەرگیز باسی بەیانیان نەدەکرد.

ئێوارەکە گەیشتە گوندەکە، پیکە بەکە وەک هە ڵۆ لە پێش هەیوانەکە هەڵنیشت، وەک ئەسپێ هەردوو تایە کۆنەکانی لەسەر تیشەبەردێک گیربوو و وە ستا. هێشتا تۆزەکەی مابوو، نە فەرەکان بەپەلە دابەزین، بەڵام ئەو بۆ چی پەلە بکات، دەستێکی لە شان و

شەرواڵە نوێیەکەی وەشاند، تۆزی شارو سەربازی و ڕێگاکەو ترسی سەیتەرەکانی لە خۆی داوەشاند، دوا نەفەری شەرمن لە سەر تایە گەورەکەی ناو بۆدییە کە هەڵسایەوە، تەماشایەکی گوندییەکانی کرد، چواردە ورەی خۆی پشکنی، کە سیان چاوە روانی ئە ویان نەدەکرد، ئە ویش میوانی کە سیان نە بوو، هیچی بۆ کە سیان نەهێنابوو، خۆی بۆ ئەوان هێنابوو.

هۆشمندیان لەناو ئەسپیندارەکانی نزیک گوندی هێنایەوە، لەدوورەوە بە رانکوچۆغەیەکی سووری کۆن و پشدینە شلەکەی دەرکەوت، نووکی باریکی خە نجەرە باریکەکەی بە دۆخینەکەی راگرتبوو، کراسە کەی بە ری بە دوو قۆچپە ی گچکە کەی ورگە زلەکەی دانە پۆشیبوو، لە بەشە دڕاوەکەی فانیکە سپییەکەشی مووە ڕەشەکان سەریان دەرهێنابوو.

ئەو هێشتا زۆری مابوو بگاتە لای نەوزادی میوانی، بە دەنگە گەورەکەی لە دوورەوە دەیووت، یاخوا مامۆستا بە خێربێت، زۆر بەخێربێت، زانیم هە ر فیرار دە کەیت ..! هۆشمند زۆر بە گەرمی وەریگرتەوە. چوونە بن کەپرەکەیان زوو بە (ژیان) ی هاوسەری وت، ئە وە مامۆستا نە وزادە، ئە وەی بە ردەوام ناوم دە هێنا، نامەکانی بۆ دەناردی ئەو مامۆستایە بۆی دەنووسیم.

هۆشمند زە رفێکی شڕی پۆستە و کاغە زێکی هێڵداری تە نکی نامەنووسینی بۆ نەوزاد هێنابوو، ئەو پیاوە گەورەیە بەشەرمەوە، وتبووی:

# 206- شێرزاد هەینی

مامۆستا تەماشای قەڵافەتم مەکە، وا سووتاوم، وا برژاوم، لە کوونە کەپوومەوە دووکەڵ دێتە دەرێ، من وە ک لوولە ی تۆپە مەیدانییەکان سوور دە بوومەتەوە، نامە یەکەم بۆ بنووسە ، بۆ هەموویان سوتاوم، شەرمی ناوێ بۆ ژیان وە ک ئەو شەڕە گەرمم، وەک ئەو راکالەی سەرشانت نووزەم دێ.

نەوزاد کاغەزە تەنکەکەی دەق دەکردەوەو دەیدایەوە دەستی، لەناو جانتایە کەی کە لەترسی مشکی زۆری ناو رە بیەکە، زەنجیرەکە زۆر باش توندکردبوو، دە فتەرێکی لاپە رە گەورەی ئەستووری دە ردەهێنا، قە ڵەمە شیفەرەکەی بۆ نامە کەی مشت مەرەکەب دە کرد، نووکە کەی بە لچکی ژوورە وەی کراسە سەربازییەکەی بەری وشک دەکردەوە، دەفتەرەکەی لەسەر چۆکی دادەنا، بە رووبەکی خۆشەوە بە هۆشمندی وتبوو:

(دەی شێتی ژنە کەت، لە هەموو گوندە کانی ئێوە بزانن، کورێکیان وا بۆ ژنە کەی سووتاوە ، لە قەیدا نازناوە کەت ڕەشدەکەنەوە، بڵێ تۆ سە بر سە بر سوتانە کەتم بۆ بڵێ .. منیش بۆت دەکەمە نامە، باشە ئێوە لە شاربوون و نەچوویتە بەرخوێندن و ژنە ئامۆزاکەت لەناو ئەو شاخ و داخە سەرەتایی تەواوکردووە).

ئەو نەرم نەرم دەیووت:

مامۆستا بنووسە، ژیان ..! لێرە تۆی ژیان و ژیانی هە ناسەو کەرامەتی لێ نییە،

لێرە بەس من دە زانم چەند دوورم، ئەوانە چەند زالمن، چۆن دەزانن من و تۆیان ئەوەندە دوورخستوتەوە.

بۆم بنووسە من جاران چەند لەو نزیک بووم ئەوەندەش لێرە لە مردن نزیکم،

مامۆستا بۆم بنووسە ..

ئەوانەی لەو شەڕەدا بەکوشتنیان دەدەن، هەموویان لە ماڵەوە ژیانێکیان جێهێشتووە، هەموویان ژیان چاوەروانیان دەکات.

مامۆستا بۆم بنوسە، لەیەکەم دەرفەت فیرار دەکەم، بەڵام من شارەزانیم، دە شتەکە بەرەڵایە، زمانەکەیان باش نازانم، لێرە یەک هیوام بە ژیان ماوە، بەڵام مل لە و دە شتە بنێم، زەحمەتە بگەمەوە خۆشناوەتی.

شەوانە ( ژیان) و ژنانەکانی ماڵی باوکی لەو گوندە نانیان بۆ پێشمەرگە دەکرد، گوندە کەو ما ڵەکەیان سە رەرێگای فیرارە کان بوو، یە کەم گوندی ئازادی پاش دە ربەندەکەبوو، زۆریان بە ر ماڵەکەی ئە وان دە کەوتن، دە خەوتن و دە یانخوارد، کوڕە کەی ئەوانیش، زاوایە کیان، لە ناو رە بیەیەکی سە ر رووباری (کرخە)، ژەهراوی ماری دە رخوارد دە دەن، بە یەک تۆپ دە ستەیەکیان دەکوژرێت، لە هەر کە مینێک ژمارە یەکیان ناگە ڕێتەوە، زۆریان دەمرن، دە گیرێن، لە ناودەچن، بە تۆمەتی خائین گوللە باران دەکرێن، بە ...

نەوزاد بە و نامانە تێگەیشت هۆشمە ند چە ند ژیانی خۆشدەوێت، بۆیە ش یە کەم سە ربازی کوردی لیوایە کەیان بوو لەیەکەم مۆلە تا نە هاتەوە، بە تانیەکەی دابوو نە وزاد، کەرەستەکانی بەسەر کوردەکان دابەشکردبوو.

شەوەکەی خە وی لێنە کەوتبوو، دە ترسا مۆلە تەکەیان راوەستێت، هێرشێک بکرێت، گۆڕانێک، گواستنە وەیەک رووبدات، نمونەی م ۆلەتەکە بۆ ئە و کلیلی دە ربازبوون و راکردنی سەربەستانەبوو، بەو کلیلە دەگاتەوە ژیان، بەو مۆلەتە رێ و ورە بۆ سە ربازە کوردەکانی تریش ئاسان دە کات، ئە وانیش لە مۆلەتەکانیان نەگەڕێنەوە، ئەوانیش چاو لە هۆشمند بکەن.

سەربازە شیعەکان زۆر دەیانووت:

ئێمە رەوشی ناوچەکەتان دەزانین.! دەزانین، لەپشت سنووری شارەکانتان بە عس دە سەڵاتی نییە ، موختارە کان ناوێرێن بێنە سەر ماڵەکانتان، رەفیق حزبیەکان تەنها بەرۆژ دەگەڕێن، بەشەو سڕدەبن، بۆچی خۆتان بەکوشتن دەدەن، بۆچی فیرار ناکەن..!

ئەو رۆژەی ژیانی نوێ بۆ هۆشمند نووسرایەوە، ساماڵێکی جوان بوو، ئاسمان دووکە ڵی رۆژانی رابردووی بۆ دوور رە وانکردبوو، ئاسۆی پێشیان، بە ناز دە لەریەوە، دووربە دووریش باڵندە و پەلەوەریش باڵیان کرابۆوە ، سە ربازەکان تا ناوقە دیان لە ناو رەبیەکانەوە دیاربوون، هە ندێکیان لە گەڵ هۆشمند چاوە ڕوانی هاتنی بە ریدی فە وجیان دە کرد، تا مۆلە تەکانیان بە سەر

دابەشبکەن، بە ئیڤاکەش بۆ پشتە وەی بە رەکە بەڕێبکەون، لەوێشەوە لە پشتەوەی ئیڤاکانی بۆ عمارە سواربن، کە پێش نیوەرۆیەکان رۆژانە ئەو ئیڤایانە بۆ نەخۆشخانەو دەرمان هێنان و ناردنەوەی جەنازەو بریندار بەرێکردن و هێنانی کەرەستەکانی مەتبەخ و فیتەری دەچوون.

پێش ئە وەی ئیڤاکە نزیک ببێتە وە، رێگاو بوارێکیان بە ناو ساترو بەرزەخۆڵێک خەرەندێکی داپۆشراویان بۆ س ازکردبوو، بە و بوارە تەسکە خۆڵاوییە ئیڤاکە بەسەلامەتی دە گەیشت، بە لام هێشتا سە ربازە مۆلەتپێدراوەکان، دڵنیانە بوون کە بەریدەکە نمونەکانی ئە وانی پێیە ، هە ر دە ترسان لە وەی یە ک هە فتە لە مردن و بە دیلگیران و دۆزە خی شە ڕەکە رزگاریان نەبێت، دەترسان، بە ریدەکە مەرگ و هێرش و هوشیارکردنە وەو هەڕەشەبێت. لەو دە مانەدا تە نها ئە و سە ربازانی دە چوونەوە ماڵەوە، ئە وانەی دە چوونەوە شارو ئاوە دانی و ژیان بە دەرەوەبوون، ئەوانیتر لەگەڵ گووشە خۆڵەکان بۆنی تاڵی خۆڵیان گوتبوو، لە بەر بۆنی پیسایی خۆیان و جە نازەی ئیرانیە کانی پێشەوەیان، روویان نەبوو لەو ساماڵە جوانە سەریان دەربهێنن.

....

ئەو شەوە لەو گوندە مایەوە، شەوێکیتر لە گوندێکی تر، لە بن ساباتێکیتر، زۆری گوێ راگرت، چە ند دووردە کەتەوە، لە رەبیەکانی عەسکەری دوورتر دەکەوتەوە، بەڵام هەستی بەئارامی

نەدەکرد، هەر دوور دەڕۆیشت، زۆر ڕۆیشت، چەند سنووری بڕی، تا گەیشتە سوید.

تەرمی یوسف، خۆشە ویستی هۆشمە ندو ژیان، ساباتی فیرارەکانی دۆڵی خۆشناوە تی، شە وە پەمبەکانی ماڵتاو بیرەوەرییەکانی مام جۆرج و سوتانە کانی خۆی بۆ ژنە کانی سەر کەنارەکان و ..... بۆ ئەوانەو دیمەنە تاریکەکانی هەموو تەمەنی تابلۆی هونە ری دروستکرد، هە موو رە نگەکانی بە کارهێنا، هێلی کردە رەنگ، رەنگی کردە هێلەکان، چاوەکانی بەگەورەیی کردەوە، روومەتەکانی بۆ ماچ و ژووان دە نارد، هە موو تابلۆکانی لە یەکەمین پێشانگای تایبە تی خۆی بە ناوی ( ژیان) لە هۆلێکی شایستە لە ( گەملە ستاند) ی سە نتەری ستۆکهۆلم لە گەڵ تاکە بیرەوەری، کە لەگەڵ خۆی لە و کاروانە درێژەدا نە یفەوتاندبوو نمایشکرد.

هوشیاریش بە ئاسانی لە سوید بوخچە کەی کردە وە، لە یەکەم داخوازی و دیتن و بیستن و داواکاری لە گەڵ (سازگار) دا بوونە هاوسەر. لەو پرۆسەیەدا زاراوەی نوێ فێربوو، لە و هەوارەدا ژنی ناسی، لەو شارەدا بەسەری سپی منالێکیان بوو و ناویان نا (هیوا).

ستۆکهۆلم 2008

## 212- شێرزاد هەینی



نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

- لە 1955 لە شاری دێرینی ( هەولێر ) لەدایکبوویمە.
- ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.
- تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.
- لە ساڵی 1998 ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.

چاپکراوەکانی نووسەر:

- لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی ( هەولێر ) م بە قەبارەی 365 لاپەرە ئامادەو چاپکرد.
- هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی"هەولێر"م دەرکرد.
- کەلاوە ..1991 ریپۆرتاژ / بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.

- دیوەخانی فلیَن ... رۆژانەو ریپۆرتاژە / لە 1999 لە رۆژنامەی "ئالای ئازادی " زەحمەتلیَشان لە دە ئەلقەی دریَژ بلاَوکرایەوە.
- هەولیَر .. تا دبلن ! 2000 ریپۆرتاژ / زانکۆی ئازادی بەرلین.
- بەغدا .. بۆ هەولیَر ! .. 2000 ریپۆرتاژ / سویدو سلیَمانی.
- مەملەکەتی فارگۆنەکان... 2001 ریپۆرتاژ / سلیَمانی.
- کاکە ئەبو ئیسماعیل .... 2001 سلێمانی.
- بەسەرهاتی دەریاوانیَکی خنکاو .. 2001 رۆمانی گابریل مارکیز، لەژمارە 25 ی گۆڤاری " ئاییندە " ی سلیَمانی بلاَوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
- دە رۆژەکەی هەولیَرم .. ( 11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولیَرو رۆژنامەی ( کورد ) لە ئوسترالیا بلاَوکرایەوە.
- ریَگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا ، وەرگیَران. هەولیَر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.
- سارد، یان گەرم .. (12) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی ( هەواڵ) ی سلیَمانی لە یولیو 2001 ـ ینایری 2002 بلاَوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.
- فارگۆنەکان..... ریپۆرتاژو بیرە وەرییە لە دەزگای بدرخان لەهەولێر 2005 بڵاوکرایەوە.
- مەملەکەتی کەلاوە ... وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.

- کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر 2007 .
- هولۆکۆست کتێبێکە لەسەر قرکردنی جولە کە لە ئەوروپا، وەرگێران سەنتەری نما هەولێر 2007.
- دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ هەولێر دەزگای ئاراس 2008
- مارتن لۆسەر.. وەرگێران و ئامادە کردن، بە شێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008
- سێکس و پۆلیتیک ... دەزگای سەردەم 2008
- بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراک، روایال، سارکۆز ی ..خانەی وەرگێڕان سلێمانی

955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس .. سەنتەری نما 2009

_مۆساد .. وەرگێڕان کتێبخانەی ئاودێر 2009

_دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ کتێبخانەی ئاودێر 2009
- مەجبوور سەربردەو ریپۆرتاژ ە... بەڕێوەرایەتی رۆشنبیری سلیمانی
- ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات... دەزگای موکریانی
_ من جاسووسم نیم، من رۆژنامە نووسم.. خانەی وە رگێڕان سلێمانی
_نهێنییەکانی سە ندووقە رەشەکە.. کتێبی گیرفان وە زارەتی رۆشنبیری 2009

ئامادەی چاپ:

- هەتان... چەند وتاریکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە سالّی 1988 ەوە ئامادەیە.

_دەسەڵاتی دوو ژن وەرگێڕان

_پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان وەرگێڕان

- جیهان لە دیدی کۆشنێر ... وەرگێڕان

برادەرە جوانەکە ... وەرگێڕان

- بەهەشتی زیندان .. وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دە ینووسم، ئێستاش گۆشە ی (برێڤ) لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دە رەوەی وڵات بڵاودەکاتەوە.